# پرۆژەی (100) نامیلکەی فەلسەفی

## دەزگای ئایدیا بۆ فکرو لێکۆڵینەوە


سەرپەرشتیاری پرۆژە

ئەنوەر حسێن (بازگر)

ستافی پرۆژە:

د.لوقمان رەئوف - سابیر عەبدوڵڵا - سەروەت تۆفیق - ئارام مەحمود

باوان عومەر - سەرهەنگ عەبدولرەحمان - زریان محەمەد



2015

بەرگی دووەم

IDEA FOUNDATION
دەزگای ئایدیا
بۆ فکرو لێکۆڵینەوە

پرۆژەی (100) نامیلکەی فەلسەفی

# ئاشنابوون بە ئەلبێر کامۆ

وەرگێڕانی
کۆمەڵێک نووسەر

2015

خاوەن ئیمتیاز: دەزگای ئایدیا
لێپرسراوی دەزگا: ئەنوەر حسێن

وەرگێرانی: کۆمەڵێك نووسەر
تایپ: کەیوان عومەر - کاوان عەبدولرەحمان - نیاز کەمال - نیاز جەمال
دیزاین:ئاکام شەمسەدینی
چاپ: چاپخانەی دلێر
تیراژ: 1000 دانە
ساڵی چاپ: 2015
نرخ: 1500 دینار
شوێنی چاپ: سلێمانی - کوردستان
نۆبەتی چاپ: چاپی یەکەم
لەبڵاوکراوەکانی: **دەزگای ئایدیا** بۆ فکر و لێکۆڵینەوە

www.ideafoundation.co
info@ideafoundation.co
idea@ideafoundation.co
www.facebook.com/dezgai.idea

لە بڵاوکراوەکانی دەزگای ئایدیا
زنجیرە (67)

# خوێندنەوەیەک بۆ هزری کامۆ لەروانگەی بەرهەمەکانیەوە

نوسینی : ویل و ئارێل دۆرانت

لە فارسییەوە: سەرهەنگ عەبدولڕەحمان

ئەلبێر کامۆ کە مەسەلەی میتافیزیک و ئەخلاقیات و سیاسەت، جەوهەری سەرەکی وتارو رۆمان و شانۆنامەکانی بوو، ئەو وتەکانی خۆی زۆر وردبینانە، هەمەڕەنگ و هونەرمەندانە دەردەبـڕی، کە ملیۆنەها خوێنەری توشی شۆک و سەرسوڕمان دەکرد، رووداوی لێخوڕینی ئۆتۆمبێل لەتەمەنی چل و شەشساڵیدا ئەوی بەکوشتدا، لەکاتێکدا کە لەگەڵ ژان پۆل سارتەردا لەکێبەرکێدا بوو، بۆ رابەرایەتیکردنی هزری فەرەنسیەکان.

کامۆ لە (7)ی نۆڤەمبەری (1913)دا لە خێزانێکی لادێی لەگوندێکی نزیک (بۆن)1 ی جەزائیر هاتووەتە دنیاوە، باوکی بنچو بناوانی ئەلزاسی و دایکی بە ڕەچەڵەک ئیسپانیایی بوو، کوڕەکەیان بەردەوام هەستیاربوو.

سەبارەت بەکلتوری ئیسپانیایی و خاکی دەریای ناوەڕاست، خۆری باشور بەردەوام وەکو یەکێ لەناوەندەکانی فەلسەفەکەی مایەوە، باوکی لەشەڕی یەکەمی (مـارن2–1914)دا کـوژراو خێزانەکەی خۆی بەدەست بەتاڵی بەجێهشت، بێوەژنێکی مات‌و داماو بەکارەکەری لەجەزائیر ژیانی خۆی‌و منداڵەکانی دابینەدەکرد، ئەلبێر سەردەمانی مناڵی خۆی لەهەمان شارو لەئاپارتمانێکی دوو ژووریدا، لەگەڵ چوار ئەندامی تری خێزانەکەیدا بەسەربردو تاکۆتایی تەمەنیشی یادگاری قالۆنچەو پلیکانە شکاو وشەق‌و شڕەکانی لەبیر نەکرد، کامۆ هیچ کاتێ گلەیی لە هەژاری سەردەمانی سەرەتایی ژیانی خۆی نەدەکرد ((خێزانەکەم دەتوانم بڵێم هیچیان نەبوو،

لەڕاستیدا ئارەزوی هیچیشان نەدەکرد، ئەندامانی خێزانەکەم، تەنانەت خوێندەواریشیان نەبوو، بەوپەڕی بێدەنگی، خۆڕاگری و بەویقاری سروشتی خۆیانەوە، بەنرخترین وانەیان فێری من کـرد... گەرمی ئەو سۆزو خۆشەویستییەی کە لەسەردەمانی منالّیمدا سێبەری هەڵدابوو، من لەهەموو جۆرە رقێک بەتاڵدەکردەوە، تەقریبەن بە(هیچ) دەژیام، بەڵام لەشێوەی شاگەشکەو خەودا بەسەرم دەبرد، هەستم بەهێزێکی بێ سنور دەکرد لەخۆمدا، تەنیا دەبوایە رێگەیەک، بۆ سود لێوەرگرتنی بدۆزمەوە)).

یەکێک لە مامۆستا میهرەبانەکانی یارمەتیدا تاکۆمەکی خەرجی لەقوتابخانەی ناوەندی جەزائیر بەدەستهێنا، ئەم گەنجە بەئەنجامدانی ئەو کارانەی کە لەبەردەستی دابوو، کارە پراکتیکی و فیکرییەکان رێگەی خۆی خۆشدەکرد، ((کەرەستەی یەدەگی ئۆتۆمبێلم دەفرۆشت، لە نوسینگەی کەشناسی، لەکارخانەی کەشتی دروستکردنو لەئیدارە کارمدەکرد... سەرەنجام بوومە رۆژنامەنوس و ئەم پیشەبوو کەدەرفەتی سەفەری بۆ فەراهەمکردم)).

((دوومانگ لەئەوروپای ناوەند، لە نەمساوە بیگرە، تا ئەڵمانیا ژیانم بەسەربردو لەخۆم دەپرسی کەئەو نائارامیە نامۆیە... ئەو دڵەخۆرپێ خنکێنەرەی کە لەناو مێشکمدا هەستم پێدەکرد لەکوێوە سەرچاوە دەگرێ؟ کەمێ لەمەوبەر لەبابەتەکە گەیشتم، خەڵکی هەمیشە قۆپچەکانی خۆیان تا ژێر قوڕگیان دادەخەن، ئەوان نازانن کەچۆن دەبێ ئارام بگرن، نازانن کەشادی چییە!)).

کاتێ کەڕۆیشت بۆ ئیتالیاو ڤیسنزاو ڤینسیای بینی، چاوەکانی وەکو گۆتە (150) ساڵ بەر لەوەکرایەوە، ((لەبەیانییەوە تا ئێوارە پیاسە دەکەم... هەرکەسێ دەبینم، یان هەر بۆنی لەم شەقامانەوە دەبێتە بیانویەک بۆ

عەشقی بێ کۆتایی من))، ئەم هەستە چەند لەگەڵ هەستەکانی سارتەر ((کە هەر تاکێکی تر بەنەیارێکی شیاوی وەدیهاتن دەبینێتەوە)) جیاوازی هەیە، ئەم دوو پیاوە لەبەربەرەکانیو شەڕکردن لەگەڵ یەکدیدا هەڵاتنیان نەدەزانی، کامۆ عاشقی کتێبیش بوو، ئەدەبیات و فەلسەفەی لەبەرهەمەکانی (ئەفلاتون، پلوتینۆس بگرە تا پاسکال، نیچە، ئەشپینگلر، ژێدو سارتەر) ی دەخوێندەوە، ئەو کە زیاتر لە هەژاری خۆی خەمی هەژاری خەڵکی دەخوارد، لە ساڵی (1934)دا پەیوەندیکرد بەحزبی کۆمۆنیستەوە، کاتێ کەبۆی دەرکەوت (ستالین)یش وەکو (ماکیاڤیلی)و زۆربەی دەسەڵاتداران، چۆن بەقازانجی حکومەت راستەوخۆ (دە پرەنسیپەکە) لەبەرچاو ناگرێ، وازی لەحزب هێناو ناکۆکی نێوان ئەخلاقیانو سیاسەت تا کۆتایی لەهزری کامۆدا مایەوە، نەخۆشی فەلسەفی سەیرکردنی دوو رووی دراوێک لەهەر مەسەلەیەکدا، رێگربوو لەوەی کەلەشۆڕشی جەزائیرییەکان، بەسەر فەرەنسییەکاندا هەڵوێست بنوێنێ، کامۆ خەملاندنەکانی راوەقییەکانو شادییە سادەکانی هاووڵاتیانی جەزائیری پەسەنددەکرد، ئەو ئەوەشی پەسەند دەکرد، کە هاوچەشنانی داگیرکەرانی بەسەرنجدان لە هەوای ئازادی دەریای ناوەڕاست بۆ خۆیان هەڵبژارد بوو، لەساڵی (1935)دا رێبەرایەتی گروپێکی لە خوێندکارانی زانکۆو کرێکاران کرد لە پێکهێنانی (شانۆیکار) لەجەزائیر، ئەو لەڕێگەی دەرهێنەرانو هونەرمەندانەوە تەکنیکی شانۆنامەنووسیو تەختەی شانۆ فێربوو، لە تەمەنی بیستو سێ ساڵیدا، شانۆیەکی بەناوی (کالیگۆلا) نوسیو بەسەرکەوتوویی خستەسەر تەختەی شانۆ، ئەم شانۆیە ئەو لایەنەی حکومەتی دەخستەڕوو کە بەرامبەر بە ئەخلاق بوو، ئیمپراتۆر لەدوای مردنی درازیلای (خوشکی -مەعشوقە)ی، تێدەگات کەمردن بەپلەو پایەی کۆمەڵایەتی پێدەکەنێو سروشتیش بێلایەنەو ئەو تەسلیمی دەست شۆردن

لەتەواوی کارە ناشەرعیە ئەخلاقیەکان دەبێت لە بەرامبەر دۆزینەوەی خودو دەست بۆ چەندین کاری بێبەزەییانە دەبات، کە لە سنوری شێتیەتیو بێ عەقڵانە تێدەپەڕێ، ئەو کردارەکانی خۆی بەم شێوەیە دەخاتەڕوو:

((لەو شوێنەی کە پێویستە بمرن، زەمەنی مردنی مرۆڤ زۆر گرنگی نییە، ئەو ساکەش تەنیا رێگەی یەکسانی لەگەڵ خوداکان... ئەمەیە کە هەروەکو ئەوان بێبەزەین بین)) سەرەنجام بەنا بەدڵی دانی پێدادەنێ کە ((کوشتن رێگەچارە نییە)).

تووشبونی کامۆ بەنەخۆشی سیل، بووە هۆی ئەوەی ئاشنای گرنگی نەدان بەخواکان بێت، خەباتی بۆ بەدەستهێنانی سەلامەتی، بەشداربوو لەدەرکردنی یەکەمین کتێبی گرنگی ئەو ناونیشان: پشتو ڕوو (1937)-لای راستو لای چەپ ئاماژەیەکی سیمبولییە، بۆ ناوەوەو دەرەوەی جلێک.

لێرەدا مانای ئەم ناونیشانە ترسە لەمردن و عەشقە بۆ ژیان، ئەمە چۆن دنیایەکی خوداییە کە بەناچاری مردنی لە بەرامبەر لە دایکبووندا داناوە؟

کامۆی لاو هەوڵیدا ئەم پرسیارە لە رووناکیو گەرمای خۆردا، یاخود لەفراوانی ئاسمانی شەوانی (پڕە ئەستێرە)دا ون بکات، لەم کتێبە نوێڕسکەی کامۆدا بەرهەمێکی دەروونــی و هەستیاری توند بەرچاو دەکەوێت، کەئاهەنگەکەی بەنۆتەی ئەسڵیو نەمر ژەنراوە.

کامۆ لەکتێبی (مەراسیمی بۆکێنی 1939) روویەکی تری سەرگەرمی خۆی، عەشقی بۆ خۆرو دەریا نیشاندەدات، لەسەر لمی کەنار دەریا رادەکشێو چاو دەبڕێنە شەپۆلەکانی دەریای ناوەڕاست، کەجار لەدوای جارو بەسەرسەختی خۆی دەکوتێ بۆ کەنارو بەخاوی دەگەڕێنەوە.

کامۆ کۆمەڵە کتێبێکی وەکـو (خواردەمەنیە زەمینیەکان)ی ژێد دەخوێنێتەوە، دەزانین کە خوێندویەتیەوە، کامۆ سەلامەتی زیاتری لەشیرکدا

دەدۆزییەوە تا مەسیحیەت! هەروەکو دەیـوت: بۆچی کە لە زۆربەی خۆشیەکانی ژیاندا بەجۆرێکی رەواقی رووبەڕووی تراژیدی دەبێنەوە تا گرژ و مۆنی، دەربارەی گوناەو مەرگیش دەڵێ :(ئەگەر گوناهێ لە ژیاندا هەبێ، لەدڵ هەڵکەندنە لەژیان تا لەدڵسپاردن بەژیانێکی ترو دوورکەوتنەوە لەو ژیانەی کەهەیە).

بەڵام کاتۆلیزم هەروا بەسادەیی ناتوانرێ لەسەر رێی خۆی هەڵبگیرێ، رستەی ناخۆشی ((ئەی مرۆڤ، لەبیرت بێ کەلەخاک هاتوینەدەرو دیسانەوە دەگەڕێینەوە بۆ خاک)) تەواوی چوار شەممە خۆڵەمێشیەکانی سەردەمانی منداڵی ئەوی دەخستەژێر فشارەوە، کە زایەڵەیەکی ترسناک لەناو یادەوەری‌و ترسەکانیدا هەبوو، ئایا بەڕاست دەیتوانی لە خوداییکردنی سروشتی کە زیاتر شەیتان خۆی دەنواند تا ئیلاهی، جێ نشینێ بۆ مەسیحیەت بدۆزێتەوە؟ کەخۆشیەکانی بەئازار تاریک دەکردو جوانی بەناجێگیری‌و هەموو شتێ بەمردن ((لەناو ئەو ئەندامانەی کە مەحکومن بەلەناوچوون، ئەم شەوق و ئارەزووەی ژیان لەکوێدایە؟)).

لەم دۆخە دەروونیەدا وتارێکی نوسی، کە لە هەموو جۆرە باوەڕێکی مەسیحی رەشتر بوو (ئەفسانەی سیزیف 1942) دۆخێکی مرۆیی بەئەفسانەی سیزیف بەخشی، سیزیف پادشای کورینت بەهۆی بێڕێزی نواندن بەزێوس مەحکوم دەبێت تا لە جیهانی ژێرەوە، بەردێکی گەورە، بێهودە گلۆربکاتەوە، بۆ سەر گردێک، کاتێک کەلە بەرزایی گردەکە نزیک دەبێتەوە، بەردەکەی لەدەست دەخزێت و بۆ خوارەوە گلۆردەبێتەوە... بەوتەی کامۆی تەمەن بیست‌و نۆ ساڵ، چارەنوسی مرۆڤ بەم شێوەیە، ژیانی مەینەتی و تراژیک، لە چاودێری توندو لە شەڕی سواو، لە کوشتاری بەکۆمەڵ ئاڵ و واڵا بووە، بە وتەی کامۆ شەڕ پەنجا ملیۆن مرۆڤی بەکوشتداو ملیۆنەها جولەکەی

جینۆسایدکرد (کامۆ ئەم ڕەوتەی بە «گەورەترین تاوانەکانی مێژوو» ناوبرد، چۆن مرۆڤ دەبێ حەزبکات لەم جۆرە دنیایەدا بژیت؟ بەم شێوەیە دەردەکەوێ کە خۆکوشتن ئەنجامی لۆژیکی ئەم حەقیقەتە بێ!

فەیلەسوفەکەمان کاتێ کە دەستی لەخودایی کردنی سروشت هەڵدەگرت، دەیزانی کەنابێ جیهان بەپوچی ناوبەرین، چونکە هەروەکو جوانی و نەزم و شێواوی چەمکێکی ئەبستراکتەو واقیعەتێکی بەرچاو نییە، لەوانەیە کە جیهان لە دیدی ئێمەوە پوچ بێت، چونکە بێمانایەو لەودیو عەقڵی ئێمەوەیە، هەم مایەی ئازاری «باشەکان»ەو هەم «خراپەکان»ی دنیا، هەوڵی ئێمە بۆ لێنێگەیشتنی بێ سودە، زانستی قسەکردن نەیتوانیوە واقیعەت بەعەقلانی بکات، بەڵام ئەویش ڕووبەڕووی شکست بووەتەوە((دنیایەک کە مرۆڤی تاکگەرای سەدەی هەژدەهەم وای بیردەکردەوە دەتوانێ بەیارمەتی عەقڵ و زانستەوە زاڵ بێت بەسەریداو بیگۆڕێ، لەڕاستیدا ئەوە بەرجەستەبووە، بەڵام دنیایەکی پوچە))، تا ئەو جێگایەی کە مێشکی مرۆڤ دەتوانێ سەر دەربکات، دنیایەک لە باسە ئاڵۆزەکانی گەردوونە، مرۆڤی کە پاسکاڵ ئەوبە((قامیشی بیرمەند)) وێنا دەکات، خۆی لەناو گەورەیی دەرنەکردو نەکردنی گشتیو دابەشبەندی بێکۆتای بەشێکدا پەشۆکاو سەرسوڕماو دەبینێتەوە، هەندێک جار وا دێتە بەرچاو ئەم دنیایە دەتوانێ بە بوومەلەرزەیەک هەزاران مرۆڤ لەناوبەرێت، دوژمنی گاڵتەپێکەری مرۆڤەو بەبچوکییەکەی، بە بەرگری بەکوێرانەکەیو بەناجێگیری بێهودەو خەمۆکیەکەی پێدەکەنێ (بوون) دڵەخۆپێیەکە کەبیرکردنەوە ئەو ئاستەم تر دەکات، (بوون) نەخۆشیەکە کەدەرمانەکەی تەنیا مردنە.

لەوانەیە (ئەفسانەی سیزیف) هەڵگێڕانەوەی (بوون وزەمەن 1927) ی هایدگەرو (هێڵنج)ی سارتەر بێ، کامۆ لە گۆڤاری الجزیرەی کۆماریخواز

(ئۆکتۆبەری 1938)دا بەدیدێکی تۆزی رەخنەگرانەوە لە((هێڵنج))ی روانیسبوو نوسیبووی: ((رۆمان هیچ نییە، مەگەر فەلسەفەیەک لەقاڵبی وێنەدا بەیان کرابێ، لەرۆمانێکی باشدا فەلسەفە لەوێنادا دەسڕێتەوە، بەڵام هەر ئەمەی کەفەلسەفە بەناو کەسایەتیەکانو (کارەکتەرەکانی چیرۆکەکە)دا رۆدەچێت، وەکو پەنجەیەکی بریندار دەردەکـەوێو شێوەی چیرۆک لە رەسەنایەتی دەکەوێتو رۆمانیش لەژیان)).

بەبۆچوونی ئەو (هێڵنج) لەم بـوارەدا بەهەڵەداچوو بـوو، کامۆ دەڵێ:(ناسینی پوچ بوونی ژیان ناتوانێ ببێ بەئامانج، بەڵکو سەرەتایەکەو بەس) ژیان دەکرێ ((بەشکۆو پتەو))بێ، وێڕای ئەوەی روونکردنەوەکەی لەسەر ((ئەفسانەی سیزیف)) بەهۆی دڵنیاکردنەوەی ئەو بوو لەسەر پوچی کەخوێنەرانی فەرەنسایی کامۆیان بەبوونگەرا لەقەڵەمدا بوو، کامۆ لەساڵی (1945)دا رەخنەی لەو نازناوە گرت.

((نەخێر، من بوونگەرانیم، منو سارتەر هەمیشە سەرسامین بەوەی کە ناومان لە تەنیشت یەکەوە دێت، تەنانەت بیرمان لەوە کردوەتەوە کە راگەیاندراوێکی کورت بڵاوبکەینەوەو رایبگەیەنین، کە هیچ هەماهەنگییەک لەنێوانماندا نییە، هەموو جۆرە بەرپرسیاریەت و ئاینێکی یەکتر رەتدەکەینەوە، هاوبیر لەقەڵەمدانی ئێمە بەڕاستی پێکەونیناوییە، من و سارتەر بەبێ بواردن بەرلەوەی یەکتریمان بینیبێ، کتێبەکانمان بڵاوکردوەتەوە.

سارتەر ئەگزیستانسیالیزتە، تاکە کتێبی کەمن بەهزری فەلسەفیانە نوسیومە، واتە((ئەفسانەی سیزیف)) دروسـت لەلایەنی جیاوازی فەیلەسوفانەوە بەزاراوەی ئەگزیستانسیالیزم بووە)).

لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا کامۆ لەگەڵ سارتەردا، هاوباوەڕبوو لەوەی کەپێکهاتەی کۆمەڵگای نوێ بەسەرتاپا پوچ لەقەڵەم بدات، هەمووشتێ

بەجۆرێک رێکخراوە، یان بەشێوەیەکی چیڕەیی کامڵ بووە، کە توانای کاربەری باڵاتر «ئاکاری»و «ناکاری» لە زۆر پاداشتی باڵاتر بەرخوردارە کە سەروەتی میللەتێک لەبەردەستی کەمینەیەکی بچوکدا چڕبووتەوەو زۆربەی خەڵک لە هەژاری لاو نەخۆشیدا دەتلێنەوە، ئەگەر کەسێ لەبەرامبەر ئەم یاسایەدا رەخنەبگرێ، یاساو دادگاکان و پێگەی ئەخلاقی دروستکراو سەرخستنی کەمینەیەک بۆ دەسەڵات ئەو دەخاتەژێر ئەو فشارەی کەیان بۆ تەنگژەی دوژمنایەتیەکی خامۆش، یان بۆ شۆڕشێکی تورە دەکشێ، زۆرێک لەبیرمەندان هێندە باس لەشارستانیەت دەکەن، وەکو بڵێی کەلەنەخۆشیەکی کوشندە هەڵدێن.

کامۆ نمونەیەک لەم نامۆییە لە (نامۆ 1942) دا وێنا دەکات، دیمەنی چیرۆکەکە جەزیرەیە، راوی کارمەندێکە بەناوی مۆرسۆ(( (مۆر) واتە مردنو (سۆ) واتە هەڵبەز)) ژیانی رۆژانە، ئەوی بردوەتە ناو دۆخێکی بێ ئاگا، بێ رۆح و وەڕسکەرەوە، ئەو نەبوونی ئیرادە یاخود توانای ((بەڵێ)) یان ((نەو)) وتن ئەو کۆمەڵە پرسیارانەن کە ڕووبەڕووی دەبێتەوە، دایکی لەخانەی بەساڵاچواندا دەژیا کە (80کم) لەشوێنی ژیانیەوە دووربوو، کاتێ کە دایکی دەمرێ دەچێت بۆ مەراسیمی ناشتنەکەی، بەڵام بۆی ناگریو هەر زوو لەبیری دەکات، بەو کچەی کەدەیبردە سەرجێگەکەی خۆی دەوت، خۆشم ناوێت لەوانەیە کچێکی نرم خۆشبوێ، هەرچەندە رازی دەبێت هاوسەرگیری لەگەڵدا بکات، بەڵام بەردەوام کاتی هاوسەرگیرییەکە دوادەخات، کتوپڕ دەست بەکار دەبێتو رازی دەبێت، کە لەگەڵ یەکێ لەهۆگرانی خۆی لەبەرامبەر عەرەبێکی ئیهانەکراو و تۆڵەستێن، کۆمەکی بکات، لەگەڵ پیاوێکی عەرەبدا کە چەقۆیەکی بەدەستەوەیە، ڕووبەڕوودەبێتەوە، دەمی چەقۆکە لەبەر تیشکی هەتاو دەبریسکێتەوە،

مۆرسۆ کەوا دەزانێ کابرا عەرەبەکە، دەیەوێ چەقۆکە بۆ ئەو هەڵبداتێ، تەقەی لێدەکات و دەیکوژێ، پاشان دەچێتەسەر تەرمەکەی و چوار گوللەی تر دەنێ بەجەستەیەوە، لەدانیشتنی دادگادا پرسیار لە مۆرسۆ دەکرێ، کەبۆچی دواتر چوار گوللەی تری پێوەناوە؟((وەڵامێکم نییە، کەبیدەمەوە)) قازی لێی دەپرسێ کەئایا باوەڕی بەخوا هەیە، وەڵامدەداتەوە: (نەخێر) پاش ئەوەی کەبەمەرگ مەحکوم دەبێت، ئەوەی ئەوی بۆ ئەنجامدانی ئەم تاوانە هانداوە بە چڕوپڕی دەنوسێ، بەڵام هێشتا ناتوانێ هۆکاری تەقەی گوللەکانی دواتر روون بکاتەوە، رەخنەی لەحوکمی دادگانییە، تەنیا لەوە تورەیە کە جگەرەی نادەنێ، ئەنجامدانی هەرجۆرە مەراسیمێکی ئاینی رەتدەکاتەوە، تا سەرەنجام «نامۆ» دەبێت بەشارستانی نوێ، هەروەکو ئەو دنیایەی کە ناچاربووە وازی لێبهێنێ، ئاڵۆزو شڵەژاوە.

لەوانەیە کەموکوڕی چیرۆکەکە، کاری پچڕپچڕو کنوپڕی پیاوێکی لێنەبڕاو، بەربەرەکانی ژیانە لەلایەن پیاوێکەوە کەبێ موبالاتە، تا ئەو رادەیەی بە باوەڕی کامۆ لەحاشاکردنی هەرجۆرە نامۆبوونێکی نا بەڵێندەرانە سەبارەت بەمەسەلەکانی زیاتر بێ، ئەو ئەفسانەی سیزیف بەم باسە کۆتایی پێدێنێ، کەهەر کام لە ئێمە بەردەوام بین لەسنگ دەرپەڕاندنی خۆمان، خەبات باشترە لە تەسلیم بوون، لەوانەیە لەرێگە سەرکەوتن، یان لەرێگە دابەزیندا، جوانی بەدەم رێوە ببینرێ، ئازارە دامرکاوەو تازەکان بەرهەم بێن، یان جێگەی پەسەندکردن بن، مرۆڤ وێڕای پوچی بەروکەش مانای هەیە، بۆچی بەناسینی دوا شکستی خۆی، دەتوانێ پێشوازی لە رکابەرانی پوچیەکان و بەرپرسیارێتی ژیان بکات.

بەم شێوەیە کە لە ساڵی (1942)دا کامۆ لەچالاکیەکی دلێرانەداو لە ڕاپەڕینێکی خۆڕاگرانەدا بەسەرداگیرکاری فەرەنساوە لەلایەن ئەڵمانییەکانەوە

دەبینینەوە، رووخانی دڕندانەی رژێمی هیتلەر لە(بت سازی)خۆی بۆ کوشتنی رەگەزی، فەیلەسوفە گەنجەکەی بزواندبوو، ئێستا هەموو رۆژێ بەهەڵگەڕانەوەی ژیانی خۆی دەخستە مەترسیەوە، لەدوای ئازادبوونی پاریس، بووە یەکێ لەسەر نوسەرانی رۆژنامەی خەبات ((کومبا)).

لەو سەر وتارانەی کەدەینوسی خوازیاری بڵاوکراوەی سەربەخۆ بوو، تا جێگەی ئەو بڵاوکراوانەی رابردوو بگرنەوە کە خۆیان فرۆشتبوو، فەرەنسای کەم‌و زیاد والێکردبوو سەر دابخات لەبەرامبەر ئەڵمانیادا، لەسەردەمانی داگیرکاریدا دەستی بەنوسینی باشترین چیرۆکی خۆی کرد، کەلەساڵی (1947) دا بڵاوکرایەوە، ئەم کتێبە لەرێگەی ناونیشانی (تاعون)، هیتلەریزم هەروەکو نەخۆشی‌و سەرسامی دەخاتەڕوو، کە شارستانیەتی بەرەو لەناوبردن بردووە.

رۆمانی (تاعون) وێنەیەکی زۆر بەهێزی لەتاعونی خەیاڵی کەلەساڵانی دەیەی چلەکاندا، لەیەکێ لەشارەکانی ئەفریقای باکور بەناوی (ئاوران) (200.000) کەسی کوشت، چیرۆکەکە نەک تەنیا داگیرکردنی فەرەنسا لەلایەن ئەڵمانیەکانەوە دەخاتەڕوو، بەڵکو بەشێوەیەکی گشتی هێرشی نەخۆشیە درمەکان بۆ مرۆڤ و هەموو ئەو وەڵامە جۆراوجۆرانەی کە مرۆڤە جیاوازەکان دەیدەنەوە بۆ ئەم دۆخە دەخاتەڕوو، گێڕانەوەی بەوشێوە واقیعیەی کەدکتۆر (ریو) کەسی یەکەمی رۆمانەکە دەینوسێ، دەخرێتەڕوو لەوانەی کامۆ لەلێکدانەوەی بەرهەمە کۆمەڵایەتیەکانی نەخۆشیەکی درمدا، سودی لەکتێبی (یاداشتەکانی ساڵی تاعون 1722)ی (دیفۆ) وەرگرتبێ، کەدەرکەوتنی نەخۆشیەکی پەتای لە لەندەن، لە ساڵی (1665)دا بەشێوەی دیکۆمێنتاری‌و ریالیزمیانە تۆمارکردبوو، لەکتێبی (تاعون)دا تراژیدیا بەهێرشی کتوپڕی مشکانی توشبوو بە نەخۆشیەکان لەباڵەخانەکانی ئاوران دەستپێدەکات، هێندەی پێناچێ کە سەدان مشکی تۆپیو شەقامەکان پڕو

فەزای شار پیسدەکەن، پاشان عیادەی پزیشکەکان پڕدەبێت لەو نەخۆشانەی کە تووشی ئاو ئازارێکی وەک یەک بـوون، لێپرسراوانی شار بەقۆناغو بەنابەدڵی دانی پیائەنێنو رایدەگەیەنن کەنەخۆشی تاعون هاتووەتە ناو بەندەرەوە، قرنگینە رایدەگەنێ، هیچ کەس مافی هاتنە نـاوەوەی بۆ شار، یاخود دەرچوونی لە شار نییە، رێگەنادەن کەسوکاری نەخۆشەکان بچنە ناو نەخۆشخانەکانەوەو نەخۆشەکان مۆڵەتی چوونە دەرەوەیان نییە، لەنەخۆشانەکان هاواری نارەزایەتیەکان بارودۆخەکە زیاتر دەشێوێنێ، هەموو جۆرە هاوردەو ناردنێک بۆ شار قەدەغە دەکرێ، خەڵکی هێرش دەبەنەسەر دوکانەکان تا کاڵای پێویست بکڕنو قۆرخیبکەن.

دوکاندارەکان نرخی شتومەک بەرزدەکەنەوەو قاچاخچیەکان قازانجی زۆر دەکەن، لەگەڵ بەرزبوونەوەی رێژەی مردن، ئەو پزیشکانەی کە بەباشیش هەوڵدەدەن، بەلاوازو بێ توانا لەچارەسەرکردنی نەخۆشەکان و لەناوبردنی نەخۆشیەکە تاوانبار دەکرێن و دەبنە جێگەی سەرزەنشت، قەشەیەک بەناوی باوکی پانلۆ لەمەراسیمێکی ئاینی ترسناکدا، ئەم بەڵایە بە(سزای گوناهی مرۆڤەکان) لەقەڵەمدەدات (د.ریو)یش لەخۆی دەپرسێ، باشە خۆ مناڵان گوناهیان نییە، ئەی بۆچی لەکۆی یەکەمین قوربانیانی نەخۆشیەکەن؟ پاشان هەمان قەشە خاکەراییانە بۆ چاودێریکردنی قوربانییەکان رادەکاتو یارمەتی پزیشکەکان دەدات و هەر لەو پێناوەشدا دەمرێ، هاوسەرەکەی دکتۆر ریو تووشی نەخۆشیەکە دەبێت، دکتۆر ریو زۆر ئازایانەو بەبێدەنگی بەردەوام دەبێت لەسەرکاری پزیشکی و بەڕێوەبردنی نەخۆشخانە، تارو کەپیاوێکی دوو دڵە لێدەپرسێ، تۆ کەباوەڕت بەخوا نییە، بۆچی ئاوا خۆت دەکەیتە قوربانی خەڵک؟ ریو لە زمانی کامۆ وەڵامی ئەم پرسیارە دەداتەوە، پێویستە تەنانەت لە دوای شکستە یەک لە دوایەکەکان، درێژە بە خەبات و بەشەڕبدەین،

تارو ئەم بەڵایە بە نیشانەی شەڕ لەدڵی مرۆڤەکانو هۆکاری هەڵپەو رقو چاوچنۆکیو دوژمنایەتیو توندوتیژی لێکدەداتەوە کەچوارچێوەی رێکوپێکی ئەخلاقی تێکدەشکێنێ، چۆن دەتوانرێ هۆکارە ناکۆمەڵایەتییەکان بەبێ خستنە دڵی ئەحکامە ئاینیەکانو هەڕەشەکردن بەپاداشت و سزای ئیلاهی، لەژێر چاودێریدا دەربهێنری؟ یان بەهەمانشێوەی کە(تارو) دەڵێ: (ئایا مرۆڤ دەتوانێ قەدیسێکی بێ خودا بێ؟) هەروەها دەڵێ:(مەسەلەکە هەر ئەمەیە، لە ڕاستیدا مەسەلەکە تەنیا هەر ئەمەیە).

بەزۆربوونی مردن، کاردانەوەی خەڵک دەگۆڕێت بۆ سەرسامی (لە رۆژەکانی سەرەتادا کەبیریاندەکردەوە، ئەم نەخۆشیە درمـەش، وەکو نەخۆشیە درمەکانی ترە دەستەو دامێنی ئاین دەبـوون، بەڵام کاتێ کە بەجدی لەمەترسیەکە تێگەیشتن روویانکردە خۆشگوزەرانی.... ژیانیان بوو بەرابواردنو بێهودەییو دانیشتنی مەیخواردنەوەی بێ ئەژمار... ئەمەبوو بوو بـەداوای هەموو خەڵک) مرۆڤەکان لە چنگاڵی مەترسیدا تەنیا بیر لەخۆیان دەکەنەوە.

(دان بەخۆداگرتنی کوێرانە عەشقی لەدڵەکانیان دەرپەڕاندبوو) دکتۆر (ریو) لەگەڵ هەموو ئەمانەدا، کۆمەڵی قارەمانی زۆریش دەدۆزێتەوە، وەکو کرێکارانی پاککەرەوە کە لە زۆرکارکردندا دەمردن، دکتۆر بەم شێوەیە ئەنجام دەکات کە:(نەخۆشی تاعونیش وردە وردە کۆتایی پێدێت، لەدوای قۆناغێکی قەیراناوی مەترسیدار کە مەحکومبوون، بە مردن ژمارەی قوربانیان رۆژ بە ڕۆژ کەم دەبێتەوە، تاوەکو سەرەنجام بەرپرسانی شار کۆتایی هاتنی قرنگینە رادەگەیەنن، دەربازبووەکان بەشادیو خۆشیە دەگەڕانەوە بۆ ناوماڵ و حاڵی خۆیان، ئەڤیندارەکان پەیوەست دەبوون بەیەکدییەوە، زەنگەکانی کەنیسە هاتنەوە دەنگ و سوپاسی خوایان بەجێدەهێنا، بەمجۆرە گەورەترین رۆمانی

فەرەنسایی لەدوای ((گەڕان بەدوای زەمەنی ونبوودا)) کۆتایی پێدێت، (تاعون) ناوبانگی کامۆی گەیاندە لوتکە، کە ئەو وایهەستدەکرد بەزوویی دادەمرکێتەوە، رەخنەگرانی بەناوبانگ روویەکی خۆشیان نیشاندا، بەڵام کامۆ هەستیکرد کە لە ئاستی خواروتردا هەزاران جوجە رەخنەگر چاوەڕوانی دەرفەتێکن تاهێرشی بکەنەسەر، لەمبارەیەوە نوسی:(پاریس بەرهەمەمێکی هونەرییە، یەکەمجار بەبەنرخ لەقەڵەم دەداو پێشوازی لێدەکات، بەڵام هەر کەئەم بەرهەمە جێگەی خۆی کردەوە، ئینجا گاڵتەجارییەکان دەستپێدەکات، ئەو کاتە وا پێویست دەکات، کە ئەو بەرهەمە لەناوبەرن لەپاریسدا وەکو هەندێ لە جۆگەکانی بەرازیل هەزاران ماسی بچووکی تێدایە کەکاریان هەر ئەمەیە، ئەمانە ئەگەرچی بچوکن، بەڵام بێشومارن، دەتوانم بڵێم کەهەموو عەقڵ و هۆشیان لەدانەکانیاندا شاراوەتەوە، لە ماوەی پێنج خولەکدا هەموو گیانی مرۆڤ دەخۆنو جگەلە مشتێ ئێسقان هیچی لێ ناهێڵنەوە).

ئەم ماسیە بچوکانە زۆر خۆشحاڵبوون، کاتێ کەچەند ماسیەکی گەورە لەهێرشکردنە سەر کتێبی دواتری کامۆدا بەوانەوە پەیوەستبوون، لەکتێبی (مرۆڤی یاخی1951-)دا خوێنەر رووبەڕووی مەسەلەی جیاوازو پڕگرفتی، وەکو ویژدانی تاک لەبەرامبەر ویژدانی سیاسی، ئازادی بیروڕا لەبەرامبەر ئەمەگناسی حزبی و پێویستیو سنوردارکردنی سەرکەشی دەبێتەوە، روسیای کۆمۆنیست مەسیحیەتی رەتکردبووە، ئەڵمانیای نازی (نیچە)ی وەکو کەسێ کەنەک تەنیا شەڕ، بەڵکو هانی جینۆسایدکردنی دەدا تەفسیرکردبوو، حکومەتی ئەخلاقی وەکو خزمەتکردن بەشۆڕشو حکومەتێکی تر ئەخلاقی بەخزمەتکردن بەحکومەت پێناس کردبوو، هەر شتێ کەبەرگری لەم پیرۆزییە نوێیانە دەکرد، بەچاکەو لەپێشتر لەقەڵەمدەدراو هەرشتێ کەبێ حورمەتی بەم پیرۆزیانە دەکرد، یان لەبەرامبەریان دەوەستایەوە بەخراپو خراپەکار

لەقەڵەمدەدراو دەبوایە لەناوببرایە، ئیتر سوکایەتیکردن بەخودا، یان بەبنەما ئەخلاقیە خودابییەکان بەگوناه لەقەڵەم نەدەدرا، بەڵکو کارکردن، نوسین، قسەکردن، یان بیرکردنەوەیەک کە دەسەتەی فەرمانڕەوا بەدژی ((شۆڕش، حزب، یان حکومەت)) لەقەڵەمیانبدایە، بەتاوان و گوناه لەقەڵەمدەدرا.

هێشتا پاشماوەی پەروەردەی مەسیحیەکان لەناخی کامۆدا ئەوەندە بوو، کەچەمکی نوێی ئەخلاقی، ئەو بخاتە ترسەوە ئەو ئەم چەمکە نوێیانەی لەبنەمایەکی کورتدا چڕکردەوە، یاسایەک کە لەسەر بنەمای کارکردنی سەرجەم دەسەتەی فەرمانڕەوایە: (ئامانج هۆکار ئاراستە دەکات).

کامۆ ئەم بنچینەیەی قبوڵ نەبوو، ئەگەر چی بەزەحمەت دەیتوانی بڵێ کەبەچ پێوانەیەکی تر دەتوانرێ هۆکار بخرێتە بەر دادوەری، ئەگەر پێوانەی دادوەری خزمەتکردنی لایەنی چاکەی مرۆڤ بێ چ کەسێ ئەم چاکەیە جێگیردەکات؟ لەهەموو حاڵەتێکدا ئەو باوەڕی وابوو، کە خێری مرۆڤ لەبەرچاو نەگیراوە، بەڵکو کوشتنی بەکۆمەڵ و پەرستنی بە زۆرو شەڕکردن لەسایەی حکومەتی هیلتەرو کارکردنی بەزۆرو سانسۆر لەسەر بڵاوەکراوەکان، دادگاییە پاکسازییەکانو کوشتاری سیاسی حکومەتی ستالین، بەقوڵی زەبری پێگەیشتووە، ئەم حکومەتە تۆتالیتارانە بەناوی ئازادی مرۆڤەوە، ئازادییان لەناوبردەوەو بەناو خەڵکەوە دیموکراسییان بنەبڕکردووە.

بەوتەی کامۆ، دیموکرات:(کەسێکە کەرێگە بەرکابەرەکەی دەدات بیرو رای خۆی دەربڕێو رازی بێت هەر بەو بیروڕایانەوە بیربکاتەوە).

کامۆ دەڵێت:(هەرگیز تۆمەتو بوختانی بۆ ئەو کەسانە هەڵنەبەستووە، کە بیروڕای جیاوازیان لەگەڵیدا هەبووە، کامۆ بەوپەڕی مانای وشەی مرۆڤدۆست بوو، کامۆ هزری هۆی لەئاسمانەوە بۆ کاری مرۆڤانە رێنوێنی دەکرد، هەوڵیدەدا کەکلتوری فەرهەنگی مرۆڤ بپارێزێو لەوەش مرۆڤانەتر

ئەوەبوو، کەئەو ئایدۆلۆژیایانە دووربخاتەوە کە فەرمان بەمرۆڤ بداتْ، تا مرۆڤ بکوژێتْ.

لەوانەیە هەر بەو هۆیەشەوە بێ، کەخۆی لەسەرجەم پارتە سیاسیەکان بەدوور گرتْ لەکتێبی (تاعون)دا لەزمانی تارۆ وە دەڵێ:(من لەدنیای ئەمڕۆدا جێگەم نابێتەوە، کاتێ کە بەرێکەوتْ لە مردن رزگارم بوو، خۆم مەحکوم کرد بە گۆشەگیرییەک کەهەرگیز کۆتایی نییە)، بەڵام کامۆ ئەم گۆشەگیریو دوورە پەرێزییەی لە خوێنەرانی کتێبی (مرۆڤی یاخی) نەدەویستْ، ئەو دەیوتْ کاتێک کەستەمکاری تەحەمول نەکراو، ئەگەر هیچ جۆرە هۆکارێکی چاکسازی لەبەردەستدا نەبێ، شۆڕشی توندوتیژ بەرپادەبێتْ، بەڵام ئەو خوازیاری رادەو سنورێکی هاوسەنگ بوو لەسیاسەتْ و هزردا مرۆڤی یاخی دەبێ، خۆی بەدوور بگرێ لە ئایدۆلۆژیای نەگۆڕو لە حەقیقەتی رەها، دەبێ لەهەر هەنگاوێکیدا لەخۆی بپرسێ کەئایا بەم توندوتیژییەی کەمن ئەنجامی دەدەم، چەشنی مرۆڤ زیاتر لەوەی کەیارمەتی بدرێ، ئازار نادرێ؟ بەقوربانیکردنی خەڵکانی تر بۆ ئامانجەکانی خۆتْ، قارەمانیەتی نییە، ئەگەر قوربانیکردن پێویستە، خۆتْ بکە بەقوربانی (گاندی) لەو کەسانە مەزنتر بوو کەرەئیاندا بۆ لەسێدارەدانی لویی شانزدەهەم .

(مرۆڤی یاخی) کەم تا زۆر رووبەڕووی ستایشی راستڕەوانی فەرەنساو هاواری ئێکەڵ نارەزایەتی چەپڕەوانی ئەوروپا بووە، کاسۆلیکەکانی فەرەنسا وەکو گەڕانەوەی کامۆ بۆ ئەخلاقیاتی مەسیحی، پێشوازییان لەکتێبەکە کرد، حزبی کۆمۆنیستْ ناونیشانی کتێبەکەیان وەکو هەڵاتویەکی ترسنۆک لەپێویستی و مەترسییەکانی شۆڕش، لەقەڵەمداو گاڵتەیان پێ دەکرد.

فرانیس ژانسۆن بەنوسینی و تارێک لە ژمارەی مانگی ژەنیوەری (1952)ی (سەردەمی نوێ)دا رێبەرایەتی هێرشەکەی دەکرد، ئەم بەم وشانە

گاڵتەی بەکامۆ دەکرد (رۆحی دەریای ناوەڕاست، شێتی رۆشنفکری، باوەڕدار بەدامەزراوەی هەتاو وتیشکی بێگەردی نیوەڕۆ، کامۆ کە لە جیهانی واقیعیدا رووبەڕووی ناکۆکیو ئازاری مرۆڤە بە پیشاندانی مرۆڤ، وەکو بوونەوەرێک کە لە ژێر رکێفی هێزە دژە عەقڵیەکانەو مەحکومە بەپوچیو خراپە، بەڵگە شەرمەزارییەکانی خۆی بەگونجاو دەردەخات).

ژانسۆن رای وابوو، کەکامۆ بەهیچ شێوەیەک شایستەی ناوبانگی زۆرنییە، هەروەها ئاماژەی بەوەکرد کەئەزمونەکانی کامۆ لە شۆڕشی بەرگریدا، ئەوی ماندووکردبوو وای لێکردبوو، ئاڵای خەبات بداتە بەزەویدا، داوای لێکرد پاشەکشە بکات لەباوەڕی ئەخلاقگەرایانەی خۆیو، لە خەباتی چینی چەوساوەکاندا بەشداری چالاک بکات.

کامۆ لە ژمارەی ئابی هەمان گۆڤاردا، لە نامەیەکی شانزە لاپەڕەییدا وەڵامیدایەوە، کە وتارەکەی بۆ ژانسۆن نییە، کە کامۆ بەئاشکرا ناوی ئەوی نەبرد، بەڵکو بۆ (ئاغای سەرنوسەر) واتە ژان پۆل سارتەر سەرنوسەری سەرەکی گۆڤارەکەیە، ئەو وتی(ئەو رەخنەگرە ئەدەبییە) وای نوسیوە، کە گوایە هەر جۆرە گوزارشتێ بەدەر لە گوزارشتی مارکسێتی لەبارەی مێژوو خەباتی چینایەتییەوە، دیدێکی کۆنەپەرستانەیە، گۆڤاری (سەردەمی نوێ)ی تاوانبارکرد، کە (وەکو ئایدۆلۆژیایەکی نەگۆڕ بەرگری لە مارکسیزم دەکات، بەڵام ناتوانێ بڵێ کە مارکسیزم هێڵ و رەوتێکی سیاسی دیارە)، لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا زۆرێک لە هێماو تیۆرەکانی مارکس بەتایبەتی پێشبینیەکانی لەبارەی واقیعی تەواوکاری بەتاڵ بووەتەوە، بێگومان هەندێ لە رەخنەکانی مارکس راستنو تەنانەت پێویستیشن، بەڵام سیاسەتی روسیا نابێ پیرۆز بکرێو دەبێ قسە لەسەر هەر هاوارێکی راستگۆیانە بکرێ، کەلە ئۆردوگاکانی کارکردنی ناچاری بۆ رکابەرانی سیاسی بەرپابووە:(حەقیقەت

ئەوەیە کە رەخنەگرەکەتان چاوەڕوانە، ئێمە شۆڕش لە دژی هەموو شتێک بکەین، جگەلە حزبی کۆمۆنیستو دەوڵەتی کۆمۆنیستی)، کامۆ هەروەها دەڵێت:(ماندوبووە لەوەی کە گوێ لە وتاری ئەو بیریارانە بگرێ، کە لەسەر کورسی راحەتی خۆیان دادەنیشن و ئامۆژگاری ئەو کەسانە دەکەن، کە ڕووبەڕووی سەرجەم مەترسیەکانی شۆڕشی بەگری بوونەتەوە.

خودی سارتەریش رووبەڕووی ئەم مەترسیانە ببوەوە و کۆمۆنیستەکان و رابەرانی حزبی کۆمۆنیستیشی دابووە بەر رەخنە، لەوەی کە هەروەکو کۆنەپەرستەکان پەند لە رووداوەکان وەرناگرن، بەڵام بەهۆی شێوەو رەوشی گۆڤارەکەیەوە بێزارببوو لەم ناکۆکی و کێشەو هەرایە هەستی دەکرد، کە هاوڕێ کۆنەکەی (واتە سارتەر) بە شێوازێکی زۆر ناسکی ئەکادیمیانە، مەسەلەی هەڵاتنی خۆی لە مەیدانی خەبات رووپۆش دەکات.

هەر لەهەمان ئەو ژمارەیەی کەنامەکەی کامۆی تێدا بڵاوکرایەوە، سارتەر وەڵامێکی زۆر توندی دایەوە، کە سەرجەم پردەکانی نێوان ئەو دووانە رووخان (پێکهاتەی خۆبەشتزانی روو گرژانەو هەستی بەرگەنەگرتوتان هەمیشە خەڵکی لە وتنی راستیەکانو پەیبردن بەئێوە، راگرتووە...، ئێوە من بە(ئاغای سەرنوسەر) ناودەبەن، لەکاتێکدا کە هەموان دەزانن کە من و تۆ دەساڵ پێکەوە دۆست و هاوڕێ بووین، دەشزانم کە ئەم وتەیەتان تەنیا جۆرێکە لەگاڵتەپێکردن، مەسەلەی سەرەکی ئێوە وەڵامدانەوەی ژانسۆنە، بەڵام تۆ وتارەکەت ئاڕاستەی من کردووە، ئەمەش کارێکی ناشایستەیە، من لە تۆ دەپرسم، کامۆ تۆ کێیت؟ کە ئەمەندە خۆت بەدوور دەگرێ لەمن؟ چ شتێ ئەم مافە دەدات بەتۆ کە خۆی بەشایستەتر لە ژانسۆن بزانیتو بەم جۆرە پاڵاپۆشە بۆ خۆت رازیت و لەهیچ کەسی تر رازی نیت؟).

سارتەر کامۆی بەئێنەگەیشتن لەماهیەتی ئازادی تاوانبارکردو داوای

لێکرد کەکتێبی (بوونو نەبوون) بخوێنێتەوە، تا لەمانای چەمکی ئازادی بگات، بە ئاماژەکردن بە هاوکاری بەشداربوونیان لەشۆڕشدا، نوسی:(ئەو رۆژانە چەند تۆم خۆشدەویست)، بەڵام ئێستا (تەنیا نیوەی تۆ لەناو مندا دەژیو تۆ دەتەوێ ئەو نیوەیەش وەربگرێتەوە، رەوشتی تۆ سەرەتا گۆڕاو بۆ مۆڕالیزم و ئەمڕۆ تەنیا بووەتە ئەدەبیات، سبەی لەوانەیە ببێتە دژە مۆڕاڵ).

سارتەر داخی دەربڕی بۆ دیدی کۆنەپەرستانەی کامۆ بۆ ئەو پێوانە ئەخلاقیانەی کە بەرگری لە رژێمە کۆنەپەرستەکان دەکردو کەوتنە داوی ئەو لە هەژانێکی بێهودە کە حەزی لە ئامانج بوو، بەڵام لەوە لاوازتر بوو کە هۆکارەکە هەڵبژێرێ سارتەر دەیوت، کە ئەگەر حکومەتێکی شۆڕشگێڕی سانسۆر بەسەر چاپکراوەکان، هەندێ ئۆردوگای کارکردنی بە زۆرو تەنانەت لە سێدارەدانی چەند کەسێکیش بۆ پاراستنی پێشکەوتنی شۆڕش بەپێویست بزانی، ئەو کاتە سەرجەم پەیڕەوانی شۆڕش دەبێ دادوەری ئاکاری شەخسی خۆیان لەبەرامبەر بڕیاری رابەراندا بخەنەلاوە هەرچۆنێ بێ، بەهەمانشێوەی کە کۆنەپارێزانیش قبوڵیانە، ئەگەر سەرجەم تاکەکان ئازادبن لەوەی پەیڕەوی لەرێساکانی دەوڵەت بکەن، یان نەکەن لەسەر بنەمای دادوەری خۆیان، ئەوا هیچ دەڵەتی ناتوانێ ماوەیەکی زۆر دەوام بکات.

کامۆ بەرەخنەگرتنەوە دەڵێ ئەگەر بڕیار بێ تەنیا حکومەتەکان دادوەری لەنێوان هەقو ناهەقدا بکەن، ئەو کاتە چ جیاوازییەک لە نێوان حکومەتێکی دیکتاتۆری سەرمایەداری و حکومەتێکی دیکتاتۆری کۆمۆنیستیدا هەیە؟ بەم جۆرە دۆستایەتی ئەوان کە لەدەیەی (1950)دا بە ئەندازەی دۆستایەتی نێوان بورک و فۆکس لەشۆڕشی فەرەنسادا بەناوبانگ بوو، کۆتایی پێهات.

کامۆ مەسەلەکانی توندوتیژیو ئاکارو (مرۆڤ لەبەرامبەر دەوڵەتدا)ی لەچوار شانۆنامەدا (کەلە شانۆکانی پاریسدا نمایشکرابوو) نمایشکرد.

شانۆنامەی (بەدحاڵی بوون 1944–) سەرکەوتوو نەبوو، بەڵام شانۆنامەی (کالیگۆلا)، کەلە ساڵی(1945)دا نوسیبوی سەبارەت بەتراژیدیایەکی کۆن بوو، سەرکەوتنێکی سەرسوڕهێنەری بە دەستهێنا.

کامۆ لە بەهێزترین شانۆنامەی خۆیدا (دادپەروەران) کەرەنگ و بۆی (جنۆکە لێدراوان)ی دیستۆڤیسکی هەبوو، کوشتنی گراند دۆک سێرگی (مامی تزار) بەدەستی (ئیڤان کالیایف)مان بۆ دەگێرێتەوە کە تیرۆریستێکی ئامانجگەرابوو لەپەردەی دووەمدا کالیایف نارنجۆک بەدەستەوە تەماشای قوربانییەکەی خۆی دەکات، کە بەگالیسکەوە لێی نزیک دەبێتەوە، ئەو دەرفەتەی کەچاوەڕێی دەکرد دێتە پێشەوە، بەڵام دوو مناڵ لەتەنیشت (دۆک) ەوە دانیشتوون، کالیایف نارنجۆکەکە هەڵنادات، هاوڕێ شۆڕشگێڕەکەشی ئەم بەزەییەی ئەو بەکارێکی ترسنۆکانە لەقەڵەم دەدات، کالیافیش لەوەڵامدا دەڵێ (کاتێ کە شۆڕش لە هەستی مرۆڤانە دووربکەوێتەوە، ئەویش واز لە رێکخراوەکە دەهێنێ، لەکۆتایی پەردەی سێیەمدا، دەرفەتێکی تر بۆ نواندنی رۆڵەکەی دێتە پێشەوە، ئەمجارە (دۆک) دەکوژێ، پاشان دەگیرێ بەڕێوەبەری پۆلیس بەڵێنی پێدەدات، ئەگەر بێتوو ناوی هاودەستەکانی ئاشکرابکات، ئەوا لێی خۆشدەبێ، ئەو رازی نابێ، ژنەکەی دۆک داوای لێخۆشبوونی لەمەسیح بۆ دەکات، بەڵام ئەو قبوڵی ناکات بە ئامێزی ئاوەڵاوە باوەش بەمردندا دەکات، هەروەکو تۆڵەی کارەکەی خۆی و هەست بە پەشیمانی ناکات، لەوەی کەدەستیداوەتەوە توندوتیژی، لەپەردەی چوارەمدا تادوا هەناسە، تۆبە ناکات و لەسێدارە دەدرێ، پاریس پێشوازییەکی زۆر گەرمی لەم شانۆنامەیە کرد.

کامۆ لە دواهەمین بەرهەمی خۆیدا، دەگەڕێتەوە بۆ شێوازە خوازراوەکەی خۆی، واتە گێڕانەوە لە ڕێگەی (ژیاننامەی خۆی)یەوە،

رۆمانی (کەوتن 1956) رشتەیەکی گفتوگۆیە((ئەگەر بشێ ناوبنرێ گفتوگۆ)) لەنێوان ژان باپتیست کلمانس و هاوڕێیەکی کە بەرێکەوت لەئەمستەردام لەگەڵیدا ئاشنا دەبێت، ژان لەپاریسدا دادوەرێکی سەرکەوتوو بووە، کەسێکی لەخۆبایی بوو بەهۆی ئەوەی بەرگری لەتۆمەتبارانی هەژاردەکرد لەلای خەڵکی بەڕێز بوو، رۆژێک کە بەسەر پردێکدا لەسەر رووباری سندا تێدەپەڕی، ژنێکی بینیبوو کە لەسەر پلیکانەکانی پردەکە داهاتبووە، پاش ئەوەی کە کەمێ دوورکەوتبووە، دەنگی شڵپەی ئاو، پاشان هاوارێکی بەرگوێ کەوت ژنەکە خۆی هەڵدابووە ناو رووبارەکەوە یان بەربووبووە، ئایا ژان دەبوایە بگەڕێتەوەو هەوڵبدات تا ژنەکە رزگار بکات؟ بەڵام ئەو بەهێواشی دووردەکەوێتەوە لەوە بەدوا یادەوەری ئەو هاوارە مێشکی داگیر دەکات، ئەم هەستەی کەدەبوایە بگەڕێتەوەو ژنەکە رزگاربکات ئارامی مێشکی ئەو دەشێوێنێ، ئاوای لێدێت خۆی بەترسنۆک لەقەڵەم دەدات، لەخۆی دەپرسێ کە ئایا بەها باشەکانی هۆکاری نەبووە، بۆ خۆشەویستیو سەرکەوتنی؟ ئەو کە هیچ باوەڕێکی ئاینی نییە، ناتوانێ بەدانپیانان لای قەشە ئارامی و ئاسودەیی بەدەست بهێنێ، وردە وردە توشی گومان، پاشان رەشبینی دەبێ و سەرجەک بەهاو باشەکان بەفێڵ و تەڵەکە لەقەڵەم دەدا، سەرەنجام دەگاتە ئەو ئەنجامەی کە هەموو مرۆڤێکی (باش)، وەکو خودی ئەو حساب زانو خود میحورە، وردە وردە دەگاتە ئەو قەناعەتەی کە شارستانیەت وەکو تۆڕێک لەریاکاری بەرامبەر لەقەڵەم دەدات، بەڵام ئەگەر سەرجەم بەها باشەکان رووکەش و دروستکراوە، ئەی بۆچی دەبێت ئەم هەموو چێژە بکرێتە قوربانی بۆ بەدەستهێنانی خۆشەویستی کۆمەڵایەتی؟ وێڕای ئەمەی رووداکانە هەندێ لەچێژە شەهوانیە بەبرەوەکانو بەبەرەڵڵاییەوە سەرقاڵ دەبێت و لەهەر قۆناغی لەرابواردن کەنوێبوونەوە بۆ ئەو دەستدەدات،

دەچێت بۆ قۆناغەکانی دواتر، تا ئەو شوێنەی کەپێگەی کۆمەڵایەتیو خۆشەویستی پیشەیی خۆی لەئەرز دەدات و لەفەرەنساوە رادەکات، بۆ ئەفەریقا لەوێ بەناهەق وەکو جاسوس دەستگیر دەکرێ، لە زیندانیشدا لەکاتێکدا ئاو زۆر کەمە، بەدزییەوە بەشە ئاوی زیندانیانی تر دەخواتەوە، لە دوای ئازادبوونی خۆی لەئەمستەردام و لە ئەکلهول ون دەکات، فێربووە کەرەفتاری مرۆڤ بەشێوەی دوانە ببینێ، وەکو تۆ بەکارێکی سەرگەردانو وەکو قازییەکی گاڵتەچی کەوتنی خۆی لەپێگەیەکی کۆمەڵایەتی شیاوەوە، بۆ هەموو ئەو کەسانە دەگێڕێتەوە کە گوێ لەقسەکانی دەگرنو زیرەکانە هەوڵدەدات خەڵکانی تر رازی بکات تا خۆی هەروەکو ئەو بەتاوانبار بزانێ، جارجار ئـارەزووی باوەڕی منالّی خۆی دەکات (ئێمە رێبازی رووناکی، پەناگەو پاکیزەیی پیرۆزی ئەو کەسانەی کە خۆیان دەبەخشن لەدەستداوە) دواهەمین لاپەڕەکانی کتێبەکە لە چاوەڕوانی مەرگێکی نزیک بەڕوودانو ناچاری نوسراوە.

ئاستەنگە قبوڵی بکەینو پێویستیش ناکات کە (کەوتن) وەسیەتنامەی خودی کامۆو نیشاندەری ئەم مەسەلەیە بێ، کە بەهاتنە دەرەوەی لەو تۆمەتانەی کە سەبارەت بەبەها باشەکانی بۆرژوازی و ئایدۆلۆژیای کۆمۆنیستی هەیبوو، هەموو بەگوڕی سەردەمانی لاوییەتی و حەزو ئامەزرۆییەکانی بۆ چاکسازییە کۆمەڵایەتییەکانی ئەو، گۆڕابێ بۆ ئەو هەموو دوو دڵی و بێنەوایی و داماوییە، بۆخۆی زۆر شتی هەبوو، کە پێویستە بەهۆیانەوە سوپاسگوزاربێ، شارستانیەتی بۆرژوازیی، دەرفەتی خوێندن و سەفەرو ئازادی قسەکردن و ناوبانگی پێدابوو.

لەساڵی (1952) دا وێڕای ئەو تۆمەتە توندو رەقانەی کەسارتەر بۆی هەڵبەست، گەیشتە پلەی باڵاترین پیاوانی ئەدەبی فەرەنسا، خوێنەرانی

لاو بەئامەزرۆییەکی زۆرەوە بەدوای فڕینی شاعیرانەی ئەوەوە بوون، خوێنەرانی بەساڵاچووش پەسەندی شێوازی پڕ بەتوانای ئەویان دەکرد، لە زیندووکردنەوەی ڕووداوەکانی ڕابردوودا لەڕێگەی ئەو ئاقە بێژییانەی کەدەربڕی ناوناخیبوو، کۆنەپارێزانی مەسیحیش بەدیقەتەوە دەیانڕوانیە لادانە فەلسەفیەکانیو ئومێدەواربوون، کەلە کاتی خۆیدا بێتە (کانۆسا3)و لەبەردەم خاچەکەدا چۆک دەدات.

لەساڵی (1957)دا خەڵاتی (نۆبڵا)ی لەئەدەبیات وەرگرت، لەو کاتەدا تەمەنی لەچلو چوار زیاتر نەبوو، پاشان لە (4ی یانیری 1960)دا لەکاتی لێخۆڕینی ئۆتۆمبێلدا لە نزیک مارسی، کۆنترۆڵی ئۆتۆمبێلەکەی لەدەستداو دەعمی کردو مرد.

---

1 -(بۆن) ناوی فەرەنسایی شاری ئانابا.

2 -(مارن) ڕووبارێکە لەباشوری فەرەنسا، لە شوێنەکانی شەڕە لە هەردوو جەنگی جیهانیدا.

3 -(کانۆسا) گوندو قەڵایەکە لەباکوری ئیتاڵیا، ئەو شوێنەی کەئیمپراتۆر هانری چوارەم لەبەرامبەر پاپا گرگوری حەوتەم، لەساڵی (1077)دا تەسلیم بوو، ئەم ناوە نازناوی دەسەڵاتی کەنیسەیە

**سەرچاوە:**

کتێبی (نفسیرهای زندگی) نوسینی ویل واریل دورانت- وەرگێرانی فارسی :ئیبراهیم مشعری، انتشارات نیلوفر، چاپ سوم-ئابستان 1377.

# روانینێک لەوێنا جیاوازەکانی کامۆ

ئامادەکردن: رامان رۆژهەڵات

ئەلبێر کامۆ نوسەری فەرەنسی لە رۆژی (7) نۆڤەمبەری ساڵی (1913) لە ماڵباتێکی فەرەنسی لە وڵاتی جەزائیر لە دایکبوو و باوکی ئەلبێر کامۆ، کە لە شەڕی مارن لە شەڕەکانی یەکەمی دونیا گیانی لە دەستدا، ئەلبێر لەگەڵ دایکی خۆیدا کە بە رەسەن ئیسپانیای بوو، لە شوێنی بە دونیا هاتنی دایکی لە جەزائیردا ماوە. خێزانی ئەلبێر لەو دەستە کەسانە بوون کە بۆ وەرگرتنی زەوی بۆ کشتوکاڵ کۆچبەری جەزائیر بوون.

ژیانی منداڵی ئەلبێر وەکو هەموو منداڵانی تری کۆچبەران بە نەداری و هەژاری تێپەڕی و ئەوەش رێ لە تێگەیشتن لەسەر زۆر بابەت بۆ ئەلبێر کردەوە و کارێکیکرد، کە ئەلبێر لە ژیان و هەژاری ئێنسانەکانی هاوژیانی تێبگات و دوای تەواو کردنی پۆلی ناوەندی دەستیکرد بە نوسین و یەکەم بەرهەمەی خۆی کە شانۆنامەیەک بوو بە ناوی ((سو تەفاهم))، پاشانیش کالیگۆلای نوسی کە هەدوو شانۆنامەکەی لەلایەن نوسەرو هونەرمەندانی ئەو سەردەمەوە بەو شاکارێکی ئەدبی ناو دەبرێ.

ئەلبێر کامۆ نابێت وەکو باقی نوسەرو رۆمان نوسەکانی تر سەیر بکرێ، کە تەنیا بە نوسینێک لەسەر بابەتێکی عاشقانە، پاشان گیروگرفتەکانی گەیشتن دوو خۆشەویست بە یەکتر بیەوێت بە پەلەکانی نوسینەکەی زیاد بکات، بەڵکو نوسسینەکانی ئەو نوسینێکی فەلسەفی و خاوەن بنەمایەکی راستی کۆمەڵگای سەردەمەو لەبەر ئەو تایبەتمەندیانەیە کە زۆرکەس ئەلبێر کامۆ

و له قەواره و ئاستی ژان پۆل سارتەردا دەبینن، وەکو ئەوان دەڵێن ئەلبێر کامۆ له ئاستی هەستکردن به راستیەکانی کۆمەڵگه له هەموو نوسەرەکانی سەردەمی خۆی پێشتر بووه و ئەوەی به روونی له نوسینەکانیدا نیشانداوه. یەکێ له بەرهەمه سەرکەوتوەکانی ئەلبێر کامۆ رۆمانی کورتی بێگانەیه که لەساڵی (1942)دا نوسی و تا رۆژی ئەمڕۆ جیگای خۆی له ناو لایەنگیران و خوێنەرانیدا له دەست نەداوه و تەنانەت بووته بابەتی پەروەرده له زۆربەی پۆلەکانی خوێندنی وڵاتی فەرەنسا و باقی وڵاتانی رۆژئاوا .. ئەلبێر خاوەن بیر و بۆچوونی ئەگزیستانیالیستی بووه و ئەوش وەکو ناکۆکییەکی ئەوه لەگەڵ نوسینەکانیدا، لەکاتێکدا که زۆربەی رەخنەگران ئەوه له دوورو بوونی کەسایەتی ئەو ناو دەبەن، تەنانەت دەڵێن ئەلبێر هەوڵی شاردنەوەی کەسایەتی خۆی لەناو نوسینەکانیدا دەدا، ئەوەش وەکو خۆ فریودانی ئەلبێر کامۆ ناو دەبەن، بەڵام ئەوه که ئەلبێر کامۆ له وەڵامی ئەواندا دەڵێ سەرەنج راکێشەو ئەو خۆی به کەسێکی نا ئومێد له دونیا، بەڵام گرێدراو به جوانیەکانی دونیاو ژیان ناو دەبات، هەر بۆیه تاکو رۆژی ئەمڕۆ لەلایەن هەندێک نوسەر و رۆشنبیر رەخنەی لێدەگیردرێت .

## ژیانی سیاسی ئەلبێر کامۆ

ئەلبێر کامۆ له ساڵی (1934)دا پەیوەندی بەحزبی کۆمۆنیستی جەزائیرەوه کردو ئەرکی رێکخستنی لەناو پرۆلیتاریای عەرەب بەڕێوه دەبردو توانی لەماوەی (2) ساڵدا زۆربەی ئاستەنگییەکانی ئەو حزبه له رێکخستنی پرۆلیتایای عەرەب چارەسەر بکات، پاشان له (1936)دا حزبی کۆمۆنیست به فەرمانی ئێستالین ((حکومەتی یەکێتی سۆڤیەت)) ئەلبێر کامۆی به تاوانی ئەوەی که گوایه به دواداچوونی مەزهەبی پرۆتستان

دەکاث لە حزب کردە دەرەوە.

ئەلبێر کامۆ لە ساڵی (1935)دا بە وەرگرتنی لیسانسی فەلسەفە یەکەم بابەتی خۆی وەکو بڕوانامەی زانکۆ لەسەر فلاثین (فەلسەفەی ئەفلاثون)) خستە بەردەم خوێندکارانی بواری فەلسەفەوە.

ئەلبێر لە ساڵی (1938) دا دەستیکرد بەنوسن لە رۆژنامەی ((جزائیری کۆماریخواز))و تا ساڵی (1939) بەدەیان بابەتی چاپو بڵاوکرایەوە، وەکو یەکەم نوسەری رۆژنامەکە ثوانی ناوی رۆژنامەی جەزائیری کۆماریخواز بباثە ئاستی رۆژنامەکانی گەورەی ئەو سەردەمە. ئەلبێر لە ماوەی ساڵەکانی (1939 تا 1941)بـە نوسینی زنجیرە بابەثێکی فەلسەفی، کۆمەڵایەثی بەناوی ((هەژاری قەبیلە)) کە باسی لە شاردنەوەی راستیەکانی بواری زانسث لە کۆمەڵگای ئەو سەردەمەی رۆژئاوا دەکرد و ئەوەش هۆکاری رووبەرووبوونەوەی هێزەکانی دەسەڵاثداری ئەو سەردەمە لەگەڵ ئەلبێر کامۆدا.

ئەلبێر کامۆ لە ساڵی (1940) دا سەرنوسەری رۆژنامەی سیاسی ((سەردەمی کۆماری))بوو، کە لەلایەن دەزگاکانی سانسۆری جەزائیر داخراو. ئەلبێر کامۆ بە دەستوری فەرمانداری جەزائیر وەکو مەثرسیەک بۆ ئەمنیەتی جەزائیر ثۆمەثبارکراو و ناچار بوو بچێثە پاریس ((پایتەختی فەرەنسا))و لەوێ دەستی بە نوسینەوەی بابەثی سیاسی و فەلسەفی کرد، لە رۆژنامەی ((ئێوارەی پاریس))کردو دوابەدوای هێرشی ئەرثەشی ئاڵمانیای نازی ((نازیسث)) لەگەڵ هاوڕیانیدا چووە شاری((بۆردۆ))لە رۆژئاوای فەرەنسا و تا ساڵی (1941) لەو شارەدا ماوەو دەستی بە نوسینی بابەثی فەلسەفی کرد، کەلە ساڵی (1942) بەناوی ((ئەفسانەی سیزێف)) چاپ و بڵاوکرایەوە.

ئەلبێر کامۆ لە(19) دیسەمبەری (1941)دا شاهدی لەسێدارەدانی ((گابریل پری)) بوو بە دەستی نازیەکان ((نازیستی)) و ئەوش بوو بەهۆکارێک کە خۆی وەکو راچەڵەکنێکی گەورە لە ژیان ناوی لێدەباتٚ و دوای ئەو رووداوە هەستی شۆڕش لە دژی ئاڵمانی نازی تێدا گۆڕی، لە ساڵی (1942) پەیوەندی بە رێزەکانی بەرخۆ دانی فەرەنساوە بە ناوی((نەبەرد)) گرتٚ و دەستی بە تێکۆشان لە دژی ئەڵمانی نازیکرد، لە هەمانساڵدا رۆمانی گەورە و بە ناوبانگی خۆی بەناوی ((بێگانە)) نوسی و بڵاویکردەوە، ساڵی (1943) بە هاوکاری گروپەکەی دەستیکرد بە دەرکردنی رۆژنامەیەکی نهێنی کە تێدا هزری بەرخۆدان لە بەرامبەر ئەڵمانیا بڵاودەکرایەوە لەو سەردەمەدا بوو کە لەگەڵ ((ژان پۆل سارتر))دا ئاشنابوو، لەکاتێکدا سەرنوسەری رۆژنامەکەی لە ئەستۆ بوو لە خاڵێکی پشکنین لەلایەن هێزەکانی ئاڵمانیاوە دەستگرکراو بۆ ماوەیەک کورتٚ زیندانیکرا. دوای دەرکەوتنی لەزیندان، لەهەمان ساڵدا شانۆنامەیەکی رەخنەگرانەی بەناوی ((کالیۆگۆلا)) -(کالیۆگۆلا ناوی سێهەمین ئیمپراتۆری رۆمی کۆنە کە لە ساڵەکانی (31 تا 37 زایینی حۆکمیکرد) و دوای سەرکەوتنی ئەو شانۆنامەیە لەناو مەحافێلی ئەدەبی کتێبێکی بە ناوی چەند نامەیەک بۆ دۆستێکی ئەڵمانی بە شێوازێکی نهێنی بڵاوکردەوە.

لە ساڵی (1946) چوو بۆ ئەمەریکاو لەسەر((ئەگزیستانسیالیم))-(Existentialism) -سێمینارێکی بەرێوەبرد و تاساڵی (1947) دەیان سیمیناری بە شێوەیە ئەنجامدا، کە هەموو لەسەر بابەتی ئەگزیستانسیالیسم بوو .

هەروەها لە هەمان ساڵدا رۆمانێکی تری خۆی نوسی بەناوی ((تاعون)) (ناوی نەخۆشیەک بوو کە لە ساڵەکانی شەڕی یەکەم و دووەمی دونیا بڵاوبوو و ئەو نەخۆشیە لە مشکەوە بۆ مرۆڤ دەگوازرایەوە، وەکو بەڵای سەدە ناوی لێنرا)، هەروەها لەماوەی ساڵەکانی (1947-1951)شانۆنامەیەکی بەناوی

((دادوەرەکـان)) نوسی، لە هەمان ساڵدا بەرهەمی تری فەلسەفی بەناوی ((ئینسانی ئاغی)) چاپکردو لە هەمان ساڵدا بوو بە ئەندامی ((یۆنسکۆ))- ( un) و تا ساڵی (1951) وەکو نوێنەری ئەو رێکخراوە جیهانییە لە جەزائیر کاریکردو رۆڵێکی گرنگی هەبوو لە گواستنەوەی کیشەکانی کۆمەڵگای ناوبراو لە ئەو رێکخراوەدا، لە ساڵی (1952) لەسەر داواکاری خۆی لە ئەو رێکخراوە هاتە دەرەوە.

ئەلبێر کامۆ تا دووایین رۆژەکانی ژیانی خۆی دژی سەربەخۆیی جەزائیرو کردنە دەرەوەی کۆچبەرە فەرەنسییەکان بوو لە ئەو وڵاتەدا، بەڵام هیچ کاتێک دەستی لە پاراستنی مافی موسڵمانەکانی ئەو وڵاتەش هەڵنەگرت، لە ماوەی ساڵەکانی (1954 تا 1955) (35) بابەتی لە رۆژنامەی ئێکسپرس لەسەر ناوی جەزائیری پارچە پارچە نوسی، کە تێدا باسی لە زوڵم و بێ مافکردنی داگیرکەرانی جەزائیر دەکرد لەسەر خەڵکی ئەو وڵاتە، لە ساڵی (1956) کۆمەڵە کۆبوونەوەیەکی لە جەزائیر بەرێوەبرد، کە تێدا مۆدێلی پێشنیارکراوی ((سوییس)) سەبارەت بە دروستکردنی فیدراسیۆنێکی فرە نەتەوە و کلتور دەپاراست و ئەوەی وەکو چارەسەریەکی بۆ ئازادی جەزائیر ناو دەبرد. دوای ساڵی (1956) ئەلبێر کامۆ لە کاری سیاسی دەستی بەردا و نوسینی ئەدەبی دەستپێکردەوە و دوو شانۆنامەی دیکەی بەناوەکانی ((سقوط)) - م/ دابەزین - داکەوتن - داڕوخان - و شانۆنامەی ((لە ماتەمینی راهێبە)) کە کاری نوسەرانی ئەو سەردەمەبوون خستە سەر سەحنی نەمایشەوە.

ئەلبێر کامۆ لە ساڵی (1957) خەڵاتی ئەدەبی دونیا ((نۆبێل)) ی وەرگرت، وەکو دوومین نوسەری لاوی دونیا ئەو خەڵاتەی وەرگرتووە.

**سەرچاوە:**

کتێبی ئاعون، ئەلبێر کامۆ

# چەردەیەک لە
# ڕۆمانی (نامۆ)ی ئەلبێر کامۆ

ئەردەڵان فەرەجی

ئەلبێر کامۆ لە نوسەرانی بەناوبانگی فەرەنسا نزیکەی (50) ساڵ لەمەوپێش لە کاتێکدا کە تەمەنی (47) ساڵیدا لەرووداوێکی هاتووچۆدا گیانی لە دەستدا.

چوارەمی ژانوییەی ساڵی (1960) ئۆتۆمبێلەکەی میشێل گالیمار، بەڕێوەبەری ناوەندی چاپ و بڵاوکردنەوەی بەناوبانگی گالیمار، لە کاتێکدا کە کامۆی لە شاری لۆرمانەوە بۆ پاریس دەگواستەوە وەرگەڕاو کامۆ و گالیمار بەهۆیەوە گیانیان لە دەستدا.

لە جانتاکای کامۆ دەستنوسی رۆمانی «پیاوی یەکەم» دۆزرایـەوە، کە ژیاننامەیەکی ناتەواو بوو، ئەم کتێبە ساڵی (1995) بڵاوکرایەوە.

دوو رۆمانی «نامۆ» و «تاعوون» لە زوومرەی بەناوبانگترین نوسراوەکانی ئەلبێر کامۆن، کە ناوبانگێکی جیهانی بۆ ئەم نوسەرە بە دیاریهێنا.

کامۆ لە زومرەی ئەو نوسەرە گەنجانە بوو، کە خەڵاتی ئاشتی نۆبێڵی پێبەخشرا.

ئەلبێر کامۆ نوسینی رۆمانی «نامۆ» کە بێشک یەکێک لە گرنگترین ناونیشانی ئەو کتێبانەیە کە کاریگەری زۆر لەسەر خوێنەرانی دادەنێت لەساڵی (1940) کۆتاییپێهێنا. نامۆ دوو ساڵ دواتر کەوتە بازاڕەوەو لە هەمان سەرەتاوە، لەگەڵ پێشوازییەی باش لەم کتێبەو نوسەرەکەی کرا. مارسا ئاران وتارنوسی رۆژنامەی کۆمێدیا دەربارەی پێشوازی خوێنەران لەم کتێبە نوسی: «ئەلبێر کامۆ، نوسەرێک کە دێت.»

رۆمانی «نامۆ»ی کامۆ بە رستەی ساردوسڕی «ئەمڕۆ دایکم مرد، رەنگەش دوێنێ. نازانم» دەست پێدەکات و لەهەمان لاپەڕەی یەکەمی رۆماندا، لەگەڵ مورسۆ کەسایەتی سەرەکی رۆمانە ئاشنا دەبین، کە لەبەر نەریتە کۆمەڵایەتییەکان، ناچارە چەندین سەعات لە رێدا بێت تا تەرمی دایکی لە ساردخانەی خانەی بەساڵاچووان وەربگرێت، بۆ رێوڕەسمی بەخاک ئەسپەردەکردنی و رێزگرتن بەڕێوە بەرێت، بەڵام شێوەی بێقەیدانەی ئەو لەگەڵ مەرگ کە راستییەکی حاشاهەڵنەگری ژیانی مرۆڤە، مورسۆ دەباتە دادگاو لە ئەنجامدا بە لە سێدارەدانی دەدات.

بە وتەی مورسۆ «تا ئاواتی ئەوە بخوازم تەماشاچی زۆرتر لە رۆژی ئیعدامەکەم ئامادەبن و بە هاواری پڕ لە نەفرەت پێشوازیم لێبکەن.» هەروا کە کامۆ دەڵێت مۆرسۆ، بۆئەوەی کە یاری بە یاری نەزانی، لەلایەن کۆمەڵگاوە تاق دەخرێتەوە، کۆمەڵگایەک کە مۆرسۆی تاقکەوتوو و چێژخواز لە پەراوێزیدا دەمێنێتەوە، هەر بۆیە کە لەروانگەی کۆمەڵگایەکەوە کە تێدا ژیان دەکات، نەخوازراو نامۆیە.

مورسۆ بە پێچەوانەی ئـەوەی کە دەینوێنێت، نایەوێت ژیان ئاسانبکاتەوە، ئەو هەمان شت دەڵێت کە هەیە. هەربۆیە لە لایەکەوە لە کۆمەڵگا تاق دەخرێتەوەو نامۆیی ئەو رەنگی گشتی دەگرێت، چونکە ئەگەر سەرنجبدەین، دەبینین لە هەر سەردەمێکدا هەر کەس بە پێچەوانەی سیستمێک کە لە کۆمەڵگادا زاڵە، هەرچەند بچوکیش قسە بکات، کردەوە بنوێنێت لەلایەن ئەو کۆمەڵگایەوە بە تاق دەخرێتەوەو وەک نامۆیەک، غەریبێک کە لەناوخۆوە دادگایی دەکرێت، لەم پێناوەدا دەسەڵات لە هەر هێزو ئامرازێک بۆ تواندنەوە لەکەسەکە کەڵک وەردەگرێت، تا بواری هاوڕەنگ کردنی ئەو لەگەڵ کۆمەڵگا خوش بکات. هەرچەند دەسەڵاتی زاڵ

دەربارەی مورسۆ، نەیتوانی ئەو کارە لەگەڵ مورسۆ بکات، مورسۆ بەبێترس بە دڵەڕاوکی پیری مەرگ (راستی ژیان)ی مرۆڤەوە چوو.

بە وتەی کامۆ بەتاڵی و پووچەڵی کاتێک مانا پەیدا دەکات، کە تەسلیمی بین و مورسۆ بەخۆی بەدەستەوە نەدانی بەو شتەی کە باوەڕی پێی نییە، هەموو باش و بوونەکانی یەک ئامانج رەتدەکاتەوە، هەربۆیە زۆر کەس ئەو بەلایەنگری کۆمەڵەی خەمبار لەگەڵ پووچی دەناسن.

لێرەدا دەقی وەرگێڕدراوی پێشەکی ئەلبێر کامۆ، کە بۆ چاپی ئینگلیزی رۆمانەکەی خۆی، واتە نامۆ کە نوسیویەتی هێناومە تا لایەنە تاریکەکانی رۆمانی «نامۆ» روون ببێتەوە.

**دەربارەی رۆمانی»نامۆ»**

**نوسینێک دەربارەی نامۆیی ئەلبێر کامۆ**

دێرزەمانێکە کە من رۆمانی «نامۆ»م لە یەک رستەدا، کە گومان ناکەم زۆر پێچەوانەی نەریت بێت، کورتکردوەتەوە: «لە کۆمەڵگای ئێمەدا هەر کەس کە لە ئەسپەردەکردنی تەرمی دایک نەگرێت، مەترسی لەسێدارە دان هەڕەشەی لێدەکات.» مەبەست لەوەیە کە تەنیا بڵێم پاڵەوانی چیرۆکەکە تەنیا بەو هۆیە بە لەسێدارەدان سزادرا، کە لە یاری پەیمان بەستووەکان بەشداری نەبوو. لەم مانایەدا لە کۆمەڵگەی خودی نامۆیەو لە دەقەکە دوورە، لە ژیانی تاکەکەسی خۆیدا، تەنیاو عەوداڵی چێژەکانی لەشە، هەر بۆیە خوێنەران ئەو بەدۆڕاوێک دەزانن لەدەستەمۆی شەپۆلەکان.

بەم حاڵەشەوە ئەگەر لە خۆی بپرسن کە بۆچی پاڵەوانی چیرۆکەکە لە یارییەکەدا بەشداری ناکات، دەگەنە وەڵامێک، گرنتی کاری ئەندێشەی دروست تر، یان لانی کەم ئەندێشەیەکی نزیکتر لە بیری نوسەر.

وەڵامەکە سادەیە: مورسۆ نایەوێت درۆ بکات. درۆ وتن تەنیا ئەوە نییە کە شتێک کە نییە، بڵێین هەیە. درۆزنی بە تایبەتی ئەوەیە کە شتێک کە هەیە زیادە بڵێین وایە و لەو کاتەی دا کە پەیوەندی بە دڵەوە دەبێت، زیاتر لەوەی کە هەستی پێدەکەین پیشانی بدەین، ئەمە کارێکە ئێمە هەموو رۆژێک ئەنجامی دەدەین، تا ژیان سادە بکەینەوە.

مورسۆ بە پێچەوانەی ئەوەی کە رواڵەتەکانی دەینوێنن، نایەوێت ژیان سادە بکاتەوە. ئەو جۆرەی کە هەیە، هەروا پیشانی ئەدات و هەر ئەو جۆرە قسە دەکات. نایەوێت هەستەکانی بشارێتەوەو کۆمەڵگە بێزرامان هەست بەترس بکات، بۆ وێنە داوای لێ دەکەن تا بڵێت لە ئەنجامی جینایەتەکەی، وەک ئەوەی کە باوە، پەشیمانە. مورسو وەڵامدەداتەوە کە لەم بارەیەوە هەست بە ئازار دەکات، تا پەشیمانی راستەقینە. هەر ئەم جیاوازییە بچوکە وا دەکات کە بە لەسێدارەدان مەحکوومبکرێت.

مورسۆ لە روانگەی خۆیەوە دۆڕاوێکی دەستەمۆی شەپۆلەکان نییە، بەڵکو مرۆڤێکە هەژار و رووت و عاشقی هەتاوی بێسێبەرە. حاشا لەوەی کە خاوەنی هەر چەشنە هەستیارییەک بێت. هەستێکی قوڵ و پەیگیر ئەو دەخاتە جوڵە و هەیە هەستی رەهاخوازی و حەقیقەتخوازی. راستەقینەیەک کە هێشتا نیگەتیڤ و سلبییە، راستەقینە بوون و هەست کردن، بەڵام راستییەک کە بەبێ ئەو، هیچ سەرکەوتنێک بە سەرخۆی و بەسەر جیهاندا مسۆگەر نابێت.

هەر بۆیە بە خوێندنەوەی بەسەرهاتی پیاوێک، کە بەبێ هیچ ئیدیعایەکی پاڵەوانی، لە راستیدا دەبێتە میوانداری مەرگ. هیوادارم تا خوێنەر زۆر توشی هەڵە نەبێت، بۆ من روویـداوە کە بە پێچەوانەی نەریت سێدار بکەم، کەتێکۆشاوم تا پاڵەوانی کتێبەکەی خۆم، سیمای تەنیا مەسیحییەکی راستەقینە کە شایستەی ئەوین وێنا بکەم. بەم شیکردنەوانە

خوێنەر تێ دەگات، کە من ئەم خاڵەم بەبێ ئەوەی کە نیازم بێت، بچوکترین بێحورمەتی ئەنجام دەڵێم، بەڵام بە تەرزێک کە هەر هونەرمەندێک مافی ئەوەی هەیە، دەربارەی کەسایەتییەک کە خولقاندویەتی بەکاری بێنێت.

# گوڵبژێرێک لە وتەکانی کامۆ دەربارەی دیموکراسی

ئا: حوسێن فەرەجی

بە بۆنەی پەنجاهەمین ساڵیادی مەرگی نوسەری گەورەی فەرەنسی ئەلبێر کامۆ نوسەری کتێبی بەناوبانگی «نامۆ»، دەستەبژێرکردنی هەندێک لە وتەکانی کامۆ بۆ لایەنگرانی ئەم نوسەرە، هەروەها بۆ لایەنگرانی دیموکراسی شایستەیە باسبکرێن.

–»هەر کاتێ کە وتارێکی سیاسی دەبیستم، یان دەیخوێنمەوە، ساڵانێک کە لە ترسدام لەوەی کە شتێک کە دەنگی مرۆیی هەبێت، ئیتر نایبیستمەوە. بەردەوام هەمان وشەن کە هەر هەمان درۆ دوپات دەکەنەوە.»

–»خەباتی سیاسی نە پیشەیەو نە پشوو.»

«دیموکراسی یاسای زۆرینە نییە، بەڵکو پشتیوانی کەمایەتییە.»

–»دیموکراسی بناغەی ئازادی لەگەڵ خۆی دێنێت: خەڵک، راستی و بوێری کە بەبێ ئەمانە ئازادی بێ‌مانایە.»

–»دیموکراسی چ سیاسی و چ کۆمەڵایەتی بێت، ناتوانێت لەسەر فەلسەفەی سیاسی دابمەزرێت کە ئیدیعا دەکات هەموو شتێک دەزانێت و هەموو شتێک جێبەجێ و چارەسەر دەکات.»

–»بەبێ گفتوگۆ دیموکراسی بوونی نییە.»

–»ئازادیخواز و دیموکرات، کەسێکە کە ئەگەری ئەوەی کە حەق لای رەقیبەکەی بێت قبوڵ دەکات، هەر بۆیە مۆڵەتی ئەوە بە رکابەرەکەی دەدات، بیروبۆچوونی خۆی دەرببڕێت و قبوڵی ئەوە دەکات، بیر لە قسەی رکابەرەکەی بکاتەوە.»

–»دیموکراتی خۆبەزلزان نییە، هەر بڕیارێک کە بیداتی قبوڵی ئەوە دەکاتی کە ئەوانی تریش بتوانن جۆرێکی تر دەربارەی ئەوە دادوەری و لێکدانەوەیان هەبێتی.»

–»کەسی هەڵبژێردراوی من بۆ جێگیربوونی لە پۆستەکەی، دەبێتی لەلایەن گروپی کەمایەتیشەوە پشتگیری بکرێتی، تەنانەتی ئەگەر لەلایەن زۆرینەوەش هاتبێتە سەرێ.»

–»کاتێک کە پارە زاڵ بێتی، دادپەروەری و ئازادی بوونی نابێتی.»

–»ژیانێک کە بەرەو پارە پاڵ پێوەدەنرێتی، مەرگە.»

–»دەسەڵاتێک دەتوانێتی یاسایی بێتی، بەڵام کاتێک رەوا و مەشروع دەبێتی، کە لەسەروی گەلەوە لە رۆڵی دادوەرێک، دادپەروەری گەرەنتی بکاتی و بەرژەوەندی گشتی لەگەڵ ئازادییە تاکەکەسییەکان جووتی و هاوسەنگ بکاتی.»

–»یاسایەک کە تایبەتی بە دەسەڵاتی ئابورییەکان و نەخشە و پیلانە پشتی پەردەکان و فرەخوازییە تاکەکەسییەکان بێتی، گەندەڵییەکە کە بێعەدالەتی دەکاتە شتێکی ئاسایی.»

**سەرچاوە:**

Refrence : Dictionnaire Albert Camus, éditions Robert Laffont

# کامۆ لەنێوان فەلسەفە و ئەدەبیاتدا

**لە فارسیەوە: ئیسماعیل ئیسماعیل زادە**

ئەلبێر کامۆ لەحەوتی نۆڤەمبری (1913) لە شاری موندۆڤیی (1) جەزائیر لەدایکبوو. لوسیەن(2)ی باوکی، هەتیوێک بوو کە بۆخۆی فێری خوێندن و نوسین ببوو، لە عەمبارێکی شەڕاب لە کارخانەیەکی شەڕابسازیی لەو نزیکانەدا کرێکاریی دەکرد. کاترین ئالێن سینتێز(3)ی دایکیشی نەخوێندەوار بوو و نەیدەتوانی باش بدوێ و ببیستێ.

باوک و دایکی کامۆ لە منداڵانی ئەوروپییە هەژارەکان بوون، کە بە هیوای دۆزینەوەی دەرفەتێکی باشتر، روویان لە جەزائیر کردبوو. بنەماڵەی باوکی خەڵکی فەرەنسە بوون و بنەماڵەی دایکیشی ئیسپانیایی و خەڵکی دوورگەی مینۆرکا4. کامۆ هەشت مانگ پاش لەدایکبوونی، باوکیان برد بۆ خزمەتی سەربازیی لەشەڕی یەکەمی جیهانییدا. ئەو بەو جلە سوور و شینەی، یەکەی یەکەمی زواوەکان کە بە تەواویی لە چاوی دەدا ببووە ئامانجێکی ئاسان بۆ تیرباری ئەڵمانییەکان. لە سیپتەمبری (1914) و لە شەڕی مارندا بە پارچەی گوللە هاوەن بریندار بوو و چەند هەفتەی دواتر مرد. هەمووی ئەو شتانەی کە ئەلبێر لە بارەی باوکییەوە دەیزانیی، ئەو چیرۆکانە بوون کە بنەماڵەکەی دەیانگێڕاوە.

منداڵیی کامۆ لە جەزائیر تێکەڵاوێک بوو لە هەژارییەکی زۆرو چێژە سادەکان، لەگەڵ دایک و برا و نەنک و دوو خاڵی لە ئاپارتمانێکی سێ هۆدەیی تەنگەبەردا دەژیان. ئاپارتمانەکەیان نە کارەبای هەبوو نە ئاو. چەند ئاودەستێک لەسەر پلیکانەکان بوو، کونێک لەسەر بیرێک کە هەمیشە

بۆگەنی دەهات. دایکی ئیشی پاککەرەوەی دەکرد. نەنکیشی بنەماڵەی بەڕێوە دەبرد، کە ئەویش نەخوێندەوار بوو، بۆ پەروەردەکردنی منداڵەکان قەمچی بەکار دەهێنا. سەرەڕای ئەمانە ئەلبێر ڕێزی لەدایکی دەگرت و لە نزیکبوونی لە براو دوو خاڵەکەی چێژی وەردەگرت. ئەڤینداری بەستێنی دەریاو هەتاو بوو. لە یارییکردن لەگەڵ منداڵان، لە کۆڵانەکانی گەڕەکی باکور، لە نزیک گەڕەکێکی عەرەب کەیفی دەکرد.

کامۆ لە دوایین بەرهەمەکەیدا، ڕۆمانی ناتەواوی ژیاننامەی خۆی واتە مرۆڤی یەکەم5، لەسەر بە سوک سەیرکردنی ئایین لەلایەن بنەماڵەکەی پێداگریی دەکات. بنەماڵەی کامۆ ئەگەرچی بەناو کاسۆلیک بوون، بەڵام سەردانی قەشەکانیان نەدەکرد، نەدەچوون بۆ کەنیسەو باسی خودایان نەدەکرد. "کاسۆلیک بوونیان هەر تەنیا لە ڕێوڕەسمی وەکو غوسڵی تەعمید، عەشای ڕەبانی، زەماوەندو مەراسیمی بەخاک سپاردن بوو" (FM, 165)

کەسێک دەورێکی سەرەکیی لە ژیانی کامۆدا دەگێڕا، یەکێک لە مامۆستاکانی قوتابخانەی سەرەتایی ئەو بە نێوی لوویی ژێرمەن6. ژێرمەن بە توانستەکانی ئەلبێری زانی و نەنکی ڕازیی کرد مۆڵەتی پێ بدات وانەی تایبەتیی بە نەوەکەی بڵێت هەتا لە تاقیکاریی بۆرسی خوێندندا بەشداریی بکات. نەنکی ڕازیی بوو و ئەلبێر لە تاقیکاریدا سەرکەوت و توانی بەجێی ئەوەی وەکو براکەی بچێتە سەر کار، چوو بۆ قوتابخانەی دواناوەندیی. کامۆ لە دواناوەندییدا مامۆستایەکی دیکەی دۆزییەوە: مامۆستایەکی خۆش زەوق بە ناوی ژان گرێنێر7. لە ناو ئەو هەمووە کتێبەی کە کامۆ لە قۆناخی قوتابخانەیدا خوێندینەوە، دوو کتێبی زیاتر لە هەموان پێ خۆش بوو، دوڕگەکان 8 ی ژان گرێنێرو چارەنوسی مرۆڤ 9 ی ئاندرێ مالرۆ. کامۆ لە ساڵی(1952)دا نوسیی دوڕگەکان بە وەبیرهێنانەوەی "ڕازەکان.. شتی

پیرۆز.. و سروشتی سنورداری مرۆڤ" نەبوونی پەروەردی سوننەتی ئاینیی منی قەرەبوو کردەوە (LCE, 328)، هەروەها کامۆ لە دوورگەکانەوە فێربوو کە چۆن بە وەسفکردنی شتەکان و رووداوە هەستپێکراوەکان ئەندێشەی فەلسەفیی ئاراستە بکات.

لە ساڵی یەکەمی دواناوەندیی بوو، زانییان نەخۆشیی زەردوویی هەیە، ئەم نەخۆشییە تا کۆتایی ژیانی ئازاری دا. لەو سەردەمەدا هێشتا ئەنتی بیوتیک نەدۆزرابووە، بەڵام ئەو دەرمانانەی کە دەستدەکەوتن بۆ نەخۆشیی ریخۆڵەی بەکەڵک بوون و لە ئیفلیجیی رزگاریان کرد.

کامۆ ساڵی (1933) چوو بۆ زانکۆی جەزائیرو بکالۆریوسی فەلسەفەی وەرگرت. تێزەکەی لە ژێر سەردێڕی میتافیزیکی مەسیحی و فەلسەفەی نوێ ئەفلاتونی 10 بوو.

ئەگەرچی نمرەی بکالۆریوسی زۆر باش نەبوو، بەڵام توانیی لە قۆناغی دکتۆرا (ئاگرگاسیۆن)دا درێژە بەخوێندن بدا و بڕوانامەی مامۆستایەتی وەربگرێ، لە ساڵی (1938)دا بەڕێوەبەرێتیی پزیشکیی جەزائیر داواکاریی کامۆی بۆ مامۆستایەتیی رەتکردەوە: رەنگە دەوڵەت نەیدەویست ناچار بێ، خەرجی پزیشکیی نەخۆشێک بدا.

ئاوێتەبوونی متمانە بەخۆبوون و دڵناسکیی، جلی جوان و خوێن شیرنبوونی لە (هەمفری بوگارت) دەچوو، سەرنجی ژنانی بۆ لای خۆی رادەکێشا. سەرەڕای ئەمانە لە بیست ساڵاندا بەپەلە لەگەڵ ژنێکی سەرسەری و بێخەیاڵ، بەڵام لەبەردڵان بە ناوی سیمون هایە11 زەماوەندیکرد. دایکی سیمۆن کە پزیشکێکی سەرکەوتووی چاو بوو، خەرجی ئەو ژن و مێردەی دابین دەکرد، بەو هیوایەی کامۆ بتوانێ سیمون لە گیرۆدەبوون (بە مادە هۆشبەرەکان) رزگار بکات، بەڵام کامۆ نەیتوانی.

کامۆ کاتێ زانیی سیمون لەبەری وەرگرتنی مادەی هۆشبەردا، لەگەڵ دکتۆرێک دەخەوێ لێی جیابووە. کامۆ بۆ جارێکی دی زەماوەندی کرد. ژنی دووەمی، فرانسین فەور12 مامۆستای بیرکاری و خەڵکی ئۆران13 بوو. فرانسینیش جوان، بەڵام لە نێو خۆیدا بوو. ساڵی (1945) دوانەیەکی بوو: کاترین و ژان. فرانسین ئەگەرچی ئەوکات لە کامۆ جیا نەبووە، بەڵام لە خەیانەتە هەمیشەیی و ئاشکراکانی کامۆ ئازاری دەدیت.

لە سەرەتاکانی دەیەی 1930دا کامۆ لێوڕێژبوو لە توانست، بۆ رۆژنامەی ئالجێر رێپوبلیکن 14ی دەنوسی. رۆمانێک و چەند وتارو شانۆیی نوسی. گروپێکی شانۆیی پێکهێناو بوو بە ئەندامی حزبی کۆمۆنیست. ئەندامبوونی لە حزبی کۆمۆنیستدا زۆری نەخایاند. حزبەکەی ساڵی (1937) ئەوی لەبەر پشتیوانی کردنی لە رادیکاڵەکانی عەرەب بۆ بەدەستهێنانی مافە کۆمەڵایەتی و مەدەنییەکان، دەرکرد، بەڵام لە نوسیندا لە سەرەتای رێدا بوو. یەکەم رۆمانی، مردنی خۆش 15 هێندە رێکوپێک نەبوو کە بۆ چاپ بشێت، بەڵام بەشێک لە وتارەکانی ساڵی (1937) لە ژێر سەردێڕی پشت و روو 16 و کۆمەڵێکی دی لە (1939) بە ناوی رابواردن 17 بڵاوکردەوە.

ساڵی (1939) ساڵی دەسپێکی شەڕی دووەمی جیهانیی بوو. کامۆ هەوڵیدا لە سوپادا ناونوسی بکات، بەڵام لەبەر نەخۆشییەکەی وەرنەگیرا. لە بەهاری ساڵی (1940) سوپای ئەڵمان بە سەر فەرەنسادا سەرکەوت. کەمیک دواتر ئالجێر رییۆبلیکنی لیبراڵ قەدەغەکراو کامۆ بێ ئیش کەوت. هاوڕێکەی پاسکاڵا پیا18 لە پاریس ئیشی گردوکۆکردنی لاپەڕەکانی رۆژنامەی پاری سۆیر19 ی بۆ دۆزییەوە. لە (1942)دا رۆمانی نامۆ20ی بڵاوکردەوە، پاشان لە (1943) بەشێک لە وتارەکانی کە پەیوەندییان بەو رۆمانەوە هەبوو بەنێوی ئوستوورەی سیسوفوس 21 چاپکرد. لەبەر ئەوەی وەک نوسەر ناسرا توانی

لە لای بڵاوکەرەوە نوێیەکەی بە نێوی گالیمار ئیشی پێداچوونەوەش بکات. کامۆ هەتا کۆتایی تەمەنی لەگەڵ گالیمار بەردەوام بوو. کامۆ لە هەموو شتێکی نازییەکان بێزار بوو. لە نەژاد پەرستییەکەیان، دژە جولەکەبوونیان، تۆتالیتاریزمەکەیان، لە مرۆڤ کوشتنیان کە بە سوک و ئاسانیی دەیانکرد. لە (1943) تێکەڵاوی تەڤگەڕی بەرگریی فەڕەنسا بوو و پاش ماوەیەک بوو بە سەرنوسەری رۆژنامەی ژێر زەمینیی کومبا22. لە (1944–1945)دوو شانۆیی بەهێزی نوسی و بردینە سەر شانۆ: خراپ تێگەیشتن 23 و کالیگولا 24. لەم سەردەمەدا لەگەڵ ژان پۆل سارترو سیمۆن دوبوار و باقیی ئەندامانی گروپی ئەوان بوو بە هاوڕێ. ئەزمونی بەشداربوونی لە ناوەندی روناکبیری پاریسی، بۆ کەسێکی وەکو کامۆ کە لە هەژاری و نەخوێندەواریدا پەروەردە ببوو، سەرخۆشی و ئاڕادەیەک سامناک بوو.

لە سەردەمی داگیرکارییەکانی نازییەکاندا، بۆ یەکەم جار ناوی کامۆ بە ئیگزیستەنسیالیزمەوە گرێدرا، ئەگەرچی وادیـارە وشەی فەرەنسی ئیگزیستەنسیالیست بۆ یەکەمجار فەیلسوفێکی کاسۆلیک بە ناوی گابریەل مارسێلا 25 دایڕشت، بەڵام دەتوانین هەتا سورێن کییەر کگۆری دەمارگرژی پرۆتستانی، بە دوای ئەندێشەی فەلسەفەیەکی داڕێژراو لەسەر پرسەکانی بوونی مرۆڤ و هەڵبژاردن و رەسەنایەتیی دا بچین. کامۆ هۆگری پرسەکانی ئیگزیستەنسیال بوو و زۆر لەژێر کاریگەریی ئەو دوو بیرمەندەدا بوو، کە شوێنەواریان لەسەر پێکهاتنی ئیگزیستەنسیالیزمدا بەجێهێشت، واتە فیۆدۆر دۆستۆیۆفسکی و فریدریش نیچە. سەرەڕای ئەمانە کامۆ هەمیشە لەوە دەترسا، کە بە خۆی بڵێ ئیگزیستەنسیالیست. لەسەرەتادا لەبەر ئەوە دەترسا کە پێی وابوو ئیگزیستەنسیالیزم و بازدانی ئیمانی یەک شتن، پاشان وای دەزانی کە ئیگزیستەنسیالیزم هەمان فەلسەفەی ژان پەول سارترە.

بە تەواوبوونی شەڕی دووەمی جیهانیی، گەلێ بەردەنگ بۆ کامۆ دەستەبەر بوون، هەروەها بەختی ئەوەی هەبوو کە لە بنیاتنانەوەی فەرەنسادا بەشداریی بکات. ئەو چوار ساڵی ڕەبەق هەوڵیدا هەتا ئەو وانە ئەخلاقی و سیاسیانەی لە خەبات بە دژی سەرەڕۆیی نازییەکان فێریان ببوو، لە وتارەکانی سەرنوسەری و لە چەند نامەیەکی بۆ هاوڕێیەکی ئەڵمانی 26 و لە نۆ قوربانی، نۆ جەللاد 27، لە ڕۆمانی دووەمی بە ناوی تاعون 28 و لە شانۆیی گەمارۆی شار29 دا بڵێتەوە.

لە (1948) شەڕی سارد کاریگەریی لەسەر ئەو ڕێککەوتنەی نێوان وڵاتان لە شەڕی دووەمی جیهانی دانا. کامۆ لە شانۆیی عادیلەکان 30 (1949) و لە نامیلکەی مرۆڤی سەربزێو 31 (1951)دا پەرژایە سەر پرسی سەرهەڵدان و شۆڕش و ستەمکاریی، کامۆ دەیکوت مەترسیی مارکسیزم و یەکێتی سۆڤیەت جیدیترن لە مەترسیی سەرمایەداریی ڕۆژئاوایی بۆ سەر ئازادی و شان و شکۆ و بەختەوەریی مرۆڤیی. لەم سەردەمەدا سارتەر تەواو بە پێچەوانەی کامۆ بوو. پاش ئاڵوگۆڕکردنی چەند نامەی توندی ڕاشکاوانە، نێوانیان تێکچوو. کامۆ پیشتر لە پاسکاڵ دوور کەوتبووە. پاسکاڵ پیایەکی کە لە شارڵ دۆگۆل و حزبی ناتریستی ئەو بەرگریی دەکرد.

کامۆ لە (1954)چەند وتارێکی بەناوی هاوین 32 بڵاوکردەوە. ئەم وتارانە ئەگەرچی لەکاتی جۆراوجۆردا نوسراون، بەڵام دەربڕی عەشقی کامۆن بۆ جەزائیرو ڕۆحی مەدیترانەی ئەو. بەداخەوە هەماهەنگیی ئەم ڕۆحە لە چڕژان نزیک بوو. لە ئۆکتۆبری (1954) ڕێکخراوێکی شۆڕشگێڕ بە ناوی بەرەی ڕزگاریی نەتەوەیی (FLN)هێرشی کردە سەر جەزائیریە ئەوروپییەکان. (1955)چەکدارە فەرەنسییەکان بۆ وەڵامدانەوە بە کوشتاری (FLN)هێرشیانکرد و بەپێی سیاسەتی "بەرپرسیارێتی گشتی" خوێنی زۆر

بێناوانیشیان رشت، له ماوەی شەڕی جەزائیردا فەرەنسەییەکان بۆ زاڵکردنی ترس و تۆقاندن و بەدەستهێنانی زانیاریی دیلەکانیان ئەشکەنجە دەدا.

سارترو بنەماڵەکەی لای سەرهەڵداوانی (FLN)یان گرت کە دەیانویست جەزائیر لە چنگی فەرەنسییەکان رزگار بکەن.]لەم ناوەندەدا) کامۆ بوو بە دوو کەرتەوە. لە نژادپەرستی کە هەشت ملیۆن جەزائیری خۆجێیی کردبوو بە شارۆمەندی دەرەجە دوو بێزار بوو، بەڵام توندوتیژیی (FLN) یشی شەرمەزار دەکرد، بە نەشیاوی لەقەڵەمدەداو پێیوابوو کە رزگاریی جەزائیر لەسەر دەستی (FLN)رەنگە ببێتە هۆی ئاوارەبوونی زیاتر لە ملیۆنێک جەزائیری ناعەرەب لەوانە بنەماڵەی خۆی. دەیوت من بڕوام بە عەداڵەت هەیە، بەڵام بەر لە عەداڵەت بەرگریی لە دایکم دەکەم ( Todd, 378). ئەو بۆ گەیشتن بە ئاشتییەکی مەدەنیی خەباتی دەکرد. پێی لەسەر خۆبەڕێوەبەریی جەزائیر لە فیدراسیۆنێکی فەرەنسەیی داگرت و چوو بۆ جەزائیر، هەتا پشتیوان بۆخۆی دەستەبەر بکات. کاتێ هەردوو لایەن روانگەکانی ئەویان بەدوور زانی، بۆ ماوەی دوو ساڵ بێدەنگیی هەڵبژارد. لە ساڵی (1962)دا جەزائیر بە سەربەخۆیی تەواو گەیشت، بەڵام زۆربەی جەماوەری ئەوروپایی ئەو وڵاتە لەترسانە رایانکرد بۆ باشوری فەرەنسا.

ساڵی (1956) کامۆ سێیەمین رۆمانی بە نێوی رووخان 33 بڵاوکردەوە. شێوازو پەیامی ئەم رۆمانە زۆر جیاوازتر لە هەموو ئەو بەرهەمانە بوو، کە کامۆ پێشتر نووسیبوونی. لە ناو ئەو رەخنانەی کە لەسەر ئەم رۆمانە نوسراون، هەم رەخنەی ئەرێنی و رێزدانان بۆ بەرهەم هەبوو و هەمیش رەخنەی نەرێنی و رەتکەرەوە، بەڵام کتێبەکە زۆر چاک فرۆشرا، لە شەش مانگی یەکەمدا (126500)دانەی لێفرۆشرا. ساڵی دواتر کامۆ کۆمەڵەیەکی جێگەی رێزی لە کورتە چیرۆکەکانی بە نێوی نزمی و ئاسمانی 34 و

وتارێکی دژ بە سزای ئیعدام لە ژێر سەردێڕی رامانێک سەبارەت بە گیوتین 35 بڵاوکردەوە، لە (1957) خەڵاتی نۆبێل لە ئەدەبیات بە کامۆ بەخشرا. ئەم خەڵاتە دەبوو بۆ کامۆ ببێتە نیشانەی سەرکەوتن و شادی بکات، بەڵام نیگەرانییەکی زۆر ئەم شادمانی و دڵخۆشییەی لێ رەش کرد. ئەو لەوە نیگەران بوو، نەکو بە ناهەق ئەم خەڵاتەی پێدرابێ و بەردەوام دەیوتەوە کە دەبوو خەڵاتەکە بە ئاندرێ ماڵرۆ بدەن.

ئەو نیگەران بوو لە خەمۆکی و دەستبردنی فرانسین بۆ خۆکوژیی، هەروەها خراپبوونی باری تەندروستیی خۆی. ئەو نیگەران بوو لە شێوانی جەزائیر، لە تۆران و دابڕانی لە رووناکبیرانی فەرەنسی و توانستەکەی بۆ داهێنانی بەرهەمی چاک، لە چل و سێ ساڵاندا دەترسا، کە باشترین ساڵەکانی تەمەنی تێپەڕ کردبێ، بەهەواڵنێرێکی وت وەرگرتنی خەڵاتی نۆبێل وایلێکردم لەناکاو هەست بە پیربوون بکەم (Todd, 381).

یەکێک لە دڵخۆشییەکانی کامۆ لە سەرانسەری ژیانیدا، داڕشتنەوەو بردنە سەر شانۆی بەرهەمی نوسەرانی دیکە بـوو، کامۆ لە هەمان سەرەتاکانی کارو لە ساڵی (1936)دا شانۆییەکی لە رووی رۆمانی ماڵرۆ بە ناوی رۆژەکانی گرژیی 36 نوسی و بردییە سەر شانۆ، لە کۆتاییەکانیشدا لە (1956) شانۆییەکی لە رووی شینگێڕیی بۆ راهیبە37 ی فاکنێر نوسی و بردییە سەر شانۆ. لە (1959)شدا شانۆییەکی بە پێی دەستبەسەرکراوان 38ی دۆستۆیۆفسکی نوسی و بردییە سەر شانۆ. ئەو لە فکری ئەوە دابوو کە دەساڵی رەبەق تەرخان بکات بۆ شانۆ، بەڵام زیاترین هیوای بە رۆمانی ژیانەکەی واتە مرۆڤی یەکەم بوو.

کامۆ بەو سەرقەڵەمانەیەی کە وەریدەگرت و بەو پارەی خەڵاتی نۆبێل دەوڵەمەند بوو. بەدوای ئاپارتمانێکی گەورەتر لە پاریسدا دەگەڕا. خانویەکی

هاوینەهەواری بەردینی جوانی لە پروانس بۆ بنەماڵەکەی کڕی.

می39 ئەڤینداری گەنجی دانمارکیی کامۆ زۆربەی کات لە ماڵێکی هاوینەهەوار هەر لەو نزیکانە بوو. کامۆ بەدوور لە غەڵبەغەڵبی پاریس دەرفەتی زیاتری هەبوو، کە درێژە بە ڕۆمانی مرۆڤی یەکەم بدا. پێی وابوو ئەمە دەبێتە باشترین ڕۆمانی و پێشکەشی کرد بە دایکی. پێشکەشییەکی بەم جۆرە نوسیبوو: پێشکەش بە تۆ کە قەت ناتوانی ئەم کتێبە بخوێنییەوە (FM, 3). ئەم دەستنووسە (144) لاپەڕەییە هیچ ئاماژەیەکی ئاشکرای فەلسەفیی تێدا نییە، بەڵام نیشانەی ڕوانگەی نوێی کامۆیە بۆ پەروەردەی ئەخلاقیی. بۆ نموونە: لە شوێنێکی کتێبەکەدا دەنووسێ، لە منداڵیدا زۆرم هەوڵدا لە جیاوازیی نێوان ڕاست و هەڵە (هەق و ناهەق) تێبگەم، بەڵام کەس نەبوو پێوەرێکم پێبدا و ئێستا کە گشت شتێ لێم رادەکات تێدەگەم کە پێویستیم بە کەسێکە کە ڕێ نیشاندەرم بێ، سزام بدا، هانم بدا، نەک لەبەر بەهێزبوونی، بەڵکو بەهۆی قورس و قائیمبوونەکەی، من باوکمم دەوێ (FM, 36).

لە سێیەمی ژانڤیەی (1960) کامۆ لەگەڵ میشێل و ژانین و گالیمار و ئان ی کچیان و سەگە ماڵیەکەیان هاوینەهەوارەکەیان بەرەو پاریس بەجێهێشت. ڕۆژی دواتر میشێل لە کاتی لێخوڕینی ماشێندا لەجادە هەڵدێردراو بە دوو درەختدا درا و پوکاوە. کامۆ دەستبەجێ مرد. میشێلیش چەند ڕۆژ دواتر مرد. ژانین و ئان هیچیان لێنەهات. سەگەکەش بزر بوو. کامۆ هەمیشە بە هاوڕێکانی وتبوو هیچ شتێک ناخۆشتر لە مردنی منداڵێک و قۆڕتر لە مردن بە هۆی ڕووداوی ماشێن نییە، کاتێ هەواڵی مردنی کامۆ بە دایکی درا، نەگریا. هەر ئەوندەی وت: زۆر گەنج بوو (Todd, 414).

چەند ڕۆژ پاش مەرگی کامۆ سارتەر شینگێڕییەکی پڕهەست و سۆزی

نوسی و بە کوژانەوەی دەنگێکی ئاشکرای ناو ژیانی بێ ناوەڕۆکی دڵڕەقانە دانا و لە ستایشی کامۆدا نوسی: ئەو میراتگری ئەمڕۆژینی زنجیرەیەکی درێژ لەو ئەخلاق خوازانە بوو کە رەنگبێ هەڵگری رەسەنترین شتەکان بێ لە ئەدەبیاتی فەرەنسە (Sartre, 1965, 110–111). کامۆی بە ئەخلاقخواز دانا و دانانی لە ریزی کەسانێکی وەکو موتنەینی و پاسکاڵ و ڤۆلتێر و ئەوانی دی جێی خۆیەتی. کامۆ لەوەدا بلیمەت و رەسەن بوو کە دەیتوانی بە لێزانی ئەندێشە فەلسەفییەکان بچێنێتە ناو فۆرمە ئەدەبییەکان و بەم شێوەیە شعوری ئەخلاقیی خوێنەرەکانی وەخەبەر دێنێ. ئەم لێزانییە زیاتر لە سێ رۆمانی و لە بەشێک لە وتارەکانیدا وەکو ئوستورەی سیسوفوس وەبەرچاو دەکەوێ. بەرهەمەکانی دیکەی ئا بەم جۆرە سەرکەوتوو نەبوون. کامۆ جاروبارە نەیدەتوانی ئەندێشە فەلسەفییەکانی خۆی بەپێی تێگەیشتنی لە پرسەکانی پەیوەندیدار دەردەبـڕێ، یان دەرەقەتی ئاراستەکردنیان بەشێوەیەکی ئەدەبیی نەدەهات.

کامۆ زۆر جاران فەیلسوف بوونی خۆی رەتدەکردەوە. رەخنەگرانیش قسەی ئەویان قبوڵکردووە، بەڵام رەتکردنەوەی کامۆ بەپێی جیاوازیی لە شێوازدا بوو، نەک جیاوازیی لە بابەتدا. بۆ فرانسین دەنوسێ: من بڕوایەکم نییە، بەو ئەندێشانەی کە لە ماوەی مشتومڕ یان جیاوازیی بڕوا دەردەبڕدرێ. من فەیلسوف نیم، بۆ من بیرکردنەوە بەسەرهاتێکی ناخیە کە پێدەگات، یان ئەوەی مرۆڤ ئازار دەدا، یان بێهۆشی دەکات (Todd, 280).

کامۆ پێی خۆش بوو کە بیرە فەلسەفییەکەی لە ناخی ئەزمونکراویدا بێتە دەرێ و لە محەکی بینین و هەستی ئەخلاقیی بدرێ هەتا پتەو و تۆکمە بێ. ئەو گومانی لە عەقڵی رەهاو ئازادو بەسیستم کردنی فەلسەفیی هەبوو. بەدوای فەلسەفەکاریی بە شێوەک بوو کە لەگەڵ گفتوگۆی مرۆڤی بسازێ و

بە سەرقاڵیی ئایینەوە گرێ بدرێ و بتوانێ بەبێ کەڵک وەرگرتن لە زاراوە تەکنیکییەکان بوترێتەوە.

**ژێدەر**

فلسفەی کامو، ریچارد کەمبیر، مجموعەی نام اوران فرهنگ، چاپی دووەم 1387.

---

Mondovi . 1

Lucien . 2

Catherine Helene Sintes . 3

Minorca . 4

(Le Premier Homme (The Firest Man . 5

Louis Germain . 6

jean Grenier . 7

(Les IIes (Islands . 8

(La Condition humanaine (Man`s Fate .9

Metaphysigue Chretienne et Neoplatonisme (Christian . 10
(Metaphysicsm

Simone Hie . 11

Franciue Faure . 12

Oran . 13

Alger Republicain . 14

# ئەلبێر کامۆ و سەرقاڵیەکانی «مرۆڤی یەکەم»

عەلی رەزا زیحەق
لە فارسییەوە: ناسر حەقیەرەست

## چاوگێرانێکی کورت بە رۆمانی «مرۆڤی یەکەم»ی ئالبێر کامۆ

رۆمانی «پیاوی یەکەم»ی کامۆ، هیچ کات دەرفەتی پێداچوونەوەی نەبووەو وەرگێردراوی فارسییەکەی بە ناوی «مرۆڤی یەکەم» لە چاپدراوە، دوا بەرهەمی شێوە چیرۆکی کامۆیە. سەرچاوەکەی دەستنوسێکی بە پەلەی 144 لاپەڕەییە لە دووتوێی دەفتەرێکدا، بەڵام پر لە هێماو ئاماژەگەلێک کە تەنیا کامۆ خۆی دەیتوانی لێیان تێبگات و دەبوو لە داڕشتنەوەیدا خۆی بەسەریەوە بوایە، کە مەرگ ئەو دەرفەتەی پێنەدا.

«مرۆڤی یەکەم»یش وەک بوویەکی بێگانە، زمانێکی چەند رەهەندی هەیەو بە مانا گەلێکی وەک «نهێلیزم» و «بێ ناوەڕۆکی بوون» ئاوێتەیە. بەرهەمێک کە لێهاتوویی وێژەیی و روانگەی پەتی فەلسەفەی کامۆ بە چەند بەشێکیەوە دیارە. بەسەرهاتەکانی ئەو رۆمانەش هەر وەک «بێگانە»و «تاعون» لە جەزائیرو بە تایبەت لە جەزائیر روودەدەن. وڵاتێک کە لەلایەن فەرانساوە داگیرکرابوو و کامۆش بەشی زۆری تەمەنی لەوێ بەسەربرد.

لە «مرۆڤی یەکەم»دا هەتاوی گەرم، هەژاری لەرادەبەدەرو مرۆڤگەلێک بەرچاو دەکـەون، کە خوویان بە رەنج و دژواری گرتووە. قارەمانی بەسەرهاتەکە»ژاک کورمێری»یە کە بەم چەشنە لە دایک دەبێت: « بەلای نەخۆشەکەوە شتێکی بێشکڵی خوێناویان بینی کە بە جۆرێک لە جێی خۆی دەجوڵایەوە»، لە دایکێکی نیوە نابیست و باوکێک کە لە یەتیمخانەدا گەورە

بووه و زادەی کوێرەدێیەکە کە کاتێ باوکی بە شوێن دکتۆردا دەچێت، دکتۆر پێی دەڵێت ئاخر ئێرەش بوو بە شوێنی مناڵ خستنەوە». شەوێکی پاییزی 1913 و لە موڵکێکی ئەوقافی دا لە نزیک دێیەکی دووره دەست و چکۆلەو دوور لە جەزائیرە ... .

1913 ساڵێکە کە کامۆ خۆی تێیدا لە دایکبووە. چل ساڵێک تێپەر دەبێت و رۆژێک هەر ئەو مناڵە کە هیچ دیمەنێکی باوکی لە زەیندا نییە، لە پاش یەک ساڵەیی» ئاگرێکی جیهانی قوتی داوە، بێجگەلە بیرەوەرییەکی خەیاڵاوی چیتر نەماوە، وەک باڵەکانی پەپولەیەک کە لە گرگرتنی دارستاندا دەسوتێت». لەسەرتکای دایکی لە پاش چەندین ساڵ کاتێک کە دەیەوێ بچێت بۆ جەزائیر، بۆ سەردانی کە لە ئەنجامی سەردانی گۆڕستانێک لە فەرانسە کە دەمێک بوو لەوێ دەژیا، سۆراخی «پلاکی شوێنی ناشتنی مردووەکانی شەڕی 1914 دەگرێت. بە ساردوسڕی دەڕوانێتە بەردی سەر گۆڕی باوکی و دەیەوێ تێپەڕبێت، کە دەبینێ باوکی لەو گەنجتر بووە. خۆی لە 29 ساڵەیی دا کە هەموو تەمەنی باوکی بووە دەبینێتەوەو ئەوەی دێتەوە یاد کە لەو کاتدا گەلێک پر ئازاو شلک بووە و لە پڕدا دڵی پێی دەسوتێ و بڕیاردەدات لە سەفەرەکەیدا بۆ جەزائیرە، بە دواداچونی بۆ ژیانی بکات «پیاوێک کە ژیانی پێ بەخشیوەو بەرەو شوێنێکی نەناسراو لەوبەری دەریا دەچێت و دەمرێت» بزانێ چۆن کەسێک بووە.

مرۆڤێک کە «تەرکەشی خومپارە شەق دەخاتە سەری و لە ناو کوشتارگا و نەخۆشخانەی بریندارەکان، بە چاوانێکەوە کە ئیتر توانای دیتنیان نییە، بە خەتێکی شەقلی پەقلی بۆ هاوسەرەکەی نوسیبوو»: بریندار بووم شتێکی وا نییە، هاوسەرەکەت. ... لە پاش چەند رۆژ مردبوو». ئەو پشت لە گۆڕەکە دەکات، تا کۆتایی رۆمانەکە لەگەڵ خۆیدا دەمانباتەوە سەردەمی

منداڵی و لاوێتی خۆی و دەمانگەیەنێتەوە ئێستایەک کە دایکی چارەڕەشی، هەروا لەگەڵ بێ بەختییەکەیدا خۆشەو پێی خۆش نییە، لە جەزائیرە دوورکەوێتەوە. وەک پێشوو ئاگاداری لەسەرباریی براکەی «خاڵو ژاک» دەکات، کە دژوار دەبستێ و هەر دووکیشیان پیرو تەنیا کەوتونەتەوە. ژاک لەوەی کە بەهرەی تەمەنی لە دونیا زیاتر لە باوکی بووە، دەپەشێوێ و بۆشاییەکی سامناک دەروونی دەهەژێنێ. پێ بەپێی خۆی دەمانباتە قوڵایی هەستە مرۆڤیەکان، بەڵام یادەوەرییەکان تاڵ و تاریکن و هەرچی زیاتر بە شوێن زەمانی تێپەڕ بوودا دەگەڕێت، کەمتر دەیدۆزێتەوە. ... رادەهێنێت کە یادگەیەک هەیە، کە لە دڵ دایەو دەڵێن لە هەموان باوەرپێکراوترە، بەڵام کارو ئازار دڵیش دەپروکێنێت و لە ژێر باری هیلاکیدا هەموو شتێک لە بیر دەباتەوە. تەنیا دەوڵەمەندەکان دەتوانن کاتی لە دەستچوو بگێرنەوە بۆ هەژارەکان و تەنیا هێماگەلێکی ناروون بەرەو رارەوی مەرگ لە پاش خۆی بە جێدێڵێت، بۆ ئەوەی کە تاقەت بێنن نابێ زۆر سۆراخی رابردوو بکەن، بەڵکو دەبێت بە ژیانی رۆژانەی خۆیانەوە سەرقاڵبن.» دایکی و خاڵی هیچ بیرەوەرییەکیان نەبوو، تەنیا ئەوە نەبێت کە دەیانزانی زۆر لەو دەچوو. سۆراخی مامۆستای سەرەتایی خۆی «بێرنار» دەکات، کە باوکی لە شەردا دیبووی ئەویش هەر ئەوەندەی دەزانی کەسێکی کەم قسە بووە.

ژاک دەڕوانێتە جێگە پێیەکانی داگیرکاری و هەزارانی وەک باوکی کە بۆ ماڵ و منداڵی خۆشیان نەناسراون و لە سەد ساڵ لەمەوبەرەوە وەجبە وەجبە هێنراونەتە جەزائیر و شارگەلێکی ناپایەداریان وێنەکێشانەوە. یەکەمینی ئەو مرۆڤانەی کە دەبوایە وەک ئەو بێ باوک و دەسبەتاڵ گەورە بوونایە، لەسەر خشت جێ هێشتووە... بەرهەمی هەموو ئەوانە بوونە ژیانێکی بێریشە و ئیمان. ئەو فەرانسەویانەی کە هیچ کات نیشتمان بە

لایانەوە مانایەکی نەبوو. نیشتمان بوونێکی گرنگ بوو کە ئەرکگەلێکی بە شوێنەوە بوو. هەندێک کاتێ خەڵک پشتیان پێدەبەستێ و هەندێک کاتیش ئەو بە خەڵک.

هەندێکیشیان تەنیا ئەوەندەیان دەزانی کە باوکیان لە ڕێگای نیشتماندا مردووە. نەوەیەک کە تەنیا هەتاو، هەژاری و دەریایان دەناسی و هەمیشەش بە لایانەوە بێکۆتایی بوو، لە ناو هێرشی وەهم گەلێکی نارِوونی وەک مەرگی نەناسراودا دەژیان. یان ڕەنگە شەڕ. سەردەمێک لە ژیان کە ئەگەر تەنانەتێ نەشمرێ دەبێ دەستێ و قاچ و... زۆر شتی تر لە دەستێ بدەی.

بۆ ژاک کە تەنانەتێ ئەو کاتەش لە ڕێگای بۆرسەوە چووبووە دواناوەندی، پشوەکانیش لە پلەی یەکەمدا بێجگە لە گەرماو بۆنی میزو قیر لە شەقامە گەرمەکاندا مانایەکی تری نەبوو. لە تاریکی ناخی دا بیری لە ئیشتیایەک بە ژیان دەکردەوە. ئیشتیایەک کە تا بەمرۆش بوونی قەرزاری ئەو بوو، بەڵام دیسانیش، واهیمەی هەبوو و دەیویستێ ڕاکاتێ. «شوێنێک کە نە کەسی لێ پیر بێتێ، نە بمرێ. لە جیاتی ئەوەی کە جوانی ماندگار بێتێ، ژیان هەمیشە رامنەبوو پر جوش بێتێ، ئاوا شوێنێکیش بوونی نەبوو. ژیان تێپەڕدەبوو، بێ ئەوەی کە بتوانێ شتێک گل دەیتەوە. بە چەشنێک کە تەنانەتێ دەرفەتی پێداچوونەوە و ڕێکوپێک کردنی ئەم رۆمانە دەگمەنەی بە خودی کامۆش نەدا.

«ئالبێرکامۆ» لە ساڵی 1957 خەڵاتی نۆبێلی وێژەیی بەهۆی خوڵقاندنی بەرهەم گەلێک کە تێیاندا کێشە دەروونییەکانی مرۆڤی سەردەمی خستبووە بەرچاو وەرگرتێ، لە کتێبی مرۆڤی یەکەم «یشدا کە لە ماوەی سێ ساڵی کۆتایی ژیانیدا نوسیویەتی، بە هەمان شێوە مرۆڤگەراو عەوداڵی عەدالەتە.

کامۆ لە بەرهەمەکانیدا لەسەر ئەو بڕوایەیە کە دەکرێ «بوونی» لە هەر

ماناو ئامانجێک خاڵی بزانی و درێژە بە ژیانیش بدەیت. «مرۆڤی یەکەم» رەنگە بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ، بەرهەمێکە واقعگەرایانەو نۆستالژیک کە ئاوێنەی بەشێک لە ژیانی کامۆیە. دەڵێی لە ناخوداگای ئەودا، مەرگ بوونێکی دەمدەمی هەیە و دەیویست لە ناو کەسایەتییەکانی ئەم رۆمانەدا، گوزەرێکی بە رابردوودا کردبێت.

پیاوی یەکەم (مرۆڤی یەکەم)یش وەک قارەمانی کتێبی «بێگانە«، سەر لێشێواوێکی حەیرانە، لە مابەینی چاکەو خراپەدا وەک پیاوەکانی سەرەتای کتێبی «تاعوون» بە هەموو پوچییەوە، خۆراگری دەزانێت، چونکە ژیان تایبەتمەندی و عادەتی هەر مرۆڤێکە.

# مەرگ و پوچگەرایی
# لە ڕۆمانی (نامۆ) ی ئەلبێرکامۆدا

**Alan Gullette**

لە ئینگلیزییەوە: شاسوار کەمال مەحمود

له رۆمانی نامۆدا ئەلبێر کامۆ فەلسەفەی پوچگەرایی خۆی دەردەبڕێت. رۆمانەکە گێڕانەوەیکی تاکەکەسییە بۆ ژیانی میرسۆل (پاڵەوانی رۆمانەکە) لە کاتی مردنی دایکییەوە، تا کاتی لە سێدارەدانی بەهۆی کوشتنی کەسێکی عەرەبەوە. ناوەڕۆکی سەرەکی رۆمانەکە بریتییە لەوەی کە گرنگی ژیانی مرۆڤ کاتێک دەردەکەوێت، کە رووبەڕووی  لە ناوچوون، یاخود مردن، دەبێتەوە. بەدرێژایی رووداوەکانی رۆمانەکە ناخی میرسۆل گۆڕانکاری بەسەردادێت، لێرەوە کامۆ پێیوایە چاوەڕوانی گریمانەی مردن کاریگەری لەسەر تێگەیشتنی کەسێک هەیە بۆ ژیان.

رۆمانەکە لە مردنی دایکی میرسۆلەوە دەست پێدەکات، لەکاتێکدا ئەو بەشداری لە پرسەکەدا دەکات زۆر گرنگی بەتەرمی دایکی نادات، بەڵکو لە جیاتی ئەوە بیر لەوە دەکاتەوە، ئەشێ چ کاریگەریەکی لەسەر رزینی تەرمی مرۆڤ هەیە. ئەمە ئەوە دەردەخات کە میرسۆل بە هیچ شێوەیەک کاریگەر نەبووە بە مردنی دایکی، هیچ شتێک لە ژیانی ئەو نەگۆڕاوە، بەواتایەکی دی مردنی دایکی، هیچ گرنگیەکی بۆ ئەو نییە.

لە رووداوێکی دیکەدا، کاتێک یەکێک لە دراوسێکانی دەگرێت، بۆ سەگەکەی کە تازە مردووە، میرسۆل دایکی بیردەکەوێتەوە، بەڵام لەبری ئەوەی بیر لە دایکی بکاتەوە، دەچێت دەخەوێت.

کاتێک میرسۆل و دوو لە هاوڕێکانی لەسەر کەناری دەریا دەبن، لەگەڵ دوو کەسی عەرەبدا رووبەڕوو دەبێتەوە (کە بێزاری بۆ یەکێک لە

هاوڕێکانی دروستکردووه). میرسۆل دەمانچەی پێیەو بیر لەوە دەکاتەوە کە بینەقێنێت، یاخود نەی تەقێنێت، هەر هەمان شتە. لە ناوبردنی ژیانی کەسێک کاریگەری لەسەر خودی ژیان، یان گەردوون نییە، لەئەنجامدا میرسۆل یەکێک لە عەرەبەکان دەکوژێت (وەک بەرگری لە خۆکردنێک)، بەڵام ئەو هیچ پەشیمانییەک دەرنابڕێت، لە کاتێکدا ئاشکرایە بەند دەکرێت و لە سێدارە دەدرێت. ئەو پێیوایە " روویدا روویدا"، دواتر ئاماژە بەوە دەکات، کە ئەو زیاتر لە ئێستا، یاخود داهاتوویەکی نزیکەوە سەرقاڵە، زیاتر لەوەی بیر لە رابردوو بکاتەوە.

بەواتای ئەوەی میرسۆل بە ئاگایە لە هەموو هەوڵە بێهودەکان بۆ رێگە گرتن لە مردن، بەڵام ئەم ئاگاییە ئەوەندە بەتین نییە، ببێتە خود ئاگایی و بەهیچ بەشێوەیەک کاردانەوەی نابێت لەسەر مەرگی خۆی. بە دڵنیایەوە مەرگی کەسێک تەواو جیاوازە لە مەرگی خودی مرۆڤەکە خۆی. لەوەی یەکەمیاندا تۆ جارێکی دیکە ئەو کەسە نابینیتەوە، بەڵام لەوەی دووەمیاندا مرۆڤەکە زۆر بە ئاگایە (هەموو شتێک کۆتایی دێت، تەواو) وەک ئەوەی فیلمێکی تەلەفزیۆنی تەواو دەبێت، کاتێک سویچی کارەباکە دەکوژێنینەوە. مردن هەموو شتەکان یەکسان دەکات، یەکسانییەکی پوچگەرا. مردن بۆ خۆی پوچە، چونکە عەقڵ و دانایی ناتوانێت مامەڵەی لەگەڵدا بکات. تێگەیشتن لە مردن شتێکی ناعەقلانییە، بەڵام بوونیشی هەیە، واتای مردن لە ماناکەیدا نادۆزرێتەوە، بەڵکو لە راستێتی ژیانی کەسێکدا کە لە هەر چرکە ساتێکدا رووبەڕووی لە ناوچوون و کۆتایهاتن دەبێتەوە.

پێش ئەوەی مێرسول دادگایی بکرێت، کاتەکانی خۆی بە خەوتن و خوێندنەوەی چیرۆکی رۆژنامەکان بە سەر دەبات، لەگەڵ بیرکردنەوەی لە ژووری ماڵەکەی بە هەموو پێکهاتەکانییەوە. ئەم پەیوەندیە ئەوەمان

پێدەڵێت کە میرسۆل هەستیارو بە ئاگایە. ئەم هەستیاری و بەئاگاییەمان بۆ دەردەکەوێت، کاتێک بە تەواوی وەسفی جوانی سروشتی کەنار دەریاو ئاوی سازگارو سێبەرو شمشاڵ و مەلەکردن و خۆشەویستی لەگەڵ مارياو کاتەکانی ئێوارە دەکات. تەنانەت دەڵێت ئەگەر ناچار بکرێت لە ناو درەختێکی کلۆردا ژیان بەسەر ببات، ئەوا سەیری ئاسمان دەکات بۆ بینینی هەور و باڵندەکان.

دوای دادگاییکردنەکە (کە بڕیاری لە سێدارەدانی بۆ دەردەچێت)، چی تر یادگارییەکانیمان نیشان نادات. سەرەتا بیر لەوە دەکاتەوە هەڵبێت.ئەو ناتوانێت لەگەڵ حاڵەتی لەسێدارەدانەکەدا بگونجێت.

بیردەکاتەوە لەوەی بۆ تاوانبارە؟ بۆ دادگایەکی فەڕەنسی دادگایی دەکـات، نەوەکو داگایەکی چینی؟بۆچی بڕیاری دادگـا کاتژمێر (8)ی بەیانی خوێندرایەوە، نەوەک(5)ی بەیانی؟ دوایی ئەوەی واز لە هەوڵی هەڵاتن دەهێنێت، دوو شت بە بیری دادێت ئەوانیش: بەرەبەیان دێت و پاسەوانەکان دەیبەنە بەردەم پەتی قەنارەو لە سێدارە دەدرێت، یاخود لەوانەیە ببەخشرێت لە سزاکەی و ئازاد بکرێت، بۆئەوەی مێشکی لەم بیرکردنەوانە بە دوور بێت، بیر لە ئاسمان دەکاتەوە، یاخود گوێ لە ترپەی دڵی دەگرێت، بەڵام گۆڕانی رووناکی تێپەڕبوونی کات و بەرەبەیانی بەبیردا دەهێنێتەوە (کە کاتی لە سێدارەدانەکەیەتی).

لەگەڵ ئەوەی دڵنیایە کە مردنەکەی حەتمییە، میرسۆل بیر لەوە دەکاتەوە سود لەو کاتانەی پێش مردنی وەربگرێت، بەو هیوایەی هەلی ئازادبوونی هەبێت و بتوانێت چەند ساڵێکی دیکە بژیت. ئێستا ئەو بەهای هەرساتێکی پێش مردن دەزانێت، چونکە لە مردندا هیچ شتێک گرنگ نییە، مانا، بەها، گرنگی ژیان تەنها لە مردندا دەردەکەوێت. زۆربەی خەڵکی ئەم راستیە نازانن، بەڵام هیوای ژیانێکی زیاتر چێژێکی خۆش بە میرسۆل

دەبەخشێت.

بیرکردنەوە لە مردن وا لە مرۆڤ دەکات، ئاگاداری ژیانی خۆی بێت وبەهای بزانێت. زانینی ژیانی مرۆڤ کە رۆژێک دێت، کۆتایی دێت وا لە مرۆڤ دەکات واز لەو کارانە بهێنێت کە گریمانەن بۆ نەمانی مردن، بە واتایەکی دی هەموو چالاکیەکی مرۆڤ پوچە، ئازادی راستەقینە بریتیە لە ئاگاداربوون لە ژیان وەک خۆی بەتەواوەتی، بە خۆشی و ئازارەکانییەوە بەئومێد و ناڕەحەتیەکانییەوە.

**سەرچاوە:**

ئینتەرنێت

# هەڵچوون دژ بە پوچیبوون

عەلی ئەمینی نەجەفی
لە فارسیەوە: حوسێن فەرەجی

ئەلبێر کامۆ نوسەری فەرەنسی چواری ژانوییەی (1960) لە ڕووداوێکی هاتوچۆدا لە باشوری فەرەنسا گیانی لە دەستدا. مەرگی ئەو هیچ ماناو لۆژیکێکی تێدا نەبوو و تەواو «پوچ» بوو. کامۆ هێشتا گەنج و لێوان لێو لە ژیان بوو، حەزی لە لێخوڕینی ئۆتۆمبێل نەبوو، تەنانەت ڕۆژی پێش ڕووداوەکە بلیتی شەمەندەفەری پاریسی کڕی بوو، تەنیا لەسەر پێداگری هاوڕێکەی میشێل گالیمار بوو، کە رازی بوو بە ئۆتۆمبێل بچێت بۆ پاریس. لەو دوانیوەڕۆ بارانییە، ئۆتۆمبێلەکە لە جادەکە لایداو، وەرگەڕاو کامۆ مرد.

ئەلبێر کامۆ لە دوایین و ڕەنگە باشترین ڕۆمانی خۆی بە ناوی «یەکەمین مرۆڤ»، کە (35) ساڵ پاش مەرگی بڵاوکرایەوە، سەرگوزەشتی پیاوێک دەگێڕێتەوە کە بڕیاریداوە تەنیا بە ئیرادەی ئازادی خۆی بژیت. لەم گێڕانەوە ئاماژەییەدا باس لە گوتەزای «هەڵچوون»، بەسەرهاتی خودی ئەلبێر کامۆی بە ڕوونی خستوەتە ڕوو.

سەرتاسەری ژیانی کامۆ، بە یەک مانا ململانێ لەگەڵ«جەبری چارەنوس» بوو، بۆ دەستەبەرکردنی ئازادی. ئەو لە «ئەفسانەی سیزێف» دەنوسێت: «هیچ چارەنووسێک نییە، کە نەکرێ بە سەریدا زاڵ نەبیت و نەیخەیتە ژێر رکێفی خۆتەوە.»

## منداڵی باشور

ئەلبێر کامۆ لە (7)ی نۆڤەمبەری ساڵی (1913) لە خێزانێکی هەژار لە جەزائیر چاوی بە ژین پشکوت. یازدە مانگان بوو کە باوکی لە جەنگی جیهانی یەکەم (1914) کوژرا. دایکی ژنێکی نەخوێندەواری بە رەچەڵەک ئیسپانیایی بوو کە بە چەرمەسەری و رۆژ رەشی منداڵەکانی خۆی گەورە کرد.

کامۆ لە بواری فەلسەفەدا وانەی دەخوێند، بەڵام بە هۆی تووشبوونی بە نەخۆشی سیل، نەیتوانی درێژە بە خوێندن بدات. لە هاوکاری لەگەڵ گروپەکانی شانۆی خوێندکاری، دەستیدایە شانۆنامە نوسی.

کامۆ لە میانەی جەنگ سەرەتاکانی دەیـەی(1940)، بۆ دابینکردنی بژیوی ژیانی، چوو بۆ فەرەنساو سەرەنجام لەپاریس نیشتەجێبوو. هۆگری بۆ باشور، عەشق بە خۆرو تیشک و زەوی گەرم، بۆ هەمیشە لە گیانی ئەودا مایەوەو تینی بە چالاکییە ئەدەبییەکانی ئەو دەبەخشی.

لەکاتی داگیرکردنی فەرەنسا، ئەلبێر کامۆ بوو بە ئەندامی یەکێک لە گروپەکانی «بزوتنەوەی بەرەنگاری» بەناوی «کۆمبا». ئەم گروپە پێکهاتبوو لە چەپە سەربەخۆکان لە حزبی کۆمۆنیستی فەرەنسا. ساڵێک دواتر کامۆ بوو بە سەرنوسەری بڵاوکراوەی ژێرزەمینی ئەم گروپە.

ئەلبێر کامۆ لە ساڵی (1942) کە هێشتا تەمەنی نەگەیشتبووە (30) ساڵی دوو بەرهەمی گرنگی بڵاوکردەوە، دوو کۆڵەکەی پتەوی بۆ نوسینە فەلسەفی و بەرهەمە ئەدەبییەکانی ئەو. نامیلکەی «ئەفسانەی سیزێف» و رۆمانی «نامۆ».

## پوچی بنەڕەتی ژیانە

کامۆ لە «ئەفسانەی سیزیف» فەلسەفەی خۆی بە دەربڕینێکی سادە و راشکاو دەڵێتەوە. کتێبەکە بەم رستەیەوە دەستپێدەکات: «تەنیا پرسێکی جیدی فەلسەفی بوونی هەیە: پرسی خۆکوژی. گرنگترین پرسیارێک کە فەلسەفە دەبێت وەڵامی بداتەوە ئەمەیە، کە ئایا ژیان بەهای ژیانی هەیە، یان نا.»

ئەلبێر کامۆ بەڵگەی دەهێنێتەوە کە ژیان خۆ بەخۆ رووداوێکی پوچەو داتاشینی هەر مانایەک بۆی، چ زەمینی و چ لە جیهانی میتافیزیک، درۆو قسەی قۆڕەبوون لە بەرامبەر هۆش و ژیری مرۆڤ تەواو بێکاریگەرە. بەبڕوای کامۆ: «پوچی لە قوڵای رووبەڕووبوونەوەی هاواری مرۆڤ، لەگەڵ خامۆشی تاریکی جیهان لە دایک دەبێت.»

ئەلبێر کامۆ پوچی، یان بێهوودەیی بوون لە چاو رەوتی بێمانایی و دوبارە بوونەوەی بەردەومی ژیان دەزانێت: مەبەست لەم هاتن و چوونە، هەرگیز روون نابێتەوە. کامۆ فەلسەفەی خۆی بە یارمەتی چارەنوسی ژاناوی سیزیف لە ئۆستورەکانی یۆنانیدا وەسفدەکات: خواکان سیزیفیان بەوە مەحکومکرد، کە کاشەبەردێکی قورس بەرێتە سەر لوتکەی کێوێک، بەڵام گاشە بەردەکە قورسەکە هەموو جارێک لە سەر کێوەکەوە تلار دەبووە خوارەوە و سیزیف ناچار جارێکتر دەیبردەوە سەرێ و ئەم کارە بێ ئەنجام و دەرهێنەی تا ئەبەد دوپات دەکردەوە.

## مرۆڤی سەرکەش

ئەلبێر کامۆ لە سەر ئەو بڕوایەیە کە مرۆڤ تەنیا بە «هەڵچوون» دەتوانێت بەرەنگاری پوچی ببێتەوە. ئەو وتە بەناوبانگەکەی دیکارتی ئاوا

لێکرد: «هەڵدەچم کەواتە هەم.»

ئەلبێر کامۆ دان بەوەدا دەنێت، کە هیچ شتێک ناتوانێت «پوچی بنەڕەتی بوون» چارەسەر بکات، بەڵام رەنگە بتوانرێت لە ئێش و ئازارەکەی کەمێک کەم بکرێتەوە.

لە ئەندێشەی کامۆدا مرۆڤ بە هەڵچوون دەگاتە ئازادی و هۆشیاری. ئازادییەکانی خۆی دلێرانە وەردەگرێتەوە و سنوردارییەکانی خۆی قبوڵدەکات. دەوترێت کە هەڵچوونی کامۆ وەڵامدانەوەیەکی فەلسەفی نییە، بەڵکو تەنیا رێنماییەکی ئەخلاقییە.

کامۆ لەو بڕوایەدایە کە دەبێت بە مەیلێکی فراوانەوە بەرەو ژیان باوەش بکرێتەوە، چێژی لێوەربگریت و دلێرانە بەگژ ناشیرینی و نگریسییەکانیدا بچینەوە.

کامۆ بەبڵاوکردنەوەی ناملکەی «مرۆڤی سەرکەش» لە ساڵی (1951) رێی خۆی لە هاوڕێ کۆنەکانی خۆیان لە رێبازی ئێگزیستانسیالیزم جیاکردەوە. ئەو بەرێنماییە ئیدئۆلۆژیکەکان بەد گومان بوو. بەڵێنی «سبەینێیەکی باشتر»ی بە فریوکاری و درۆی سیاسەتمەدارەکان دەزانی.

کامۆ باوەڕی بە «بەژەوەندی» نەبوو، بۆ ئەو ئەخلاق و سیاسەت یەکبوون، لە سەردەمی زاڵبوونی ئارمانەکانی چەپ، ئەو هۆشداری بە رووناکبیران دەدا کە خەونە «ئیدئۆلۆژیک»ەکان تەنیا دەگاتە بێ هیوای و مات بوون. سیستمە فرەخوازەکان لە هەرە چەپەکانەوە بگرە تا هەرە راستەکان، بە دانی وادەی بەهەشتی وەهمی، لەسەر گۆی زەوی جەهەنەمێکی راستەقینە بەرپا دەکەن.

**بنبەستی دۆخی مرۆیی**

چیرۆکی «نامۆ» گێڕانەوەی «پوچی خۆیی» و بنبەستی «دۆخی مرۆی» لە چوارچێوەی چیرۆکەکە: ژیانێکی بێهوودە تەنیا دەتوانێت بگاتە ئەنجامی کوشتنێکی بێهوودە.

بە شانۆنامەکانی کالیگۆلا، خراپ تێگەیشتن، دەسەڵاتی سەربازی، راستەکان و رۆمانەکانی تاعون و کەوتنە خوارەوە، ئەلبێر کامۆ بوو بە یەکێک لە نوسەرە گەورەکانی ئەدەبیاتی فەرەنسا.

کامۆ لە ساڵی (1957) خەڵاتی نۆبێلی ئەدەبیاتی پێبەخشرا، لە (44) ساڵی دا ئەو گەنجترین نوسەرێکە کە ئەم خەڵاتە دەکاتە هی خۆی.

# ئەلبێر کامۆ،ئەفسانەی سیزیف
# وتە نامۆکانی کامۆ

وەرگێڕانی: ئازاد بەرزنجی

* ویستویەتی دەربارەی هەستکردن بە پوچی بدوێت.

* پوچی (یان ئەبسێرد) لای کامۆ بریتییە لەو دژوازییەی لە ئەنجامی بەریەککەوتنی هۆشی مرۆڤ و گێتییەوە پەیدا دەبێت، کاتێک مرۆڤ پرسیار لە گێتی دەکات و گێتیش بێدەنگ و بێ وەڵامە.

* بەڵام ئەم پێناسەی پووچییە لە مانا گشتییەکەیدا. ئەگینا هەستکردن بە پوچی وابەستەیە بەو بیرۆکەیەوەی کە ژیان بە مانایە. هەر بۆیە دەتوانین بڵێین کە ئەم کتێبە پەیجۆرییە لەسەر ماناداری و بێمانایی ژیان.

* ئەم ژیانەش بە بۆچوونی کامۆ سێ خەسڵەت دەگرێتەخۆ: یاخیبوون، ئازادی، جۆش و خرۆش بۆ ژیان.

* دواجار کامۆ مرۆڤی هاوچەرخ بە «سیزیف» دەشوبهێنێت.

* هیچ ئازارێک سەختتر نییە، لە ئازاری کارێک کە دەیکەیت و بێهودەیە.

* «ئەسفانەی سیزیف» هەوڵدەدات کێشەی خۆکوشتن چارەسەر بکات، وەک چۆن «مرۆڤی یاخی» هەوڵدەات کێشەی کوشتن چارەسەر بکات.

* «ئەفسانەی سیزیف» بریتییە، لە بانگەشەیەکی سانا بۆ ژیان و داهێنان، تەنانەت لە ناو جەرگەی بیابانیشدا.

* سەرەتای بیرکردنەوە، سەرەتای فەوتانە.

❊ ئێمە ئەگەر ئەو کەلێنە تێپەڕینین کە لە نێوان ئارەزوو تێرکردنیدا هەیە، ئەوا هاوڕای «پارمێنیدس» دەبین لە راستیبوونی یەکێتیدا.

❊ نامۆ دەبم بەرامبەر بە خۆم و بەرامبەر بە دونیاش.هیچ چەکێکیش شک نابەم جگەلە هزرێک کە لەو ساتەدا کە خۆی دەسەلمێنێت.

❊ لەوکاتەوەی زەردەشت هاواری کرد: «بە ڕێکەوت عەقڵ کۆنترین جوامێرییە لە جیهاندا. لە سەروو ئیرادەی عەقڵەوە.

❊ ئەم جیهانە جیهانێکە قابیلی وەسفکردن نییە، دژواری و ناکۆکی و نیگەرانی، بێ توانایی بەسەریدا زاڵە.

❊ ئـەو مرۆڤەی کە دەنوسێت: «بێدەنگی هەیە سەرسەختە، سەرسەختترین بێدەنگییش ئەوە نییە کە زمان دەبەستێت، بەڵکو ئەو بێدەنگییە کە دێنە گۆ»

❊ بەم جۆرە، مانای پوچی کاتێک دەردەکەوێت کە ئەنجامەکانی ئەم جۆرە ئەنجامگیرییە لەگەڵ ئەو واقیعە لۆجیکییەدا بەراورد بکەین، کە مرۆڤ دەیەوێ بەرقەراری بکات.

❊ پوچی لە بنەڕەتدا تەلاقە (جیابوونەوەیە)، لە هیچ یەکێک لەو رەگەزانەشدا نییە، کە بە یەکتری بەراورد دەکرێن.

❊ راستییەک هەیە کە پێدەچێ راستییەکی تەواو مۆڕاڵ (ئەخلاقی) بێت. ئەویش ئەوەیە کە مرۆڤ هەمیشە نێچیری دەست حەقیقەتەکانی خۆیەتی.

❊ ئێمە دەزانین کە پوچی بە تەنها لە حاڵەتی هاوسەنگی بووندا دەردەکەوێ، واتە لەبەراوردا نەک لە لایەنەکانی بەراوردکردنەکەدا.

❊ «کەسی باوەڕدار سەرکەوتنی خۆی لە شکستدا دەبینێتەوە».

❊ لە روانگەیەوە، نائومێدی دۆخە نەک حەقیقەت، دۆخی گوناح

خۆی، لەبەرئەوەی گوناح ئەو شتەیە کە مرۆڤ لە خودا دوور دەخاتەوە. ئەبسێرد، کە دۆخی میتافیزیکیی مرۆڤی هۆشیارە، بەرەو خودامان نابات.

* خودایە بپارێزن، عەقڵی مرۆیی نەفی دەکەن.

* بە واتایەکی دی، دیاردەناسی نایەوێ جیهان راڤە بکات، بەڵکو دەیەوێ وەسفی ئەزمونی راستەقینە بکات.

* مرۆڤی ئەبسێرد لە پنتێکی رێگای ژیانیدا رووبەڕووی هەڵفڕیوان دەبێتەوە.

* مێژوو هەم ئایین و هەم پێغەمبەرو، تەنانەت پێغەمبەری بێ خوداشی تیایە.

* ئاخۆ مرۆڤ دەتوانێ بەبێ هانا بۆ بردن بژی.

* ژیان واتە هێشتنەوەی پوچی (یان ئەبسێرد) بە زیندوێتی، بە زیندوێتی راگرتنی پوچییش، پێش هەموو شتێک، واتە تێڕامان لێی. بە پێچەوانەی «یۆریدیس»ەوە، پوچی کاتێ دەمرێت کە رووی لێ وەردەگێڕین. یاخیبوون یەکێکە لە هەڵوێستە فەلسەفییە توندو تۆکمە تەنیاکان.

* خۆکوشتن ئەنجامێکی لۆجیکیی یاخیبوون نییە، بەڵکو بە پێچەوانەوە، خۆکوشتنیش وەکو بازدان، برینییە لە قبوڵکردن و رازیبوونێکی توندڕەوانە، چونکە مرۆڤ وای دەبینێ، کە لە خۆکوشتندا هەموو شتێک کۆتایی دێت. تیایدا دوارۆژی خۆی دەبینێت ئەو دوارۆژە دزێوە دانسقەیەو بە هەڵەداوان بەرەو رووی دەڕوات.

* هیچ دیمەنێک نییە، جوانتر لە دیمەنی ئاوەز لە ململانێیدا لەگەڵ واقیعێکدا کە لە سەرو خۆیەوەیەتی.

* شتێکیش نییە، هاوتای دیمەنی مەزنایەتی (یان کبریا)ی مرۆڤ بێت. هەر هەوڵێکیش بۆ کەمکردنەوە لە پایەی ئەو مەزنایەتییە.

❊ لەمڕووەوە ئەبسێرد شتێکم بۆ روون دەکاتەوە: پاشەڕۆژ بوونی نییە، ئیتر لێرە بەدواوە ئەمە دەبێتە هۆکاری ئازادیی ناوەوەم.

❊ مەرگیش خاوەنی دوو دەستی رەسەنە، کە لەکاتێکدا وردوخاش دەکات، ئازادییش دەبەخشێت.

❊ بەم جۆرە من سێ ئەنجام لە پوچی وەردەگرم، کە بریتین لە: یاخیبوونم، ئازادیم، جۆشوخرۆشم.

❊ مرۆڤی ئەبسێرد ئەو مرۆڤەیە، کە هیچ بۆ جاویدانی (یان ئەبەدییەت) ناکات، بەبێ ئەوەی رەتیشی بکاتەوە.

❊ مرۆڤ چەند زیاتر خۆشەویستی بکات، زیاتر هێزی پوچی تیایدا گەشە دەسێنێت.

❊ خەسڵەتی دیاری مرۆڤی ئەبسێرد باوەڕهێنانە بە مانای قوڵی شتەکان.

❊ مرۆڤی ئەبسێرد مرۆڤێکە لە زەمان جیانابێتەوە.

❊ ویژدان یان زۆر خێرا دەجوڵێت، یاخود خۆی دەخزێنێتەوە ناو خودی مرۆڤ.

❊ رێگای مرۆڤی ئەبسێرد لەو شوێنەوە دەست پێدەکات، کە ئەو رێگاکەی کۆتایی پێ دەهێنێت.

❊ نیوەی تەمەنی مرۆڤ بەوە دەڕوات کە دەیەوێ گوزارشت لەو شتانە بکات کە دەیەوێ دەریانببڕێت، هەروەها لە بەهەڵەداچوون، لە بێدەنگیشدا.

❊ لە کۆتایی ژیاندا مرۆڤ بۆی دەردەکەوێ کە ساڵانێکی زۆری لە پێناوی دڵنیابووندا لە تاقە راستییەک خەرجکردووە.

❊ مرۆڤبوونی مرۆڤ لەو شتانەدایە کە نایەڵێت زیاتر لەو شتانەی کە دەیانڵێت.

* لەبەرئەوەی من حەز بە یەقین دەکەم. سەبارەت بە مێژوو، یەقینم هەیە. چۆن دەتوانم نکوڵی لە بوونی هێزێک بکەم کە وردوخاشم دەکات؟

* من کە لە ئەبەدییەت بێبەشم، دەمەوێ لەگەڵ زەمەندا بم.

* سەرکەوتن هەمیشە شتێکی دڵخوازبووە، بەڵام بە تەنها یەک سەرکەوتن هەیە و ئەویش ئەبەدییە. ئەوەش ئەو سەرکەوتنەیە کە هەرگیز نابیت بە نسیبم.

* بەڵێ، مرۆڤ کۆتایی خۆیەتی. ئـەوەش تاقە کۆتاییەتی. گەر ویستیشی ببێت بە شتێک، ئەوا لەم ژیانەدا دەتوانێ ئەوە بکات.

* من بایەخ بەو حەقیقەتانە دەدەم کە هەستیان پێ دەکەم و بەریان دەکەوم. ناشتوانم لێیان جیاببمەوە.

* تۆ تا بنەوێ بچوک و نەرمونیان و ئازیزەکەی ناو ناخت بەرەو بەرکەماڵی بەریت، هەرگیز شایستەی هیچ تایبەتمەندییەک نیت نە لەسەر زەوی و نە لە ئاسمان. ئەوکاتیش، لە باشترین حاڵەتدا، هەر بە مەڕی دەمێنیتەوە،

* بەرزترین پلەی شادیی ئەبسێرد، داهێنانە.

* بیرکردنەوە، بەر لە هەموو شتێک، واتە خولقاندن، (یان داهێنان) ی دونیایەک.

* لەناو دڵی مرۆڤدا گەلێ ئومێدی سەرسەخت خۆیان حەشار داوە، زۆربەی کاتیش مرۆڤە بەشخوراو و بێ دەرەتانەکان، دواجار پەنا بۆ وەهم دەبەن.

* ئـەوەی کە هەستیارێتیی مۆدێرنیش لە هەستیارێتیی کلاسیک جیادەکاتەوە ئەوەیە کە ئەمەی دووەمیان لەسەر مەسەلە ئەخلاقییەکان دامەزراوە، بەڵام یەکەمیان لەسەر مەسەلە میتافیزیکییەکان دامەزراوە.

* بەوپێیەی خۆم داواکارو خۆم داواکراوم، خۆم داوەرو خۆم تاوانبارم، بۆیە ئەم سروشتە لەگەڵ خۆمدا مەحکوم دەکەم، ئەم سروشتەی کە بێ هیچ شەرمێک منی هێناوەتە بوونەوە تا ئازارو ئەشکەنجە بکێشم.

* خەسڵەتی خواوەندێتیی من سەربەخۆبوونە.

* «ئەگەر خواوەند نەبێت، کەواتە من خواوەندم» بوون بە خواوەند واتە ئازادبوون لەسەر زەوی و خزمەت نەکردنی بوونەوەرێکی جاویدان. لەسەرو هەمووشیانەوە، واتە ئەنجامگیریی هەموو بەڵگەنەویستەکان لەو ئازادبوونە ئازاربەخشە، چونکە ئەگەر خواوەند هەبێت، ئەوا هەموو شتێک بەندە بەوەوەو ئێمە ناتوانین لە ئاست ئیرادەی ئەودا هیچ شتێک بکەین، بەڵام ئەگەر نەبێت ئەوا هەموو شتەکان بەندن بە خۆمانەوە، بەلای کیریلۆڤیشەوە، هەروەکو نیتچە، کوشتنی خەواوەند واتە مرۆڤ خۆی بێت ، واتە ئەو ژیانە جاویدانە لە سەر زەوی بهێنێتە دی کە ئینجیل باسی دەکات.

* «هەموو شتێک باشە»و «هەموو شتێک رێگەپێدراوە»و «هیچ شتێک رقبزوێن نییە»، ئەمانە کۆمەڵێک حوکمی ئەبسێردییانەن.

* مرۆڤ لە پێناوی بەختەوەریدا، دەستبەرداری خواوەندێتیی خۆی دەبێت.

* کڵێسا بۆیە لەگەڵ بێباوەڕاندا بەزەبرو زەنگ بوو، چونکە لەو بڕوایەدا بوو کە هیچ دوژمنێک نییە، لە منالّی گومڕا خراپتر بێت.

* هیچ نهێنییەکی پەنهان لە داهێنانی مرۆییدا نییە، ئەوە ئیرادەیە کە ئەم پەرجووە ئەنجامدەدات.

* کە ئیرادەی مرۆیی، جگەلە پاراستنی هۆشیاری، هیچ ئامانجێکی تری نەبووە، بەڵام ئەمەش بەبێ دیسپلین نایەتە دی.

* داهێنان پێویستی بە کۆششی رۆژانــە، بەسەرخۆدا زاڵبوون،

خەملآندنی وردی سنورەکانی حەقیقەت، پێودانگ، هێز هەیە.

* کاتێ هاواری بەختەوەری، قایمتر دەبێت، دەشێ ماتومەولولی لەدڵی مرۆڤدا سەرهەڵبدات.

* هەندێجار هەستکردن بە پوچی لە بەختەوەرییەوە سەرهەڵدەدات.

*مرۆڤ زۆر حەز دەکات ئەو شتەی دەبێتە مایەی بەدبەختی، ناوی بنێت چارەنوس.

*مرۆڤ دەبێت خۆی بەو شتانەوە خەریک بکات، کە وای لێدەکەن هەست بکات بوونەوەرێکی زیندووە.

*ئەبسێرد لە ململانێی نێوان هۆشیاریی ئێمە بە مەرگ، هەروەها ئارەزومانەوە بۆ ژیان دێتە ئاراوە.

# تەرمی کامۆ دەگوازرێتەوە

کەیوان عومەر

دوای ئێپەڕبوونی پەنجا ساڵ بەسەر مردنی رۆماننوس و هەڵگری خەڵاتی نۆبڵ ئەلبێر کامۆ، سەرۆکی ئێستای فەرەنسا نیکۆلا سەرکۆزی دەیەوێت لەرێو رەسمێکی شایستەدا، تەرمەکەی بگوازێتەوە بۆ بانتیۆن گۆڕستانی (پیاوە گەورەکان) لە پاریس.

ئەلبێر کامۆ کە نزیکەی سی کتێبی جۆراوجۆری لە بوارەکانی رۆمان، دەقی شانۆیی، فیکر نوسیوەو چاپ و بڵاوکردۆتەوەو یەکەمین بەرهەمیشی رۆمانانی (الغریب – نامۆ) بووە، کە لە ساڵی (1942) چاپ و بڵاوکراوەتەوە، بۆ ئەوساتە ئەم رۆمانە پڕ فرۆشترین کتێبی گیرڤان بووە لە فەرنسا.

ئەلبێر کامۆ لەمانگی تشرینی دووەمـی ساڵی (1913) لە وڵاتی جەزائیرو لە ئامێزی لەخێزانێکی هەژار نشیندا لەدایکبووە، باوکی لە مانگی ئۆکتۆبەری ساڵی (1914) لە جەنگی جیهانی یەکەمدا کوژراوە، دایکی کە هیچ خوێندەوارییەکی نەبووە کاری پاکەرەوەی دەکرد، ئەم نوسەرە لە ساڵی (1957) خەڵاتی نۆبڵی پێ بەخشراوە لە (4)ی کانونی دووەمی ساڵی (1960) لە تەمەنی (46)ساڵیدا بەڕوداوی ئۆتۆمبێل گیانی لەدەستداوە، لە ئێستادا تەرمەکەی لەگۆڕستانی (لور ماران) لەناوچەی پرۆڤانس نێژاوە نیکۆلای سارکۆزی دەیەوێت لە بۆنەیەکی تایبەت و لەرێورەسمێکدا تەرمەکەی دوای پەنجا ساڵ بگوازرێتەوە، بۆ گۆڕستانی (بانتیون) ئارامگەی گەورە نوسەرانی وەک دکتۆر هۆگۆ، ژان ژانک، رۆسۆ، ئەمیل زۆلایا.

بەم بۆنەیەوە لە وتەیەکدا بۆ ئاژانسی فرانس پرێس کاترین کامۆی کچی رایگەیاند (ئەو دەیوت، دەیەوێت دەنگی ئەو کەسانەبێت، کەدەنگیان نییە، یاخود دەنگی چەوساوەکان بێت). جێگەی ئاماژەیە کە ئەلبێر کامۆ لەو کەسایەتیانە بووە، کە بەرگری لە ئازادیی گەلان و دادپەروەریی کۆمەڵایەتی کردووە و وەک نوسەرێکی وجودی ناسراوە.

لەساڵی (1942)دا کەلە شاری پاریس نیشتەجێ دەبێت، پەیوەندی دەکات بە رۆژنامەی (کومبا) کە رۆژنامەیەکی نهێنیی بەرگری خوازەکان بوو، لەو کاتانەدا سەرجەم ئەو سەروتارانەی دەنوسی کە لەو رۆژنامە نهێنییەدا بڵاودەبوونەوە هەر لەهەمان ساڵدا، جگەلە کاری سیاسی کتێبێکی ئەدەبی نوسی بەناونیشانی ئەفسانەی سیزیف.

شۆڕشی جەزائیرو دامرکاندنەوەی شۆڕشەکە کاریگەری دەروونی قوڵی لەسەر کامۆ بەجێهێشت، بەشێوەیەک کە ماوەی چەند ساڵێک بەتەنیا دەژیاو زۆر بەکەمی تێکەڵ بەکەسانی تر دەبوو، هەڵوێستی کامۆ بەرامبەر شۆڕشی جەزائیر کە بەوڵاتی یەک ملیۆن شەهید ناسراوە، ناکۆکی دەخاتە نێوان خۆی و ژان پۆڵ سارتەرەوە، کە پێشتر بەرگرییان لە شۆڕشی سۆسیالیزمی دەکرد، ئەم هەڵوێستەش بەئاشکرا لە کتێبی (الرجل المتمرد- پیاوە یاخییەکە) کە لەساڵی (1952) دەینوسێ و بڵاودەکرێتەوە ناکۆکییەکان زیاتر قوڵدەکاتەوە.

کامۆ بەر لەمردنی سەرقاڵی نوسینی رۆمانی (الرجل الاول- یەکەمین پیاو) دەبێت، کە کارێکە ژیاننامەی خۆی دەگێڕێتەوە، دواجار ئەم رۆمانە ساڵی (1994) چاپو بڵاوکرایەوە، بۆ چەندین زمان وەرگێڕدراوە.

**سەرچاوە:**

پاشکۆی ئەدەب و هونەری کوردستانی نوێ

# ئەلبێرت کامۆ: مرۆڤی یاخی

ریچارد کامبەر

لەفارسیەوە: ئەکرەمی میهرداد

مرۆڤی یاخی، چوار ساڵ دوای رۆمانی تاعون و لەساڵی 1951 بڵاوکرایەوە. لەدوای نامەی (میتافیزیکی مەسیحی و فەلسەفەی نیوئەفلاتۆنی) ئیدی کامۆ دەستی نەبرد بۆ نووسینی لێکۆڵینەوەی فەلسەفی لەسەر بنەمای شیکردنەوە مێژوویەکان. یەکێک لەو هۆکارانەی کە کامۆی هەژاند تائەم کتێبە بنووسێت. ئەو گۆڕان و رووداوانە بوون کە لەسیاسەتی جیهانیدا پەیدابوون. ئەو (هاوپەیمانیەی) نێوان بەریتانیا، فەڕەنسا و ئەمریکا لەگەڵ یەکێتی سۆڤیەتی کۆتایی جەنگی جیهانی دووەم، لەدەورانی دوای جەنگدا بەخێرایی بەرەو جەنگی ساردی نێوان بلۆکی سۆڤیەت و (هاوپەیمانی) فراوانتری رۆژئاوا ملی نا. مەستی سەرکەوتن بەسەر ئەڵمان و ژاپۆن زۆر بەخێرایی گۆڕا بەترس و هەراسانی لە جەنگی جیهانی سێیەم. بەبۆمبی ئەتۆمی و هێرشەکانی سۆڤیەت بەرەو خۆرئاوا. لەساڵی 1948 سۆڤیەت رێگاکانی بەرلینی خۆرئاوای بەست و کودەتای کۆمۆنیستی لە چیکۆسلۆفاکی سازدا. ئەمریکا بەهۆی پردی ئاسمانییەوە توانی داخرانی بەرلینی خۆرئاوا پوچەڵ بکاتەوە، بەهۆی پرۆژەی مارشاڵەوە هاوکاری زۆری گەیاندە ئەورووپای خۆرئاوا لە 1949 سۆڤیەت یەکەمین بۆمبی ئەتۆمی تاقیکردەوە، پیرۆزی سەرکەوتنی کۆمۆنیزمی بەسەر هێزە ناسیۆنالیستەکانی چین جەژن گرت. ئەمریکاش لەبەرامبەردا پەیمانی ناتۆی لەساڵی 1951 پێکهێنا. لەساڵی 1950 جەنگی سارد گۆڕا بۆ جەنگی گەرم و کۆریای باکووری کۆمۆنیست هێرشی بۆ کۆریای باشوور کرد. ئەمریکییەکان بەبێ دواکەوتن (لە ئامادەنەبوونی

سۆڤیەت) پشتیوانی لە ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان وەرگرت، هاوپەیمانان هێزەکانی کۆریای باکوریان لەکۆریای باشوور دەرکرد، هەتا سنورەکانی چین پاشەکشەیان کرد، هەر بۆیەش چینەکان جوڵان بۆئەوەی بچنە شەڕەوە. لە ئەمەریکا سەرەتای  جەنگی سارد بوو بەهۆی راگەیاندنی خەبات و سیاسەت لەدژی کۆمۆنیزم، داکۆکیکردنیش لەهەر سیاسەتێکی چەپی کردە کارێکی زۆر دژوار. لەفەرەنسا، سەرەتای جەنگی سارد بووە زەمینەو هۆکاری دەستەبەندی توندو دوژمنانە لەنێوان سیاسەت و ئایدیۆلۆژیەکاندا. لەساڵی 1951 لەهەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانی فەرەنسا (پەرلەمان) کورسییەکان ئاڕادەیەک یەکسان لەنێوان شەش حزبی سیاسیدا دابەشبوو.

سارتەر، دیبۆڤوار و زۆربەی هاوڕێیانیان لەبەرامبەر سەرمایەداری بلۆکی خۆرئاوا لایەنی کۆمۆنیستەکانیان گرت، هەرچەند ئەوان بێ هەواڵ و زانیاری نەبوون لە پاکتاوکردن، ئیعدامی سیاسی و ئۆردوگاکانی کاری زۆرەملێ لە سۆڤیەت، بەڵام دەیانوت خۆرئاوا ئەم شتانەی زیاد لەپێویست زلکردووە، پروپاگەندەی ئەوان وایکردووە کە توندڕەوی لەم کارانەدا دەربکەون و سەرەئەنجام باوەڕیان بەوەهێنا، کەمۆمنیزمی نێونەتەوەیی تەنها بزاڤێکە، کەبتوانێ داکۆکی لەبەرەژەوەندی کرێکاران و جوتیاران بکات لەسەرانسەری دونیادا. کامۆ نەیار بوو لەگەڵ سارتەر و دۆستانی بەبڕوای ئەو زۆرداریی مەرگباری رژێمە کۆمۆنیستیەکان شایانی پشتیوانی نەبوو، ئەو دەیوت لەنێوان دوو خراپەکارییدا، بلۆکی خۆرئاوا خراپەیەکی کەمترە. ئەو کە خۆی منداڵی خێزانێکی چینی کرێکار و ئەندامی جارانی پارتی کۆمۆنیست بوو، هەروەکو جاران پابەندبوو بەئامانجی دادپەروەریی کۆمەڵایەتی، بەڵام بڕوای بەوەش بوو کە کۆمەڵگە سەرەڕای دادی کۆمەڵایەتی دەبێت لە رێگای ئازادی کەسێتی و سیاسیشدا تێبکۆشێت. ئەو بێزاربوو لەوەی کە روناکبیرانی چینی ناوەڕاست (بورژوا) وەکو سارتەر و دۆستانی هانی چینی کرێکار دەدەن، کە ئازادییەکانیان بکەنە قوربانی پابەندبوونیان بە دیسپلینی حزبی کۆمۆنیست. ئەو بڕوای بەوە نەبوو کە رووناکبیرانی خێزانی دەوڵەمەند و خاوەن بڕوانامەکان، کە هەژاری و نەخوێندەوارییان بەگۆشت و پێست ئەزموون نەکردەوە، لە هەلومەرجێکدابن بتوانن داکۆکی لە کرێکاران و

هەژاران بکەن. لە زەمینەی ئابووریدا کامۆ چاوی لەسەندیکای کرێکارییە شۆڕشگێڕەکان بڕیبوو، کە ئیلهام بەخشن و لەسیاسەتیشدا لەجیاتی ناکۆکی خۆرهەڵات و خۆرئاوا، چاوی لەباکوور و باشوور بوو (وڵاتانی دەوڵەمەندو هەژار) زۆر سەخت لەژێر کاریگەریی ئاوێتەکردنی لیبرالیزمی سیاسی و سۆسیالیزمی ئابووریی وڵاتانی ئەسکەندەناڤیدا بوو، بەشانازییەوە داکۆکی دەکرد لەمیانڕەوی، خاکی بوون و ئاسانگیری ئەو تایبەتمەندییانەی، کە بەبڕوای خۆی ڕەنگدانەوەی رۆحی مەدیترانەییان بوو.

مرۆڤی یاخی سێسەدو چەند لاپەڕە بوو، کە بەشی هەرە زۆری دەربارەی پرس و زەمینەکانی یاخیبوون و شۆڕشی فکری و سیاسی بوو لەخۆرائاوا. من لەمبارەیەوە زۆر نانووسم و لە هەندێک لێکۆڵینەوەکانی دیـکەدا، بەتایبەتی نووسینی دێڤید سپرنیتزم بەناوی لێکۆڵینەوەی رەخنەگرانەوە دەربارەی کامۆ 1988 کورتەیەک لەمبارەوە نوسراوە، بەڵام خودی ئەم بابەتانە لەلێکۆڵینەوەکەی کامۆدا رۆشن و سەرنج راکێشن و ئاسانترە کامۆ لەم کتێبەدا وەکو بەرهەمەکانی دیکەی، وای بەباش زانیوە کەباسی پرسە دیاریکراو پەیوەندارەکان بکات نەک باس و لێکۆڵینەوەی لێکدابڕاو.

لە پێشەکی مرۆڤی یاخیدا کامۆ بە پەیگیری و وردبینی هەوڵی خۆیداوە، کە شێوە سازبوونی ئەخلاقی پوچی هەڵبسەنگێنێ و لەکۆتایدا شکستی خۆشی لەم هەوڵانەدا پەسەند بکات. بۆ ئەم شکستە باسی دوو بەڵگە دەکات: یەکەمیان ئەوەی کە ئەخلاقی پوچی لەزەمینەی کوشتندا بەناکۆکی دەگات. دووەم: ئەوەی کە ئەخلاقی پوچی ئەو پشتی بەستوەو بەزانینی هەستی پووچی و هەستی نائومێدی، کە تایبەتمەندی سەردەمی نێوان دوو جەنگی جیهانی بوو، نەک پرسێکی گشتی بێت بۆ هەموو مرۆڤایەتی.

ئەگەرچی کامۆ لەوەدا سەرکەتوو نەبوو، کە ناکۆکی لۆجیکی دەربارەی کوشتن نیشان بداث، بەڵام شێوەیەک نەسازانی دەروونی خستەڕوو لەنێوان هەوڵی مرۆڤی هیچباوەڕ بۆ سەلماندنی ژیانی خۆی، ئەو قەرزەی کەدەبێث بەرامبەر خەڵکی دیکە نیشانی بداث. ئەم نەسازانە لەم باوەڕەوەیە: لەلایەک، ئەخلاقی پووچی دەبێتە هۆی ئەوەی کوشتن ببێتە کارێکی گشتی.. ئەگەر هیچ شتێک هیچ مانایەکی نەبێث.. بۆیە هەموو شث دەکرێث و هیچ شتێکیش گرنگی نابێث... بکوژەکان نەلەسەر هەقن و نەتاوانبار (یاخی، ل5) بەڵام لەلایەکی دیکەش: ئاکامی کۆتایی لۆجیکی پوچی لە راستیدا رەوکردنەوەی خۆکوژییە و پەسەندکردنی رووبەرووبوونەوەی پرسیاری مرۆڤ و بێ وەڵامی جیهانە، بەڵام ئاشکرایە کە هیچ باوەڕان سەرەنجام بڕوا بەوە دەکەن، کە ژیانی مرۆیی تاکانە خێر و چاکەی پێویستە، چونکە تەنها ژیانە کە ئەم رووبەرووبوونەوەیە مەیسەر دەکاث . مرۆڤی یاخی ل6.

بەڵگەی دووەمـی کامۆ بۆ رەخنە لەئەخلاقی پووچی رەخنەیەکی دەرەکییە، ئەو دەیگوث زانینی هەستیاری بۆ پووچی و هەستی نائومێدی لەوەپەیدابوە، کە زانینی هەستیاری زۆر لەوە تایبەتی ترە لەوەی کە بونیادی گونجاوبێث بۆ ئەوەی رێساکانی کار فەراهەم بکاث، واتا ئەخلاقی پووچی پرسێکی کەسایەتیە نەک رێسایەکی گشتی. بۆیەش دەڵێث: ئەمانە بیرکردنەوەی روناکبیرانەی سەردەمێکی تایبەتین لە مێژووی ئەوروپا (تاوانی سەردەمێکی تەواوی مێژووی دەخوازێث، رێسای گشتی کارەکان لەسەر بنەمای هەستی نائومێدی پەیدا بێ یان بەیان بکرێث) ل9. جەنگی جیهانی یەکەم بووە هۆی سەرهەڵدانی سەردەمی نەفی  کە خۆکوژیی خستە میدانەوە. جەنگی جیهانی دووەم بەرەو سەردەمی ئایدیۆلۆژیاکان رۆیشث کە پرسی کوشتنی پێشنیازکرد. تەنانەث ئائەوکاتەی کە نازانین هەقمانە

کەسانی دیکە بکوژین یان نا، یان ئەوە پەسەندبکەین کە بهێڵین خەڵک بکوژرێت یان نا، هیچیان نازانین. مرۆڤی یاخی ل4 ئەوەی سەرسام و شایانی ئانەیە ئەوەیە کەکامۆ دیدگای ئاشکرای ئایبەتی و سەردەمیانەی پووچی دەخاتەلاوە، سەرئەنجام دەبێت خۆی گرفتاری چەمکی یاخیبوون بکات. راستە کە یاخیبوون بەپێچەوانەی پووچی وئەیەکی وەسفیە بۆ کاری مرۆیی، کە ماناو گرنگی فەلسەفی ئایبەتی نیە، بەڵام لەهەمانکاتدا هەم فراوانتر و هەم تەنگدامانتره لەوەی، کە بتوانێ خاڵی دەستپێکردن بێت بۆ پرسیارو گەڕانی ئەخلاقی. فراوانترە، چونکە هیچ بونیادێکی گشتی بۆ دادوەری لەوەی کە یاخیبوون راستە یان ئاوان بەرهەمدێنێت. ئەوەی کە یاخیبوون مافرەوا یان ئاوانبار دەکاتە ئامانج، بیانوەکان، ئاکنیک یان پەیامەکانن، نەک ئەوەی کە تەنها یاخیبوونە تەنگ مەوداترە، چونکە ئیرۆرو کوشتاری ئایدیۆلۆژیک بەهەمان شێوە کە لەلایەن دەسەڵاتێکی جێگیرەوە پەیدا دەبێت، دەتوانێ بەرهەمی جۆشی شۆڕشگێڕانەش بێت، هەروەها دیسان بۆیە کەم مەودایە، چونکە ناتوانێ کرانەوەیەکی فراوان بکات بۆ ئەوەی هەموو کەسایەتییە ئەدەبی و فەلسەفییەکان لەناو دڵی خۆیدا جێگا بکاتەوە، کە کامۆ لە مرۆڤی یاخیدا باسی کردوون. بۆچی کامۆ بەرەو چەمکی یاخیبوون ئاڕاستەی دا؟ لەوانەیە لەبەر سێ بەڵگە بێت یەکەم، ئەوەی کە دەیخواست شتێکی پۆزەتیڤ پەیدابکات و بپارێزێ بەرامبەر هەوڵی پێشبینی کۆلۆجیکی پووچی نەیتوانی وەڵام بە پرسی کوشتن بدات، بەڵام یاخیبوونی قارەمانی پووچ باوەڕی کردە خاڵی دەستپێکی پۆزەتیڤ. دووەم، کامۆ لە نهێلیزمی ئەخلاقی واتە ئەوەی، کە هیچ بەهایەکی ئەخلاقی بابەتی بوونی نییە رووی وەرگێڕا، بەبەشداریی لە سەرهەڵدانی بەرگریی فەڕەنسا پەیبر و بەگرنگی و کاریگەری هاوپشتی. ئەو بەئەزموون دەیزانی

کە یاخیبوون لەدژی ستەم مانای چییە. سێیەم، هاتەسەر ئەو باوەڕەی کە دەبێت ئاکامی گشتی چەمکی ئەخلاقی لەچوارچێوەی دراماتیکیدا بخاتەڕوو. ئەو ئەم وانەیە لە ژان گرۆنیەی مامۆستای فێربوو، بۆیە کتێبی مرۆڤی یاخییشی پێشکەش بە مامۆستاکەی کرد.

یاخیبوون چییە؟ لەبەشی یەکەمدا کامۆ یاخیبوون بەملنەدان بەهەژموون و بەڕاستزانینی بەها تازەکان پێناسە دەکات. ئەو کۆیلەیەی کە هەموو تەمەنی تەنها فەرمانی جێبەجێکردووە، لەپڕ بەو ئەنجامە دەگات کە چیدی ناتوانێ پەیڕەوی فەرمانەکان بکات. ل13 بەڵام پرسی یاخیبوون تەنها ئەمەنییە کە بخوازێ مل نەدات بەفەرمانە تازەکان، چونکە دەتوانێ ئەم کارە بەدرۆ یان فێڵ ئەنجام بدات. ئیدی ئەو لەخودی پەیڕەوکردنی فەرمان بێزارە و بەم یاخیبوونەش سنوورێک بۆ خۆی دادەنێت، کە نابێت لێی تێپەڕێت، ئەم سنووردانانە لەخودی خۆیدا بەهایەکی ئەخلاقی بنەماو هەق و مافێک بەرهەم دێنێت. کۆیلە بەم یاخیبوونە دەیەوێت بڵێت هەندێک کار هەن، کە تەنانەت کۆیلەکانیش ناتوانن پەسندی بکەن، یان لەوەش سەرەکیتر ئەوەیە کە خودی بەندایەتی ئاوانە و ئیدی مل بەکۆیلەبوون نادەین. ئەم بەها و بنەما و مافە ئەخلاقییە بونیاندێکە بۆ هاوپشتی لەگەڵ کەسانی دیکەش، چونکە ئەو کۆیلەیەی کە دەڵێت: نابێت فەرمان بەهیچ بەندەیەک بکرێت، کە واز لە ناڵەکانی بهێنێت. یا (نابێت هیچ مرۆڤێک کۆیلە بێت) ئامانجی هاوبەش لەگەڵ هەموو ئەوانەدا پەیدا دەکات کە لە رەوشی ئەودان، سەرەنجام ئامانجی هاوبەش لەگەڵ هەموو مرۆڤدا بەرهەمدێنێت. لەم مانایەدا یاخیبوون دەبێتە مانای هاوپشتی بۆ مرۆڤەکانی دیکە. رینیە دیکارت وتبوی (بیردەکەمەوە، بۆیە هەم) کامۆش وتی: یاخی دەبم، بۆیە هەم. ل22، بەڵام یاخیبوون کارێکی پڕمەترسیە، چونکە زۆربەی جار

سەرکوتکەران و ستەمکاران بەبێ بەرگری تەسلیم نابن، بۆیە دەبێت مرۆڤی یاخی لەنێوان کوشتن و کوژراوبووندا یەکێک هەڵبژێرێت، کوشتن نکۆڵی کردنە لە مرۆڤایەتیی هاوبەش، ئەگەر تەنانەت زۆردارێکیش بکوژرێت، مرۆڤی یاخی ئیدی ناتوانێ لە لۆژیکیدا داکۆکی لە چەمکی فریای مرۆڤایەتی بکات، واتە لەو شتەی کە لۆژیکی یاخیبوونیەتی ل281 کوژراوبوونیش مانای تەسلیمی ستەمکار بوونە. بەبڕوای کامۆ، ئەمەش پارادۆکسی بنەڕەتییە لە یاخیبووندا. یاخیەکان ئەگەر بگەڕێنەوە دواوە دەبێت مەرگ پەسند بکەن، ئەگەر بەرەوپێش بڕۆن دەبێت بکوژن. ل281 لەهەردوو بارەکەدا یاخیبوون پیس و لەکەدار دەبێت. یەکێک لە ڕێگاچارە سەرسام و نامۆکانی کامۆ ئەوەیە، کە ئەو یاخیانەی کە خەڵک دەکوژن دەبێت خۆیان ئامادەی مەرگ بکەن بۆئەوەی هاوپشتی مرۆیی خۆیان نەدۆڕێنن، کامۆ لە شانۆگەری « دادپــەروەران»ی ساڵی 1949 شاعیری شۆڕشگێر ئیڤان کالیایف دەکاتە روخساری ئەم بڕوایە.

لە بەشی دووەمدا»یاخیبوونی میتافیزیکی» کامۆ دەگەڕێنێتەوە بۆ ریشە ئایینیەکانی ئەندێشەی فەلسەفی. ئەو یاخیبوونی میتافیزیکی بە»بزاڤی نارەزایی مرۆڤ لە دژی ژیانی خۆی و لە دژی هەموو ئافران» پێناسە دەکات (ل26).کامۆ ئەگەرچی بە دڵنیایی دەڵێت: یاخیبوونی میتافیزیکی وەکو پرسێکی یەکگرتوو پێش کۆتایی سەدەی هەژدە رووینەداوە،بەڵام پێشڕەوانی تا کۆنترین سەردەمەکان، ئەفسانەی پرۆمسیۆس، دەباتەوە. لە ئەفسانەکانی یۆناندا، پرۆمسیۆس نیمچە خودا، ئاگر لە خودایانی ئۆڵۆمپ ئـەدزێ بۆ ئـەوەی گەرمی و رووناکی بدات بە مـرۆڤ. لە سزای ئەم یاخیبوون و هەڵگەڕانەوە لە خواستی بەخشین، زێوسی گەورەی خواوەندان ئەو لە قووڵترین شوێنی زەویدا زنجیر دەکات، بازێکیش هەموو رۆژ دێت

و لەنێک لە جگەری دەخواێ. رەوتی کامۆ لە سیسۆفۆس (سیزیف) بەرەو پرۆمسیۆس زۆر ماناداره: سیزیف لە پێناوی خۆیدا لە فەرمانی خودایان هەڵدەگەڕێتەوە، بەڵام پرۆمسیۆس لەپێناوی مرۆڤدا.

کامۆ لە مەسیحدا، لە گنۆسییە مەسیحیەکان و لە سانت ئۆگۆستینۆسی پیرۆزیشدا پێشڕەوانی یاخیبوونی میتافیزیکی دەبینێت، بـەڵام هەتا ئەو سەردەمەی کە مەسیحیەت بەسەر ئەندیشەی خۆرئاوادا زاڵبوو، ئەڵتەرناتیڤێکی دیکە بۆ یاخیبوونی میتافیزیکی دەخاتەڕوو: رزگار بوون لە رێگای رەنج و ئازادیی خواستراوی خودای بێ گوناه. دروست کە لە کۆتایی سەدەی هەژدەدا گومانەکان لە خوداییبوونی مەسیحیەت پەیدابوون، یاخیبوونی میتافیزیکی پایەی راستەقینەی خۆی بەدەستهێنا. لە ریزی یاخیانی میتافیزیکدا کامۆ باسی ئەمانە دەکات: مارکی دوساد،(شەیتان لە بەهەشتی وندا)ی میلتۆن، ئیڤان لە «برایانی کارامازۆف»ی دۆیستۆفیسکی، بۆدلێر، لۆترێ ئامون، رامبۆ، کەندرێ بریتۆن، فەیلەسوفانی ئەڵمانی ماکس شێرنەر و نیچە. کامۆ ناوەڕۆکی یاخیبوونی میتافیزیکی بە نارەزایی لە دژی خراپە و ئازاری نەسەلمێنراو دەناسێت. ئەگەر خودا نەخوازێ یان نەتوانێ خراپە و رەنج و ئازاری ناسەلمێنراو لەناو بباێ، سەرەنجام دەبێت ئەم ئەرکە بکەوێتە ئەستۆی مرۆڤ. بۆیە، کامۆ دەڵێت یاخیبوونی میتافیزیکی رێگا دەباتەوە سەر شۆڕش.

لە بەشی سێهەم»یاخیبوونی مێژوویی»کامۆ بەشیکردنەوە و لێکۆڵینەوەی پەیوەندی نێوان یاخیبوون و شۆڕش دەکات. دەڵێت»شۆڕش لێدانی دەرزی ئەندێشەیە بە ئەزموونی مێژوویی، ئێستاش یاخیبوون تەنها بزاڤێکە، کە لە ئەزمونەی تاکەوە بەرەو قەڵەمڕەوی ئەندێشە دەچێت»ل26. یاخیبوون بەهاکان، هاوپشتی و خواستی یەکبوون زیندوو دەکاتەوە، تا دەگاتە ئەوەی

که شۆڕش دەبێت جیهان وەکو وێنای شۆڕشگێڕان دروست بکاتەوە. مەرجی پێویست بۆ یاخیبوون یەکێتی یە، بەڵام مەرجی پێویستی شۆڕش وێکڕایی (تەمامیت)ە. وێڕای ئەوەی کە بەشی سێهەم نیوەی کتێبەکەی کامۆیە، بەم ژمارەی ئەو شۆڕشانەی لێکۆڵینەوەیان دەکات زۆر کەمن. ئەو لێکۆڵینەوەی بۆ شۆڕشی فەرەنسا (1789–1799، چالاکی شۆڕشگێڕانەی روسیا لە(1820–1916)،شۆڕشی بەلشەڤی(1917–1920) و نیوە شۆڕشە فاشیستیەکانی ئەڵمان و ئیتاڵیا کردووە، هەروەها بیروباوەڕەکانی هیگل، نیچە و بەتایبەتی مارکسی باسکردووە. کامۆ لە پاساوی ئەم هەڵبژاردن و لێکۆڵینەوانەدا لەوە دڵنیا دەبێت کە«رۆحی راستەقینەی یاخیبوون»پێویستی بە دوو مەرجە کە تەنها لە سەردەمی مۆدێرن(دوای 1750) لە کۆمەڵگای خۆرئاوادا پەیدابوون. مەرجی یەکەم، یەکسانیی تیۆری نێوان تاکەکانی خەڵک و مەرجی دووەمیش رەتکردنەوە یان رەخنەیە لە پرسی پیرۆز. لەسەر ئەم بنەمایە، کامۆ یاخیبوونی کۆیلەکان،رەعیەت، جوتیاران، نەتەوەپەرستان، ریفۆرمخوازانی ئایینی و شۆڕشەکانی دەرەوەی جیهانی خۆرئاوا، وەکو شۆڕشی ناتوندوتیژ و سەرسامیی گاندی لە هیندستان لە دوای جەنگی دووەمی جیهانی دەخاتە لاوە. ئەو نەیتوانی لێکۆڵینەوەش بۆ جەنگی ناوخۆی ئەمریکا بکات، تەنها بەشێوەیەکی ئاسان خۆی لەمە لاداوە و وتویەتی، کە «شۆڕشی 1789 ی فەرەنسا تەواوکردنی دەسکەوتەکانی شۆڕشی ئەمریکا و بەریتانیا بوو».

بۆچی کامۆ وایکرد؟ پێموایە هۆکاری سەرەکی لەبەر ئەوە بوو، کە جیهانی لە پشتی چاویلکەی«بڕوای مەسیحی»خۆی دەبینی و نائاشناش بوو بە مێژووی نەتەوەکانی دەرەوەی ئەوروپا، یان لەوانەیە لەبەرئەوە وایکردبێت کە زۆربەی نموونە و بۆچوونەکانی لەگەڵ پێشداوەرییە ئایدیۆلۆژییەکانی هیگڵدا سازبێت. هیگڵ فەیلەسوفێکی رەسەنی داهێنەربوو، کە لۆژیکی

دیالەکتیکی(تێز، ئەنتی تێز، سەنتێز) داهێنا بۆ ئەوەی بە هۆیەوە دوای ئەو بیروباوەڕانە بکەوێت، کە لە کەتوار دەکۆڵنەوە. هیگڵ کەتوار(واقیع) و مێژوو بەشێوەیەک دەپێچێنەوە، کە ساز بێت لەگەڵ بیروباوەڕەکانی، بۆ نموونە ئیسلام دەخاتە دەرەوەی مێژووی ئایین، چونکە لەدوای مەسیحیەت هاتووە و هەربۆیەش لە دەربڕینی دیالەکتیکی خۆیدا دەیخاتە دەرەوەی پێشکەوتنی رۆحی عەقڵ لە مێژووی فەرهەنگدا. ئیلهامدەری مارکس لە لێکۆڵینەوەی کاروانی دیالەکتیکی روو لە پێش مێژوو هەر هیگڵ بوو، ئەگەر چی کامۆ لە مرۆڤی یاخییدا هیگڵ بەسەختی دەخاتە بەر رەخنە، کە بڕوای وابوو هەموو گشتی بوونی مێژووی زانیوە، بەڵام لەوانەیە سەرنجی ئەوەی نەدابێت، کە شەیتانی لوتبەرزی هیگڵی لە شێوەی کار و گرنگیدان بە وردەکارییەکانیش لە مەیداندایە.

ئامانجی سەرەکیی هێرشی کامۆ لە مرۆڤی یاخیدا مارکسیزم و کۆمۆنیزمی روسی بوو. بە بڕوای ئەو، مارکسیزم نموونەیەکی زۆر ئاشکرایە لەوەی، کە چۆن عەقڵ کاتێک مەبەستی بێت وێکڕایی(تەمامیت) بەدەست بهێنێت، خۆشی نەفی دەکاتەوە. کۆمۆنیزمی سۆڤیەتی دیسان نموونەیەکی ترسناکە لەوەی، کە چۆن رۆحی کراوەی یاخیبوون دەتوانێ بەرەو مۆتەکەی تۆتالیتاری خۆی بگۆڕێت. کامۆ لەم زەمینەیەدا پەیگیرە و لە هەموو سەردەمێکدا رەخنەگری کاروانی کۆمۆنیزمی شورەوی بوو. بۆیە رەخنەش لە مارکس دەگرێت، چونکە مێژووی بە سیستمێکی داخراو ناوبردووە. مارکس مێژوو بە پێشکەوتنی ناچاری دەناسێت، کە لە کۆمۆنی سەرەتاییەوە بەرەو پێکهاتنی چینی ئابووری و جەنگی چینایەتی دەچێت، بەسەرکەوتنی چینی پرۆلیتاریا و هێنانەدی کۆمەڵگەی بێ چینی جیهانی خاوەنی تەکنەلۆژیای پێشکەوتوو بە ئاکام دەگات. کامۆ گاڵتەی بەم لێکۆڵینەوەیە دێت و بڕوای

بەوەیە، کە ئەمە هەوڵێکە بۆ سازدانەوەی دیدگای مەسیحی دەربارەی مێژوو، بەڵام بەشێوەی نائایینی و دەنووسێت: «ئەرکی پرۆلیتاریا ئەوەیە کە: بەدەست هێنانی شکۆی تەواوە لە زەلیلی تەواو، ئەمەش تەنها بە رەنج و خەیاتی خۆی، واتە هەمان مەسیحە لە باڵای مرۆڤدا»ل105. هەڵبەت گاڵتە ناتوانێت جێگای فەلسەفە بگرێتەوە، بەڵام کامۆ باسی زیاتری هەیە، رەخنەی ئەو بۆ مارکس سێ شێوەی سەرەکی هەیە.

یەکەمین رەخنەی کامۆ لە مارکس ئەوەیە، کە شێوازەکانی تێکەڵ دەکات، بە بڕوای کامۆ، مارکس لە لیکۆڵینەوەی زانستی بۆ شیکردنەوی کارکردی سەرمایەداری سوود لە لۆجیکی دیالەکتیکی بۆ رۆشنکردنەوەی مێژوو وەردەگرێت و ئەو پێشبینیە بەکاردەهێنێت، کە کۆتایی مێژوو دێت (سەرنج بدەن کە مەبەست لە کۆتایی مێژوو کۆتایی دابەشبوونی چینایەتیە، نەک ئاخێزیان) هەموو کێشەکان چارە دەبن. کامۆ دەڵێت: ئەگەر بەڕاستی مێژوو دیالەکتیکی یە، بۆیە دەبێت ئەم کاروانە دیالەکتیکی یە بەردەوام بکات، بەڵام مارکسی پێشبین و پەیامبەر ئەمە نەفی دەکاتەوە. کاتێک پێشبینیەکانی مارکس هەڵدەدەبن، مارکس و جێ نشینەکانی زیاتر و زیاترپێ دادەگرن لەسەر بەهەشتی سەرزەمینی بەڵێندراو.

رەخنەی دووەمی کامۆ لە مارکس، رەخنەیە لە دیترمینیزمی ئابووری، کامۆ دەڵێت:»دیترمینیزمی پەتی لە خودی خۆیدا وڕێنەیە»چونکە ئەگەر درۆ نەبوایە، تەنها یەک دەربڕینی پێویست پەسەند بوو بۆ ئەوەی، کە ئاکامێک بە ئاکامێکی دیکە بگەین و لە کۆتاییدا حەقیقەتی تەواو بەدەستبێنن، بەڵام ئەم زنجیرەیە لە ئەنجامەکان هەرگیز کەشف ناکرێن. ئەم بەڵگانەی کامۆ لاوازن، بەڵام جارێکی دیکە نیشانمان دەدات، کە ئەو لە ناسین و تێگەیشتنی پرسەکانی جەبر(ناچاری) و سەرپشکی(اختیار) بێتوانایە.

رەخنەی سێهەمی کامۆ لە مارکس، رەخنەیە لە ریاکاریی ئەخلاقیی

ئەو. مارکس لەلایەک ڕەخنە و گاڵتەی دێت بەو کەسانەی، کە دەخوازن لە جیاتی کەتواری ئـابـووری، بنەماکانی ئەخلاق بکەنە سەرمەشقی کاریان، لەلایەکی دیکەش کۆمەڵگای بێ چین دەکاتە ئەو ئامانجەی، کە پاساوی هەموو ئەو هۆکارانە دەدات بۆ هەرچی زووتر بەدیهێنانی. کامۆ دەڵێت: ئامانجی مێژوویی وەکو ئامانجی ئەخلاقی نیە، ئەگەر بخوازین کە تێپەڕبوونی ڕەوشێک یان هەلومەرجێک لە ئایندەدا خێراتر بکەین، پەیوەندی بەوەوەیە کە دەبێت ئەو هەلومەرجە باش بێت، ئەمەش پێویستی بە بنەمای بایەخانەی سەربەخۆیە. یەکسانی نێوان هاوڵاتیان لە کۆمەڵگای بێ چیندا نابێتە کارێکی باش، مەگەر ئەوەی کە یەکسانی لە خۆیدا پرسێکی باش بێت. دەنووسێت: «کۆتایی مێژوو بەهایەکی باڵا و تەواو نیە، بەڵکو بنەمایەکی دڵخوازی هەندێک کەسە، کە لە هەمانکاتدا مەترسیداریشە»ل224. کامۆ لەدوای مارکس بە لینین دەگات و ئەو لینین بە»فەیلەسوفێکی مایە پووچ»دەزانێت، کە گاڵتەی بە بنەمای ئەخلاقی دێ و تەنها بڕوای بە «شۆڕش و بەرژەوەندی»ە، ئەگەر چی باسی ستالین ناکات، بەڵام لە دەوڵەتی توتالیتاری دروستکراوی لینین و ستالین پەیگیرانە وێنای ناشیرین و خراپ باسدەکات، دڵنیامان دەکاتەوە کە ئەم دەوڵەتە پەیامەکەی تەنها کۆیلایەتی، ترس و هەژموونی جیهانییە. کامۆ بەتایبەتی بە زمانی زبر ڕەخنە لە ریاکاریی کۆمۆنیزمی شورەوی دەگرێت و دەنووسێت: «پەرجوی دیالەکتیکی هەر هەمان بڕیار و فەرمانە بۆ دیلکردنی ڕەهای ئازادی». ل243. لەم پرسەشدا هێندەی لە کۆمۆنیزم ڕەخنە دەگرێت ئەوەندە لە فاشیزم ڕەخنەگر نیە.»فاشیزم بە شوێن دەسەڵات و باڵایی جەللادەوەیە بەدەستی جەللادان، بەڵام کۆمۆنیزم بە دەسەڵات گەیاندنی جەللادە لەلایەن قوربانیانەوە»ل247. وێڕای ئەمانەش کامۆ کۆمۆنیزمی شورەوی زیاتر دەخاتە

بەر ڕەخنە و سەرزەنشتی دەکات، چونکە «دەیەوێت بەهێزی پۆلیس و دادگا رووکەشەکان و تەکفیزەکانی ئەوە بسەلمێنێت، کە هیچ مرۆڤایەتییەک بوونی نیە» .ل250. کۆمۆنیزمی مرۆڤ بە بەرهەمی هێزە ئابوورییەکانی دەزانێ و ئەو مامەڵەیە لەگەڵ مرۆڤدا کە ئیدی «سنوور، شایستەیی یان جوانیی هاوبەشی نێوان مرۆڤەکان»لە کۆمۆنیزمدا هیچ نرخێکی نیە.

ئەم ڕەخنەیە گرنگی تایبەتی هەیە، چونکە پێشەکیە بۆ پێشنیازەکانی کامۆ پشتیوانی لە ئەخلاق و ڕێگرتنیشە لەوەی، کە یاخیبوون بەرەو خراپە و زۆرداری بچێت. هەتا نیوەی دەیەی 1940، کامۆ بڕوای وابوو کە لە جیهانی بێ خودا یان لە نەبوونی سیستمێکی سەروو سروشت کە شایستەیی بدات بە بابەتی بوونی بەها ئەخلاقییەکان، ئەخلاق شتێک نیە مەگەر هەندێ بیروباوەڕ و بۆچوون نەبێت. ئەزموونەکانی ئەو لە سەرهەڵدانی بەرگری فەرەنسا کامۆی گەیاندە ڕەحنەگرتن لە دیدگای نێهلیستی و ڕێنمایی بەرەو بیروباوەڕی ئەخلاقی. لەکاتی نووسینی مرۆڤی یاخیدا بوو، کە خۆی تەرخانکرد بۆ ئەوەی هەل و ئەگەرە جیاوازەکان بۆ سەلماندنی دیدگای ئەخلاقی هەڵبسەنگێنێت. ئەو پاساوانەی کە کامۆ پێشنیازی دەکردن، ناتەواو و شایانی ڕەخنەن، بەڵام بیرکردنەوەی فەلسەفی هەنگاوێک بردە پێشەوە و بونیادێکی بەدەستهێنا بۆ پەیوەندیی نێوان بەها تایبەتەکان، کە هەمیشە کامۆ بە سەرسامی باسی دەکردن، لەگەڵ نەخشەکانی ئەو بۆ کاری سیاسی. ئەم پاساودانە لەسەر بیروڕای نوێی کامۆ بونیادنرابوون لە زەمینەی سروشتی مرۆڤ، پەیوەندی و هاوکارییدا.

کامۆ لە مرۆڤی یاخیدا دەڵێت: هەموو مرۆڤێکی خوازیاری ئازادی، شکۆ، جوانی و بەدەستهێنانی یەکێتی یە لە ژیانی خۆیدا، هەروەها دەڵێت کە ئەندازە، سنوور و میانڕەوی بنەما بونیادییەکانی سروشتی مرۆڤایەتی(مرۆڤ

بوونی مرۆڤن). هەر لەو کتێبەدا دەنووسێت: لە مێژوودا، هەروەکو دەروونناسی یاخیبوون پاندۆلێکی بێ نیزامە، کە لە کەوانەیەکی نارێکخراودا دەجووڵێنەوە، چونکە دەیەوێت بە راستترین و تەواوترین ریتم بجووڵێنەوە، بەڵام بێ نەزمی یاخیبوون رەها نیە: لە دەوری یەک تەوەر دەجولێت. یاخیبوون لە هەمانکاتدا کە نیشانەی سروشتی هاوبەشی نێوان مرۆڤەکانە، سنوور و ئەندازەیەکیش دەخاتە روو، کە سەرچاوەکەشی لە سروشتدایە». ل294، شێوەکانی ژیان و سیستمەکانی سیاسی لە مەحەک ئـەدەن و ئەزمونیان دەکەن، بەڵام ژمارەیەکی زۆر بچوکتری بەهاکان، کە مرۆڤ بە مرۆڤایەتی خۆی دەگەیەنێت، دەکاتە پرسێکی گرنگتر. کاتێک کە ئاکەکان – لە ژیانی تایبەتی یان لە سیاسەتدا– زۆر لەوە دوور دەکەونەوە کە بەشێکە لە پێویستییەکانی سروشتی هاوبەشی مرۆیی، لە ئاکامدا بەهرەکانی ژیانیش کەمتر دەکەنەوە. لە پێناوی ئەوەی کە بەهرەی ژیان زیاتر بکەین دەبێت ئازادی، شکۆ، جوانی و هەلەکانی ژیان(بەتایبەتی کاتی بێکاری) لە پێناوی یەکبووندا زیاتر بکەین، نەک رێگایان لێ بگرین.

کامۆ بۆ نیشاندانی پەیامە کۆمەڵایەتی و سیاسیەکانی ئەم دیدگایە، گرنگی دەدات بە پرسی پەیوەندی و هاوکاری و دەڵێت کلیلی رەفتاری ئەخلاقی»دووبارە ناساندنەوەی هەستی هاوبەشە بۆ چارەنووسی هاوبەش و پەیوەندیی مرۆڤەکان لەگەڵ یەک».ل283. لە راستیدا کامۆ ئەوە دڵنیا دەکاتەوە، کە هەر دامەزراوەیەک یان کارێک رێگر بێت لە تێگەیشتنی خەڵک لەیەک و رێگر بێت لە پەیوەندییەکان دەبێتە دژی ژیان. کامۆ، لەوانەیە بە هۆی پێشینەی رۆژنامەوانییەوە بووبێت، کە دڵنیایی زیاتر دەکاتە سەر ئازادیی دەربڕین، راستگۆیی، زمانی شەفاف. سەبارەت بە یەکسانی لە بەرامبەر یاسا، مافە مەدەنییەکان، کاتی زانراوی زیندان و نەهێشتنی سزای

مەرگ دڵنیامان دەکاتەوە. لە هەموو شت فراوانتر، رایدەگەیەنێ کۆمەڵگای وەفادار بۆ رۆحی یاخیبوون دەبێت دژایەتی بەندایەتی، درۆ و ترس بکات.

هەڵبەت کامۆ باسی ئەوەش دەکات، کە هیچ کۆمەڵگایەک ناتوانێ بە تەواوی خراپە لەناو بەرێت.»منداڵان تەنانەت لە کۆمەڵگا باشەکانیشدا هەر ناعادلانە دەمرن. مرۆڤ تەنانەت بە مەزنترین هەوڵیش تەنها دەتوانێ کەمکردنەوەی ژمارەی رەنج و ئازار لە جیهاندا بەدەست بهێنێت.»ل303. بۆیە دەبێت ئامادە بین بۆ خەبات لە دژی خراپە و زۆرداری ئەگەر نا ئەم خەباتە بە لە دەستدانی بێ گوناهیشمان بێت. سەرەنجام، سەردەمێک دێتە پێش کە تەنانەت راست بیروباوەڕترین یاخیش نەتوانێت نەکوژی یان هاوبەشی کوشتن نەبێت. لە ئاکامدا تەنها کارێک کە بکرێت ئەوەیە کە»هەوڵبدات هەل و ئەگەری کوشتن کەم بکاتەوە، سەرسەختانە زنجیرەکانی کوشتن کە بەندیانکردووە بەرەو رووناکی بکێشێت (واتە ئاشکرایان بکات)، ئەگەر سەرەنجام خۆشی بکوژێ، یان مەرگ پەسند بکات.»ل243.

ئەم پیشنیازەی کامۆ کە کوشتنی پاساودراو دەبێت بە خۆکوشتن هەقی بکرێتەوە، لەوانەیە نامۆترین ئەندێشە بێت لە مرۆڤی یاخیدا، بەڵام شایانی تێگەیشتنە. مرۆڤە ئەخلاقییەکان هەندێک جار خۆیان لە رەوشێکدا دەبینن کە دەبێت لە نێوان دوو خراپەدا، خراپەیەکی کەمتر هەڵببژێرن. بۆ نموونە ئەندامانی بزاڤی بەرخودانی فەڕەنسا، کە بە تەقاندنەوەی شەمەندەفەرەکان بەرامبەر نازییەکان دەجەنگان، هەندێک جار خەڵکی بێ تاوانیشیان دەکوشت، بەڵام ئەم پرسە لەوەدا شایانی تێگەیشتنە کە ئەو بزاڤانی شەمەندەفەرەکانیان دەتەقانەوە و سەرەڕای، کە کارێکی ئەخلاقییان لە دژی زۆرداری ئەنجامداوە، بەڵام مەرگی خەڵکی بێ گوناە هەستی گوناهبارییان کردووە. زۆربەی فەیلەسوفانی ئەخلاق لەنێوان هەستی

گوناهباری و گوناهکار بوون جیاوازی دەکەن، دەڵێن ئەگەر کاری راست بکەیت گوناهبار نیت، تەنانەت ئەگەر بەشێک لە ئاکامەکان کارەکەت هەستی گوناهی تێدا بێت.

بۆچی کامۆ ئەم جیاوازییەی پەسند نەکرد؟ بەبڕوای من لەبەر دوو بەڵگە. یەکەمیان ئەوەی کە کامۆ کاتێک بە پرسی ئەخلاقی کوشتن گەیشت لەنێوان دوو هەڵوێستی ئاکامگەرا و پێویستیناسانەدا گیری کردبوو. (ئاکامگەرایان راستی و دروستی هەر کارێک بەهۆی ئەنجامەکانی ئەو کارەوە دادوەری دەکەن، بەڵام پێویستیناسان بڕوایان وایە، کە هەندێک کار هەمیشە راستن یان هەمیشە هەڵەن). بەشێوەیەکی گشتی کامۆ ئاکامگەرابوو، بەڵام بێزاریی ئەو لە کوشتن هێندە بەهێز بوو، کە بەرەو ئەو بیروباوەڕە بچێت، کە کوشتن هەمیشە هەڵەیە. دووەم، بڕوا و خەریکبوونی کامۆ بە مەسیحیەت، وێڕای بێ مەیلی بڕوابوونی بە خودا یان ژیانی دوای مردن، وای لەو کردبوو کە پرسە تووندەکانی ئەخلاق لەسەر بنەمای ئامۆژگاری و کەفارەت و تۆبە بناسێت.

سەرچاوە: ریچارد کامبر، فلسفەی کامو، ترجمەی خشایار دیهیمی. انتشارات طرح نو،چاپ دوم 1378،ل ل 175–193.

## له بەرهەمە چاپكراوەكانی دەزگای ئایدیا

| | ناوی بەرهەم | نوسەر | وەرگێڕ | سا ڵی چاپ |
|---|---|---|---|---|
| 1 | ئاشنابوون بە ئەفلاتوون | | ڕێباز مستەفا | 2014 |
| 2 | ئاشنابوون بە سپینۆزا | | کۆمەڵێك نوسەر | 2014 |
| 3 | ئاشنابوون بە كیرگە گۆر | | شۆرش مستەفا | 2014 |
| 4 | ئاشنابوون بە شۆپنهاوەر | | کۆمەڵێك نوسەر | 2014 |
| 5 | ئاشنابوون بە كارل پۆپەر | | کۆمەڵێك نوسەر | 2014 |
| 6 | ئاشنابوون بە ئالان تۆرین | | کۆمەڵێك نوسەر | 2014 |
| 7 | ئاشنابوون بە سوقرات | | لوقمان رووف | 2014 |
| 8 | ئاشنابوون بە ئەرستۆ | | ڕێباز مستەفا | 2014 |
| 9 | ئاشنابوون بە قەشە ئاگۆستین | | سەرهەنگ عەبدولرەحمان | 2014 |
| 10 | ئاشنابوون بە جان جاك رۆسۆ | | کۆمەڵێك نوسەر | 2014 |
| 11 | ئاشنابوون بە دیڤد هیوم | | مستەفا زاهیدی | 2014 |
| 12 | ئاشنابوون بە نیچە | | کۆمەڵێك نوسەر | 2014 |
| 13 | ئاشنابوون بە فرۆید | | کۆمەڵێك نوسەر | 2014 |
| 14 | ئاشنابوون بە جۆن لۆك | | عەتا جەمالی | 2014 |
| 15 | ئاشنابوون بە لینین | | کۆمەڵێك نوسەر | 2014 |
| 16 | ئاشنابوون بە ئەریك فرۆم | | کۆمەڵێك نوسەر | 2014 |
| 17 | ئاشنابوون بە قوتابخانەی فرانكفۆرت | | عوسمان حەمە رەشید | 2014 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 18 | ئاشنابوون بە بزوتنەوەی فیمینیزم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 19 | بلیمەتی و  شێتی | بازگر | | 2014 |
| 20 | ئاشنابوون بە کریشنا مۆرتی | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 21 | ئاشنابوون بە سکیۆلاریزم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 22 | ئاشنابوون بە سیمۆن دیبۆڤوار | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 23 | ئاشنابوون بە ڤێرجینیا وۆلف | لوقمات رووف | | 2014 |
| 24 | ئاشنابوون بە یۆرگن هابرمانس | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 25 | ئاشنابوون بە درێدا | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 26 | مەکری ئیسلامییەکانی کوردستان | ماجد خەلیل | | 2013 |
| 27 | کتێبی سور | ماو تسی تۆنگ | فازل حسێن مەلا رەحیم | 2014 |
| 28 | سەیران بۆ سەرێکانی | ستران عەبدوڵلا | | 2014 |
| 29 | گەندەڵی | سابیر عەبدوڵلا کەریم | | 2014 |
| 30 | یوتۆپیا | کۆمەڵێك نوسەر | پێشەوا فەتاح | 2015 |
| 31 | لە قەندیلەوە بۆ کۆبانێ | ئەنوەر حسێن  شۆڕش مستەفا | | 2015 |
| 32 | پریسترۆیکای بەهاری عەرەبی | ئەنوەر حسێن (بازگر) | | 2015 |
| 33 | گەشتە بێ ئاکامەکانی سەرکردەیەك | بریتا بولەر | رێکەوت ئیسماعیل | 2015 |
| 34 | داعش و داعشناسی | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 35 | گروپی قەیرانی چارەسەری پرۆسەی ئاشتی نێوان تورکیا و پەکەکە | ماجید خەلیل | | 2015 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 36 | گۆڕینی رژێم و شۆڕشەکان ئەو روداوانەی سیستمی سەدەیەکیان سڕییەوە | سەجعان میلاد ئەلقزی | سابیر عەبدوڵڵا کەریم | 2015 |
| 37 | ئاشنابوون بە بێرکلی | ئەرسەلان حەسەن | | 2015 |
| 38 | ئاشنابوون بە باشلار | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 39 | ئاشنابوون بە دیکارت | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 40 | ئاشنابوون بە هایدگەر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 41 | ئاشنابوون بە جیل دۆڵۆز 1 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 42 | ئاشنابوون بە جیل دۆڵۆز 2 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 43 | ئاشنابوون بە هانا ئارێنت | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 44 | ئاشنابوون بە هیگڵ | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 45 | ئاشنابوون بە سارتەر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 46 | ئاشنابوون بە نیچە | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 47 | ئاشنابوون بە ڤۆڵتێر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 48 | ئاشنابوون بە سلاڤۆی ژیژەك | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 49 | ئاشنابوون بە مارکس 1 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 50 | ئاشنابوون بە مارکس 2 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 51 | ئاشنابوون بە مارکس 3 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 52 | ئاشنابوون بە مارکس 4 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 53 | ئاشنابوون بە مارکس 5 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 54 | ئاشنابوون بە مارکس 6 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 55 | ئاشنابوون بە مارکس 7 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 56 | ئاشنابوون بە مارکس 8 | جەلال حەمید | | 2015 |
| 57 | بۆچی مارکس لە سەرحەق بوو؟ | تێری ئیگڵتۆن | پێشڕەو محەمەد | 2015 |
| 58 | خەوتن لەگەڵ شەیتان | رۆبێرت بایەر | ئەرسەلان حەسەن | 2015 |